


چیرۆکە هیوابەخشەکان

ئامادەکردنی: نەسکەندەر ڕەحیم

Scanned with CamScanner

238 posts

19.2k followers

7 following

Promote

Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 لەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_







Scanned with CamScanner

پڕۆژەی خوێندنەوە بۆ هەموان
زنجیرە کتێبەکانی بریار (١٤)



چیرۆکێ هیوا بەخشکان

ئەسکەندەر ڕەحیم

٢٠١٦

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: چیرۆکە هیوابەخشەکان
ئامادەکردنو وەرگێڕانی: ئەسکەندەر ڕەحیم
دیزاین: گۆڤاری بڕیار
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٦
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی «١٠٦٤»ی ساڵی «٢٠١٦»ی پێدراوە.

مافی چاپو پەخشکردنی پارێزراوە

Scanned with CamScanner

به ناوی خودای میهربه‌خشی میهره‌بان

پێشه‌کی

خوێنه‌ری خۆشه‌ویشت، ئه‌م کتێبه‌ی له‌به‌رده‌ستدایه، به‌شێکه له‌و چیرۆکانه‌ی که هیواو بیرۆکه‌و وره‌به‌رزی به مرۆڤ ده‌به‌خشن‌و مرۆڤ له‌ناخه‌وه پەروەرده ده‌که‌ن!

بێم خۆشه له‌م پێشه‌کییه‌دا، هه‌ندێك سوودی چیرۆك بخه‌مه ڕوو..

چیرۆکه هیوابه‌خشه‌کان، هیوایه‌کی زۆر به هیوابه‌رزانو خوێنه‌ران ده‌به‌خشن، به‌جۆرێك له ناستی ناسته‌نگه‌کاندا، چۆك دانه‌ده‌نو هزروهۆشیان کراوه‌تر بێتو به چاوێکی دیکه، له ده‌روبه‌رو ژیان بڕوانن‌و به‌ڕووکه‌ش تێ نه‌که‌ون.

چیرۆك له گواستنه‌وه‌ی ماناو مه‌به‌ستدا، له ژماره‌و پێوانه باشتره.. چیرۆکو به‌سه‌رهاته‌کان، هۆکارێکن بۆ گۆڕانکاری گه‌شه‌پێدانی مرۆڤ، هه‌روه‌ك ده‌بینین زۆرێك له کتێبه ئاسمانییه‌کان پڕن له چیرۆك، ئاشناترینیان به ئێمه، قورئانی پیرۆزه، که سێبه‌کی چیرۆکه، گه‌ر جوان ڕابمێنین، ده‌بینین، گشتی چیرۆکو به‌سه‌رهاته؛ چونکه هه‌ر نایه‌تێك بگریت، هۆکارو به‌سه‌رهاتێك، له پشت دابه‌زینییه‌وه هه‌یه.

چیرۆکو به‌سه‌رهاته‌کان، سه‌رنجی خوێنه‌ر، یان بیسه‌ر ڕاده‌کێشن؛ تا به‌شداری بکاتو ئه‌و کاتو ساته‌ی ڕووداوه‌که‌ی تێدا ڕوو ده‌دات، بهێنێته پێش چاوی خۆی. چیرۆك ده‌رمانه بۆ خه‌وزڕاندنی ئه‌و به‌شداربووانه‌ی له کۆڕو وانه‌و وتارەکاندا دانیشتوون، ئه‌و کۆڕگیرو وانه‌بێژو وتاربێژانه‌ی که چیرۆك به‌کار ده‌هێنن، زیاتر بیرۆکه‌و بۆچوونه‌کانیان له دڵو ده‌رووحی به‌رامبه‌ردا ده‌چه‌سپێنن‌و حه‌ز به‌ردنگاربوونه‌وه‌ی نامادەبووانیش، کپ ده‌که‌نه‌وه.. هه‌ندێك ڕاستی تاڵ هه‌یه، سه‌رئه‌نجام که‌سانی به‌رامبه‌ر دلبرینداری ده‌که‌ن، له‌به‌رئه‌وه پەنا ده‌به‌ینه به‌ر چیرۆکو ده‌یکه‌ین به کاڵای باڵای ڕاستییه تاڵه‌کان.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

دەگێڕنەوە: کیژۆڵەیەکی نەخۆش و کەفتەی سەرجێ، کە لەتەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، درەختێك هەبوو، لە خوشکە گەورەکەی پرسی:

جەند گەڵا، بە درەختەکەوە ماوە؟؟

خوشکەکەی بە دڵی خەمگینو چاوی پڕ لە ئەسرینەوە، گوتی: نازیزی من بۆ دەپرسیت؟!

کیژۆڵە نەخۆشەکە گوتی: چونکە سوور دەزانم، لەگەڵ وەرینی دوایین گەڵای درەختەکەدا، ڕۆژانی ژینی منیش، دوایی دێت!

خوشکەکەی بەبزەیەکەوە، وەڵامی دایەوە: دەی کەواتە: تا ئەو کاتە، خۆشی لە ژیانمان دەبینینو ڕۆژانێکی خۆش بەسەر دەبەین!

ڕۆژەکان، یەك لە دوای یەك تێ دەپەڕینو گەڵاکانیش، یەك لە دوای یەك دەوەرین.. تا ئەو کاتەی تەنها گەڵایەك مایەوە.

کیژۆڵە نەخۆشەکە، بەردەوام چاودێریی گەڵاکەی دەکرد؛ چونکە وای بیر دەکردەوە، ئەو ڕۆژەی دوایین گەڵاکە دەوەرێت، نەخۆشینەکە، کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

پاییز برایەودو زستانیش بە دوایدا، سااێش تێپەڕی، گەڵاکە هەر نەوەری!


کیژۆڵەکەش، لەگەڵ خوشکەکەیدا، زۆر خۆشحاڵ بوو؛ چونکە وردە وردە، خەریك بوو چاك دەبوودوە.

هەرکە بەتەواوەتی چاك بوودودو لە جێگە هەستا، یەکسەر ڕۆیشت بۆ لای درەختەکە؛ تا بزانێت ڕازی نەوەرینی ئەو گەڵایە چییە؟!

دەبێت چیی دی بێت؟!

گەڵایەکی پلاستیکی، کە خوشکە گەورەکەی، بە درەختەکەوە، جێگیری کردبوو!

Scanned with CamScanner



مۆمی هیوا

ژووردکدا چوار مۆم هەبوون.. هێواش هێواش دەسووتان. بەچەشنێك خامۆشی
بانی بەسەر ژووردکەدا کێشابوو.. دەتتوانی وتوویژی نێوان مۆمەکانت ببیستایە..
مۆمی یەکەم گوتی: من ناشستیم.. لە هەموو بارودۆخێکدا هیچ کەس ناتوانێت
بارێزگاریم لێ بکات.. بە بەچوونی من، وا با شستره بنەوبارگەی خۆم ببێچمەوە؛

Scanned with CamScanner

چونکـه هۆیەك بۆ مانەوەم بە دی ناکـەم. ئیدی وردە وردە ڕووناکییەکەی کزکز بوو.. تا بەبەتەواوەتی کوژایەوە.

مۆمی دووەم هاتە گۆو گوتی: من بڕواو متمانەم.. هێشتا لە قسەکانی نەبووبەوە. کزمبایەك لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوەو بەتەواوەتی ڕووناکی لێ بڕی.

ئەو دەمەی نۆرەی ئاخاوتنی مۆمی سێیەم هات.. بەدڵتەنگییەکەوە گوتی: من خۆشەویستیم.. بەڵام ناتوانم بۆ هەمیشە بمێنمەوە.. چونکە کەسێك شك نابەم، بایەخ بە من بداتو خەڵکیش ڕێزوپێزو نرخو بەهای من لەبەر چاو ناگرنو کەسە نزیکەکانی خۆشیان فەرامۆش کردووە.. ئەویش ڕووناکی نەماو خامۆش بوو.

لە پڕێکدا منداڵێك هاتە ژوورەکەوەو تەماشـای سـێ مۆمـە کوژاوەکەی کردو گوتـی: بۆچی کوژاونەتەوە؟! خـۆ ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لێ دەکردن.. تا سـەر لەگەڵماندا بمێننەوە!

منداڵەکە ئەمەی گوتو لە بەر نەمانی ڕۆشـنایی سـێ مۆمەکە، دەسـتی بە گریان کرد.. لەم کاتەدا مۆمی چوارەم هاتەگۆو گوتی: ڕۆڵەگیان.. تا من هەبم، هیچ ترسێکت نەبێت.. لەبەرئەوەی دیسانەوە مۆمە کوژاوەکانمان پێ دادەگیرسێنرێتەوە.. من هیوام منداڵەکە - بە چاوە جوانەکانییەوە، کە لەبەر فرمێسکی قەتیسماوو هەڵوەریوی دەدەرەوشانەوە- مۆمی هیوای هەڵگرتو مۆمەکانی دیکەی هەڵگردەوە.

پێویستە تروسـکەی هیوا لە ژیانماندا.. هەردەم بدرەوشێتەوەو نەکوژێتەوە. چونکە بە هۆیەوە دەتوانرێت ئاشتیو باوەڕو خۆشەویستی ببپارێزرێت.

هیوا میهری خودایە، ئەگەر ئەو نەدەبوو.. نە دایك شیری بە شیرەخۆرە دەداو نە باخەوانیش نەمامی دەناشت.

وەك ڕۆژی ڕووناکیـش دیارە بێهیوایی، یاخود ڕەشـبینی.. گەورەترین گرفتو گیرۆدەییەو لە هیچ جەنگێکیشدا براوە نەبووە.

هەمیشە لەیادت بێت.. ژیان هیوایەو ئەو مۆمەشی مۆمێکی دیکە دادەگیرسێنێت. هیچ زیانێك ناکات.

Scanned with CamScanner



تافیگەی نەدیسۆن

لەسەردەمی پیریدا تۆماس ئەدیسۆن.. پاش دۆزینەوەی گلۆپ.. بە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا دەژمێردرا.. زۆربەی زۆری سامانەکەی.. لە تافیگەیەکی سازو لەباردا - کە باڵەخانەیەکی گەورەبوو- خەرج کرد...

هەر لەو کاتانەدا بوو.. نیوەشەوێکیان، فەرمانگەی ئاگرکوژاندنەوە، کۆرەکەی ئەدیسۆنی ئاگادار کردەوە.. کە تافیگەکەی باوکی، قرچەو کلپەی ئاگری لێ بەرز بووەتەوەو لە ڕاستیشدا هیچ کەس هیچی لەدەست نەهاتووە.. هەموو هەوڵی ئاگرکوژێنەکانیش لەوەدا قاڵبووەتەوە.. ڕێ لە تەشەنەسەندنی ئاگرەکە بگرن.. تا نە گاتە باڵەخانەکانی دیکە!

هەروەها داوایان لێ کرد.. ئەم بابەتە بەشێوەیەکی شیاو بەو پیرەمێردە ڕابگەیەنن.

کۆرەکەی بیرێکی کردەوەو لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەگەر باوکم ئەم هەواڵە ببیستێت.. ڕەنگە دڵی لە لێدان بکەوێت.

لەبەرئەوە وازی لە خەبەرکردنەوەی باوکی هێناو خۆی گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە.. هەرکە گەیشتە ئەوێ.. حەپەسا.. چونکە باوکی خۆی لەوێ بینی.. بەرامبەر باڵەخانەی تافیگەکەی.. لەسەر کورسییەك دانیشتووەو سەیری سووتانی

Scanned with CamScanner

بەری ڕەنجی هەموو تەمەنی خۆی دەکات!!!

کوڕەکەی بڕیاری دا.. نەچێتە لای باوکی و نازاری نەدات.. چونکە ئەو بە ناخۆشترین ساتەکانی ژینیدا تێ دەپەڕێت.

لە پڕ باوکە سەری سووڕاندو کوڕەی دی.. بە دەنگێکی بەرزو لێوانلێو لە خۆشی و شادی.. گوتی: کوڕەکەم تۆش لێرەیت؟ دەبینیت چەندە جوانە؟!! ڕەنگە جوانەکانی کڵپەو بڵیسەکان دەبینی؟!! زۆر سەرسوڕهێنەرە!!!

من بیرم بێت.. ئەو بڵیسە وەنەوشەییانە.. بەهۆی سووتانی گۆگرد لەگەڵ فسفۆڕدا بەدی هاتوون.. ئای خوایەگیان چەندە جوانە!!! خۆزگە دایکیشت لێرە دەبوو.. ئەم دیمەنە جوانەی دەدی. کەم کەس هەیە.. بە درێژایی تەمەنی.. بتوانێت دیمەنی ئاوەها جوان ببینێت! تۆ دەڵێیت چی ڕۆڵەگیان؟!!

کوڕە بە سەرسامییەکەوە وەڵامی دایەوە: بابە.. هەموو بەری ڕەنجی ژینت، لە ناگردا دەسووتێت.. کەچی باسی جوانی ڕەنگی بڵیسەکان دەکەیت!!! سا پێم بڵێ: چۆن دەتوانن ئاوا لەسەر کورسی لێی دابنیشن و دڵخۆشیش بن؟! من سەرجەم جەستەم هەڵدەلەرزێتو ئێوەش باکتان نییە؟!

نەدیسۆن گوتی: ڕۆڵەگیان.. خۆ ئێمە هیچ کارێکمان لەدەست نایەت.. ناگرکوژێنەکان هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتە گەڕ.. باشترین کاریش لەم ساتەدا.. چێژوەرگرتنە لەم دیمەنە جوانەی، کە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە...!

سەبارەت بە تاقیگەو دروستکردنەوەی، یاخود نوێکردنەوەشی.. سبەی بیرێکی لێ دەکەینەوە! ئێستە کاتی ئەم کارە نییە! سەیری بڵیسە جوانەکان بکە.. لەوانە نییە جارێکی دیکە ببینیتەوە!!!

تۆماس نەدیسۆن سالی دواتر.. سەر لە نوێ لە تاقیگە تازەکەیدا.. دەستی بەکار کردەوە.. هەر ئەوسالەش یەکێك لە گرنگترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی (نامێری ڕووداوە.. گرامافۆن (قەوان)ی داهێنا.

Scanned with CamScanner

...ی ئەو منداڵە هەزارەی کۆڵان بە کۆڵانو ماڵ بە ماڵ دەیگێڕا دەگرۆشتە تا خەرجیی خوێندنەکەی دەست بخات.. ڕۆژێکیان برسێتی تەنگی پێ هەڵچنی، دەستی کرد بە گیرفانەکانیدا تەنها دە سەنتی پێ بوو، لەبەرئەوە بڕیاری دا.. هەر کە بە یەکەم ماڵ گەیشت، داوای کەمەکێك خواردن بکات.. بەڵام کاتێك لە دەرگای یەکەم ماڵی دا، کچێك دەرگاکەی کردەوە، زۆر شەرمی کرد.. لە بری ئەوەی داوای ژەمە خۆراکێك بکات، داوای پەرداخێك ئاوی کرد.

کاتێکیش کچەکە ڕەنگی زەردو پەڕیوی برسێتی، لە ڕوخساری منداڵەکەدا بینی.. پەرداخێك شیری بۆ هێنا. ئەویش یەکسەر شیرەکەی نۆش کردو لە کچەکەی پرسی: ئای دەبێت چەندە قەرزداری تۆ بم؟! نازانم پاداشتی ئەم چاکەیەت چۆن بدەمەوە؟!

کچەکە وەڵامی دایەوە: تۆ هیچ شتێك بە من قەرزدار نیت.. چونکە دایکم فێری کردووم، لە بەرامبەر چاکەدا، هیچ نرخێك وەرنەگرین. منداڵەکە گوتی: کەواتە: لە کانگەی دڵەوە سوپاست دەکەم.. ئەو کاتەشی ماڵەکەی بەجێ هێشت.. هەر هەستی بە لەشی ساغ و تەندروستیی باش نەکرد.. وێڕای بڕواو متمانەی بە خوا، مرۆڤدۆستی



Scanned with CamScanner

زیادی کرد.. له کاتێکدا بێشتر هەستی بەستێو بێهوایی دای گرتبوو.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ، ئەو کچەی پەرداخە شیرەکەی دا بە منداڵەکە، تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار بوو. هەموو پزیشکەکانی ئەو ناوچەیە، لە چارەسەرکردنیدا دەستەوسان بوون.. بۆیە بە ناچاری ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاریان کرد.. لەوێ بۆ پشکنینی نەخۆشییە دەگمەنەکەی، پزیشکە شارەزاکانیان بانگ کرد.. دکتۆر (هیوارد کیلی)ش بۆ ڕاوێژکاری پزیشکی بانگهێشت کرابوو.. کاتێك ناوی ئەو شارەی نافرەتەکەی لێوە هاتبوو، بیست.. چاوی بە شێوەیەکی سەیر بریسکایەوەو دەستبەجێ هەستایە سەر پێو بە پۆشاکی پزیشکییەوە بەرەو ئەوەی خوارەوە ڕۆیشت؛ تا چاوی بە نەخۆشەکە بکەوێت.. هەرکە چاوی پێ کەوت، ناسییەوە.. دەرگای ژوورەکەی پێوە دایەوەو ڕووی کردە ژووری پزیشکەکان.. بڕیاری دا هەرچی لە توانایدا بێت، بیخاتە گەڕو هیچ دریغی نەکات.. تا ژینی ئەو نافرەتە ڕزگار بکات.. لەو ڕۆژەوە بایەخێکی تایبەتی بە بارى تەندروستی ئەو نافرەتە دا.

پاش کێشمەکێشێکی دوورودرێژ، ئەرکی پێڕاگەیشتن بەو نەخۆشە، بە باشترین شێوە، ئەنجام درا.. دکتۆر (هیوارد کیلی)ش داوای کرد.. پسوولەی خەرجیی نەخۆشەکە، بهێننە نووسینگەکەی خۆی.. تەماشایەکی کرد.. لە دامێنیدا شتێکی نووسیو ڕەوانەی ژووری نەخۆشەکەی کرد.. نافرەتە نەخۆشەکە نەیدەوێرا تەماشای پسوولەکە بکات.. چونکە دەیزانی، تاکۆتایی ژیانی، دەبێت نرخی ئەم پسوولەیە بداتەوە.. بەڵام لە کۆتاییدا تەماشای کرد.. ئەو شتەی لە دامێنی پسوولەکەدا نووسرابوو، سەرنجی ڕاکێشا.. ئەم وشانەی لێ خوێندەوە:

«ئەواوی خەرجییەکەت، لەبەرامبەر پەرداخە شیرێکدا دراوە»

واژۆ: دکتۆر هیوار کیلی

چاوەکانی لە فرمێسکی شادیدا سەر ڕێژیان کرد.. بە دڵێکی خۆشەوە ئەم وتانەی دەگوتەوە: خوایەگیان سوپاست دەکەم.. سوپاسی ئەو سۆزو خۆشەویستییە بێئەندازەو نەرمونیانییە گشتگیرو بەرفراوانەت دەکەم.. کە ڕژاندووتە ناو دڵو دەستی مرۆڤەکانەوە.

Scanned with CamScanner



میگایەکی میهرەبان!

دۆستێکم بۆی گێڕامەوە: لەم ماوەیەدا، لە چواررێانێکداو لە پاش گڵۆپی سووری ترافیکەکە، خەریکی تەلەفۆن کردن بووم، بەگوێی کەسی بەرامبەردا، هاتوهاوارم دەکردو پێم دەگوت: کارێکت پێ دەکەم، یا بە دەواری شڕی نەکردبێت، دەبێت بزانیت لەگەڵ کێدا تێکەوتوویتو لەگەڵ چ کەسێکدا، شانەخڕێ دەکەیتو مۆبایلەکەم بەسەریدا داخستەوە.

کیژۆلەیەکیش، کە چەپکە نێرگزێکی بەدەستەوە بوو، لەبەرنەوەی بەژنو بالای بە جامی نۆتۆمبێلەکە نەدەگەیشت، خۆی بەرز کردەوەو گوتی: کاکە، گوڵە نێرگز! کاکە، نەم چەپکە نێزگزە بگرە.. منیش کە لەوپەڕی پەستیو بێزاریدا بووم، خەریک بوو، هاوار بەسەر نەو کیژۆلە بێزارکەرەدا بکەم.. بەڵام نەو هەر دەستی هەڵنەگرتو هەر خۆی بەرز دەکردەوە، منیش جامی سەبرم سەررێژی کردو جامی نۆتۆمبێلەکەم دادایەوە، بەتووڕەییەوە گوتم: برۆ بەدوای کاری خۆتدا! من گوڵو نێرگز ناکڕمو نامەوێت.. بۆچی هێندە بێچاووڕوویت، شەرم ناکەیت، دەبێت منداڵانی ودکو تۆ،

Scanned with CamScanner

فیری نەوە بکرێن، کە نەچنە سەروەختی خەڵکی و بێزاریان نەکەن..

کیژۆڵەکە ترساو کەمێك کشایەوە، بەتووڕەبوونەکەی من، ڕەنگی شڵەژا. کە چاوم بە چاوەکانی کەوت، یەکسەر خەم دای گرتم! نەمزانی بۆچی یەکسەر زەقم بەسترا؟! هەڵبەت وەڵامی نەم پرسیاردم، پاش چەند چرکەیەك دەست کەوت.

کاتێك بێدەنگ بووم، دەستم لە پیشاندانی زەبری تووڕەیی خۆم هەڵگرت. کیژۆڵەکە بەترسەوە هاتە پێشو گوتی:

کاکەگیان، من نێرگز نافرۆشم! من بنێشت دەفرۆشم! نەو هاوڕێیەم دەبینی، کە لە شەقامەکەی بەرامبەر، گوڵ دەفرۆشێت، نەم چەپکە نێرگزەم لێ وەرگرتووە بۆ تۆ؛ تا هێندە دڵتەنگو بێتاقەت نەبیت! چونکە هەر لە دووردەوە، دیار بوو، تووڕەو نارەحەتیت، نەگەر تۆندو تووڕەبیت، دڵت نەخۆش دەکەوێتو وەکو باوکم، دەبێت بڕۆیت بۆ نەخۆشخانە.. منداڵەکانیشت وەکو من، داماوو هەڵوەدای شەقامەکان دەبن، خەریکە .....


ئیدی نەمزانی، نەو فریشتەناسایە چی گوت؟!

ئێستە لە هۆکاری بێدەنگبوونی لەبڕم گەیشتم!

زللەیەك، کە نەو کیژۆڵەیە، بە نیگا میهرەبانەکەی لە منی دا، هێزی قسەی لەبەر بڕیم! نەو بە گوتەکانی خەریکی پلیشانەوەی ورده فیزی بێنرخم بوو!

دەنگێکی پرسکاڵاش، لە ناخمەوە گوتی: هەی بچکۆلە، بەزەییت بێت! چونکە مرۆڤ، بۆ لێدانی یەك کەس، هەرچیی هێزی خۆی هەیە، بەگەڕ ناخات، بەڵام درێغی لە هێزو نەوای نەی قسەکردن ناکات! تا خۆم ئامادە کرد، شتێك بڵێم، کیژۆڵە فریشتەناساو بێفیزو گورجوگۆڵەکە، دوور کەوتەوە، تەنانەت بنێشتیشی پێ نەفرۆشتم!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

بەرگدروویەکی دنیادیدە، ویستی بەشێوازێکی تایبەت، کوڕمزاکەی فڕێ
پەندێکی هێجگار گەورە بکات.

بەرگدروومکە، لەسەروبەندی دروونی پۆشاکێکی نوێدا، مقەستە گرانبەهاکەی
بەدەستەوە گرتو دەستی بەبڕینی پارچە کوتاڵێکی درێژ کردو کردی بە چەند
پارچەیەکی بچووکەوە؛ بۆنەوەی دەست بکات بە دروونیانو پۆشاکێکی نوێیان لێ
دروست بکات.

هەرکە لە بڕینی کوتاڵەکە بوویەوە، مقەستە گرانبەهاکەی فڕێدایە سەر زەوی
کەوتە نزیک پێڵاوەکانی!

کوڕمزاکەشی، بەسەرسامییەوە، سەرنجی کارەکەی باپیرەی دەدا.. پاشان باپیرە
دەرزییەکەی هەڵگرتو دەستی کرد بە گۆکردنەوەی پارچە بڕاوەکان، تا پۆشاکێکی
ناوازەو نوێیان لێ دروست بکات. هەرکە باپیرە، پێکەوە پارچەکانی بە دەرزییەکە
دروویەوە، دەرزییەکەی چەقاند بە جەمەدانەکەی سەرییەوە.

کوڕمزاکەی حەزی زانین زۆری بۆهێناو خۆی پێ ڕانەگیراو لە باپیرەی پرسی:

باپیرەگیان، ئەوە بۆچی مقەستە گرانبەهاکەت فڕێ دایە بەر پێت، کەچی
دەزییە هەرزانبەهاکەت هەڵگرتو چەقاندت بە جەمەدانییەکەی سەرتەوە؟!

باپیرەی بەرگدروو گوتی:

کوڕمزای شیرینم، ئەو کارەم لەبەرئەوە کرد؛ چونکە ئەوە مقەستەکە بوو؛ ئەو
پارچە کوتاڵە گەورەو درێژەی بڕیو پارچە پارچەی کرد، بەڵام ئەوە دەرزییەکەبوو،
ئەو پارچە لێکدابڕاوانەی کۆ کردەوەو کردنی بە پۆشاکێکی جوان!

ڕۆڵەی شیرینم، پێویستە ڕێزی ئەو کەسە لەسەر سەرت دانەنێیت، کە هەوڵی
ناکۆکیو پەرتەوازەییو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیو برایەتی دەدات.. پلەوپۆستە
بەرزەکەی هەرچییەك بێت، دەبێت بە چاوی شکۆمەندییەوە لێی نەڕوانیت!

بەبێچەوانەشەوە، هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدا بە، کە هەوڵی هاوکۆکیو
پێکەوەبوونو تەبایيو برایەتی دەدەن!

Scanned with CamScanner



میری میهرەبان!

دەگێڕنەوە: لە شارێکی گەورەو بەرفراواندا، میرێکی میهرەبانو بەسۆز هەبوو، هەموو ژێردەستەکانی ڕێزیان لێ دەگرت، بێجگە لە هەژارێکی بێنانو بێحاڵ، کە خراپەگوتنو ناوزڕاندنی میری میهرەبانی، کردبوو بە پیشەی خۆی.. لە ئاست ئەم میرەدا، زمانی بە لای ڕاستیو چاکەدا نەدەگەڕا، تانەوتەشەری لێ دەدا، گەرچی میری میهرەبان، ئەمەی دەزانی، بەڵام لە ڕاست ئەم هەژارە نەدارەدا، نارامگریی هەڵبژاردو هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتە بەر، تا ئەو کاتەی ویستی سنوورێك بۆ بێڕێزییەکانی دابنێت. بۆ ئەم مەبەستە، لە شەوێکی ساردو کڕێوەی زستاندا، بە خزمەتکارەکەی خۆیدا، فەردەیەك ناردو پاکەتێك سابوونو قاڵبێك شەکری بۆ ڕەوانە کرد.

کاتێك خزمەتکارەکە گەیشتە بەردەرکی کابرا، لە دەرگای داو وەختێك خاوەنماڵ دەرکی ماڵی کردەوە، خزمەتکارەکە پێی گوت: جەنابی میر، وەك نیشانەیەك بۆ یادگاریو چاولێبوونو ڕەچاوکردنی بارودۆخی تۆ، ئەم دیاریانەی بۆت ناردووە.

Scanned with CamScanner

کابرای هەژار، هەستی بە خۆپەسەندی کردو بوغرایی سەرمەستی کردو زۆر بەخۆی سەرسام بوو؛ چونکە وای دانا؛ کە دەستودیارییەکانی میر، وەك ڕێزلێنانێکە بۆ ئەو.. بەو هۆیەوە، لەوپەڕی مەستیی فیزو خۆبەزلزانیندا، چوو بۆ لای یەکێك لە هاوڕێکانیو باسوخواسی کردەوەو دەستودیاریی میری بۆ گێڕایەوە، پاشان گوتی؛

نابینیت؛ چۆن جەنابی میر، هەموو کارێك دەکات؛ بۆئەوەی ڕەزامەندیی من بەدەست بهێنێت؟!

هاوڕێیەکەشی پێی گوت؛

میری میهرەبان، چەندە ژیرو دانایە! تۆش چەندە کەم زیرەکو لێزانیت!

جەنابی میر، بە هیماو نیشان قسە دەکات؛ چونکە..


ناردەکە بۆ گەدەی چۆڵوهۆڵی تۆیە..

سابوونەکەش بۆ نیازی پیسوپۆخڵی تۆیە..

شەکرەکەش، بۆ شیرینکردنی زمانی تفتوتاڵی تۆیە!

کابرای هەژار، تەریقی دای گرتو لەو ڕۆژە بە دواوە، زمانی لە ناستی میردا، بەخراپ نەگەڕاند.

Scanned with CamScanner



چۆن ئامانجەکەت دیاری دەکەیت؟!

دەگێڕنەوە: کەسێك، سەر لەبەیانی هەموو ڕۆژێك، لە ماڵ دەچوویە دەر، بەپیادەیی بە گوێ چەمی ناوچەکەی خۆیدا، ملی ڕێی دەگرتە بەر، تا دەگەیشتە ناوچەکەی هاوسێیان، کە کاری تێدا دەکرد. ئیدی ئەمە پیشەی هەمە ڕۆژەی بوو، بە قەراغی ڕووبارەکەدا بەرەو ناوەدانییەکەی هاوسێیان دەڕۆیشت، هەتا جارێکیان مامۆستایەکی دانا لێی پرسی: ئەمە چییە؟ بۆچی لەم دنیایەدا دەژیت؟ لێرەدا کاکی پیادە، چاوی لە چاوی مامۆستا ژیرو داناکە بڕی، وەك بڵێی ئەمە یەکەم جارە، لە ژیانیدا بیر لەم پرسیارە بکاتەوە. کاکی پیادە، چاوی ژیریی خۆی بە هەمبانەی هزروهۆشو دڵودەروونی خۆیدا گێڕا، تا بە ئەنجامێك بگات.. بەڵام یەك وەڵامی شك بردو بە مامۆستای دانای گوت: دەمەوێت باشتر ببم.. لێرە مامۆستا

Scanned with CamScanner

ڕای گرتو گوتی: سەرکەوتن لەگەڵ باشتردا پێك نایەتەوە.. کاکی پیادەڕەو گوتی بەڵام... مامۆستا گوتی: بەڵام چیبە؟ نەرێ جیرۆکی کورسییەکانت بیستووە؟ گوتی نا. مامۆستا گوتی: گریمان تۆ بۆ خولێکی ڕاهێنان کە لە هۆڵێکی سەد کورسیدا بانگهێشت کراویتو پێت گوتراوە کە کورسی ژمارە ٦٩، تایبەتە بە تۆ. ئایا لەسەر کورسییەکی دیکە دادەنیشیت؟ گوتی: نا. مامۆستای دانا پێی گوت: گەر پێت گوترا کە کورسییەکان ژمارەی نەبێنییان هەیەو ژمارەکان تەنها بۆ ڕێکخەرانی خولەکە دەردەکەون، ئایا بەناسانی کورسییەکەت دەدۆزیتەوە؟ دیسان گوتی: نا. مامۆستای ژیرو دانا پێی گوت: ئەی ئەگەر پێت گوترا: کورسییەکان بێسەروبەر ڕێك خراونو جگە لە ژمارەی نەبێنی، ژمارەی دیکەیان لەسەر نییە.. ئایا ڕێژەی سەرکەوتنت لە گەیشتن بە ئامانجەکەت چەندە؟ کاکی پیادە، پاش بیرکردنەوەیەکی درێژ گوتی: ڕێژەی سەرکەوتنم، نزیکەی لە سەدا یەکە. مامۆستای ژیر گوتی: باشە. پاشان لێی پرسی: گەر کورسییەکان بەجوانی ڕیز کرابنو ژمارەشیان بەناشکرا لێدرا بێت. ئایا ڕێژەی سەرکەوتنت لە گەیشتن بە ئامانجەکەت چەندە؟ گوتی: لە سەدا سەد. مامۆستای دانا گوتی: باشە. گەر پێت گوترا کورسییەکانی ژمارە ٦٠ تا ٧٠ ڕەنگیان سەوزە. ئایا ڕێژەی سەرکەوتنت لە گەیشتن بە ئامانجەکەت چەندە؟ گوتی: لە سەدا سەد. مامۆستای ژیر پێی گوت: باشە چی دەڵێیت گەر پێت گوترا تەنها کورسیی ژمارە ٦٩، ڕەنگی سەوزە؟ گوتی: لەم کاتەدا گوێ بە ژمارە نادەمو یەکسەر دەڕۆم بەرەو کورسییەکە. مامۆستای ژیرو هۆشیار گوتی: نا ئەمە تەواوە.. لەم ژیانەشدا گەیشتن بە مەبەستو نامانج، پێویستی بە دیاریکردنێك هەیە، تا یارمەتیت بدات بەخێرایی پێی بگەیت.. هەر لەبەرئەوە گەرچی دیاریکردنی نامانجەکەشت، زۆری پێی بچێت. بەڵام ئەم زۆرپێچوونە، یارمەتیت دەدات، لە ماوەیەکی کورتدا بگەیت بەو سەرکەوتنەی دڵخوازی خۆتە. لێرەدا کابرای پیادەڕەوی هەمەڕۆژە، بەناگا هاتەوەو زانی ئەو کاتە سەرکەوتن دەبێت بە بەشی، کە ئامانجەکەی دیاری کردبێت. ئیدی دەستی کرد بە دەستنیشانکردنی ئامانجەکەی، دەسا ئامانجەکەی تۆ چیبە؟



Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner


جووتیارێـك، كوڕێكی بچكۆلـەی هەبوو، ئەم كوڕە، هـەر ئۆتۆمبێلێكی دەدی بەخێرایی بەدوایدا ڕایدەكرد، هەوڵی دەدا، پێی بگاتەوەو پێشبڕكێی لەگەڵدا بكات. ڕۆژێكیان لە جووتیارەكەیان پرسـی: ئایا وا گومان دەبەیت، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئەم كوڕەت بە ئۆتۆمبێل بگاتەوە؟

بەسەرسامییەكەوە جووتیارەكە وەڵامی دایەوە: ئەوە بۆ من گرنگ نییە، بەڵكو ئەوەی هەمیشـە هزروهۆشـی داگیركردووم، ئەوەیە: ئەم كوڕەی من چی دەكات. ئەگـەر بەو ئۆتۆمبیلەی بە دوایدا ڕادەكات، بگاتەوە؟ ئایا لەم ڕاكردنە بەردەوامە، ج ئامانجێكی هەیە؟!

زۆرێكیش لە ئێمە، لەو كوڕە بچكۆلەی جووتیارەكە دەچین، كە بەبێ سـوودو ئامانج، بەدوای ئۆتۆمبێلدا هەڵەداوانی بوو؛ چونكە كەسـانێك كە بەم چەشـنەن، دادەبەزنە سـەر تەختەی شـانۆی ژیانو خۆیان دەخەنە ناو مەترسییەكانییەوەو چـی لە هێزو زەینیاندا بێت، بێئەوەی هیـچ كەڵكێكی هەبێت- بەگەڕی دەخەن. هەر كە لە كۆتایی ڕێگەشدا ڕادەوەستن، دەبینی لە خۆیان دەپرسن: مەبەست لەم هەموو كردوكۆششەی بەخەرجمان دا، چی بوو؟

وەڵامێك كە كوڵی دڵ دابمركێنێت، نادەنەوە. سـا لەبەرئەوە، پێویسـتە هەموو كەسـێك، بیر لـە ئایندەی خۆی بكاتـەوە، ئامانجەكەی دیاری بـكاتو بەرلەوەی بگەوێتە سەر ڕێ، ئامانجەكەی هەردەم لەبەرچاوی خۆی دابنێت.

Scanned with CamScanner



سێ خەڵاتی نایاب!!!

لە ویلایەتی تەکساسی ئەمریکا، یەکێك لە بازرگانە هەرەمەوڵەمەندەکانی ئەو ویلایەتە، هەستا بە سازکردنی ئاهەنگێکی شەوانە لە (فێلا) گەورەکەی خۆیداو دەیان کەسی بانگهێشت کرد، جەختیشی لەسەر هاتنی ئەو گەنجانە کردبووەوە، کە وەختی ژنهێنانیانەو هێشتا هاوسەرگیرییان نەکردووە، لە کاتێکدا ئەو شەوە بەخۆشیو سەلامەتییەوە ڕادەبوریو هیچ کەس لە میوانەکانیش هەستیان بە پەستیو بێزاری نەدەکرد، میواندۆستە دەوڵەمەندەکە بانگی هەموانی کرد، تا

Scanned with CamScanner

لەگەڵ خۆیدا بێنێ لە دەوری ئەو حەوزی مەلەیەدا کۆببنەوە، کە بڕی کردبوو لە ماری ژەهراوی تیمساح. پاشان هەموان هاتنو دەوڵەمەندەکە، ڕووی قسەی لەو گەنجانە کرد، کە هێشتا ژنیان نەهێناوەو گوتی: هەرکەسێکتان بتوانێت، نەم حەوزە پڕ لە ماری ژەهراوی تیمساحە، لەمبەرییەوە بۆ ئەو بەری، بەمەلە ببڕێت؛ ئەوا سێ خەڵاتی نایابی پڕبایەخ چاوەڕێی دەکات. براوەش سەرپشکە لەوەی کام خەڵاتەیان هەڵدەبژێرێت. خەڵاتەکانیش ئەمانەن:

١. یەك ملیۆن دۆلار.

٢. پارچەیەك زەوی چوار هەزار مەتری، لە هەر جێگەیەك براوە بەدڵییەتی.

٣. هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کچەکەمدا.

هەر کە کابرای دەوڵەمەند، لە قسەکانی بوویەوە، یەکسەر هەموان دەنگێکی بەرزی پڕ لە شڵەپیان، لە حەوزی مەلەکەوە بەرگوێ کەوت.. پاشان لە پڕدا لە بەرەکەی دیکەی حەوزی مەلەکەدا، کوڕێکی بەگوڕ دەرکەوت.. هێندە بە خێرایی ئەو ماوەیەی بڕی، ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانی وەهای تۆمار کرد، کەس نەیدەتوانی بیشکێنێت.

لە کاتێکدا گەنجەکە، ئاو لە جەستەو پۆشاکە کەشخەکانییەوە دەکەوتە خوار، بازرگانە دەوڵەمەندەکە بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە، بەرەو ئەو گەنجە براوەیە ڕۆیشتو پێی گوت: من پیرۆزباییت لێ دەکەم، هیوای سەرکەوتنو دواڕۆژێکی پرشنگدارت بۆ دەخوازم؛ چونکە لەناو ئەم هەموو گەنجەدا، هەر تۆ توانیت، بەناو ئەم حەوزە پڕ لە ماری ژەهراوی و تیمساحە مرۆڤخۆرانەدا تێپەڕیت. هەر لەبەرئەوە، من لەسەر بەڵێنی خۆم سوورم.

پاشان لەبارەی ئەو خەڵاتەی هەڵی دەبژێرێت لێی پرسی:

ئایا خەڵاتی یەك ملیۆن دۆلارەکەت دەوێت؟

گەنجەکە وتی: نەخێر..

پاشان لێی پرسی: ئایا ئەو زەویەت دەوێت، کە ڕووبەرەکەی ٤٠٠٠ مەتر دووجایە؟



Scanned with CamScanner

دیسانەوە وەڵامی گەنجەکە «نەخێر» بوو..

ئیدی میواندۆستی دەوڵەمەند گوتی، کەواتە، دەتەوێت لەگەڵ کچە جوانو نازدارەکەمدا هاوسەرگیری بکەیت؟

گەنجەکە بۆ جاری سێیەم «نەخێر»ی دووبارە کردەوە.

نەوسا کابرای دەوڵەمەند، جامیی تووڕەبوونی سەرپۆژی کردو گوتی،

کە وابێت، تۆ چیت دەوێت؟!

گەنجەکە بۆنەوەی ناگری تووڕەبوونی کابرای میواندۆست دابمرکێنێتەوە، بەپەلە وەڵامی دایەوەو گوتی،

دەمەوێت بەس بزانم.. ئەو کەسە کێ بوو، پاڵی پێوەنام بۆ ناو ئەم حەوزە پڕ لە ماری ژەهراوی و تیمساحە مرۆڤخۆرانە!!!

ئەم بەسەرهاتە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ترس هەندێجار هانی مرۆڤ دەدات، لەبەر گیانی شیرینی خۆی، بەسەر هەموو ئاستەنگو بەربەستەکانی ڕێگەدا زاڵ ببێت. لە کاتێکدا بەرلەوەی بچێتە ناو بارودۆخەکەوە، دەستەواژەی «ناتوانم، بۆ من دەست نادات، لە من ناوەشێتەوەو نابێتو ناگونجێت، شتی وانەستەمە» دەرخواردی هزروهۆشی دەدات. وەلێ کە چووە ناو بارودۆخەکەوە، چی هێزو وزەی هەیە، بەگەڕی دەخاتو سەرکەوتووش دەبێت، بەڵام ئەو گەنجە لەبەرئەوەی ئامانجی بەدەستهێنانی خەڵات نەبوو، بەڵکو ئامانجی، هەر ڕزگارکردنی گیانی خۆی بوو، بیری لە خەڵات نەکردەوە. هەر چەندە گەنجەکە دەیتوانی، هەم گیانی خۆی ڕزگار بکات، هەم خەڵاتیش بەدەست بهێنێت!

هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانج، یان خەڵاتی گەورە، تێکۆشانو چاوقایمیو ماندووبوونی گەورە، پێویستە. هەروەك لە گوتەکانی پیرەمێردەوە — بە ڕەحمەت بێت- ئەوە هەڵدەگوزین: ئیش بەبێ ئێش نابێت. هەمدیس وەك پەندە کوردییەکە دەڵێت: تا ڕەنج نەکێشیت، گەنج نانۆشیت.

Scanned with CamScanner

مامۆستایەکی زانکۆ لە بەشی کارگێڕی، هەستا بە وتنەوەی وانەیەک لەبارەی بایەخی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی کات.

لەو وانەیەدا مامۆستا نموونەیەکی زیندووی لەبەردەم فێرخوازەکاندا خستە ڕوو؛ تاوەکو مەبەستو بیرۆکەکەیان تێ بگەیەنێت.

نموونەکە تاقیکردنەوەیەکی کورت بوو؛ مامۆستاکە شووشەیەکی گەورەی لەسەر مێزەکە دانا، پاشان کۆمەڵێك بەردی گەورەی هێنا، بەوردیی و زۆر بەوریاییەوە، دانە دانەو یەك لەدوای یەك، بەردە گەورەکانی خستە ناو شووشەکەوە، کاتێك شووشەکە پڕ بوو، لە فێرخوازەکانی پرسی؛ ئایا شووشەکە پڕ بووە؟ بچین هەڵی بڕێژین؟

هەندێك لە فێرخوازەکان وتیان؛ بەڵێ.

مامۆستا؛ دڵنیان کە شووشەکە پڕ بووە؟

پاشان کیسێکی پڕ لە زیخو چەوی لە ژێر مێزەکەدا دەرهێناو ڕۆی کردە نێو شووشەکە؛ هەتا ئەو کەڵێنو بۆشاییانەی کە لە نێوان بەردە گەورەکاندا هەبوون، پڕ بوونەوە..



Scanned with CamScanner

نەم جارەش پرسیاری لێکردن، ئایا شووشەکە پڕ بووە؟

یەکێکیان وەڵامی دایەوە، ڕێی تێدەچێت پڕ نەبووبێت!

مامۆستاکە وەڵامی فێرخوازەکەی لابەسەند بوو، باشتر کێشێك لەی هێناو ڕشتییە ناو شووشەکەوە، تا گشت کۆنو کەلەبەرەکانی نێوان بەردەکانو چەوەکان پڕ بوونەوە...

دیسان جارێکی تر پرسی، ئایا ئێستا شووشەکە پڕ بووە؟

هەموو فێرخوازەکان، بە «نەخێر» وەڵامیان دایەوە.

دواتر مامۆستاکە جامێکی پڕ لە ئاوی هێناو کردییە ناو شووشەکەوە، تا لێوانلێو بوو، پاشان پرسی، بە بۆچوونی ئێوە، مەبەست لەم تاقیکردنەوەیە چییە؟

فێرخوازێك بە گەرموگوڕییەوە گوتی، مەبەست لەم تاقیکردنەوەیە، نەوەیە، هەر چەندە خشتەی کاری هەر کەسێك پڕ لە ئیشو کارێت، ئەوا لە توانایدا هەیە، کاری زۆر تر بکات.

مامۆستاکە گوتی، ڕاستت فەرموو، بەڵام نەوە هۆکاری سەرەکی نییە... نەم نموونەیە نەوەمان فێر دەکات، نەگەر یەکەمجار بەردە گەورەکان دانەنێین، ئیدی هەرگیز ناتوانین دایان بنێین.

پاشان وتی، هەندێك دەپرسن کە بەردە گەورەکان چیو کامانەن؟ لات ڕوون بێت نەوە نامانجی تۆیە لەم ژیانەدا، یان پرۆژەیەکە دەتەوێت بەدیی بهێنیت، وەك خوێندنت، هیواو نومێدەکانت، خۆشی خستنە نێو دڵی نەوانەی خۆشت دەوێن، یان هەر شتێك لە ژیانی تۆدا، کە بەبایەخو بەنرخە.

بۆیە هەمیشە لە یادت بێت، کە یەکەم جار بەردە گەورەکان دابنێیت.. نەگینا هەرگیز پێت ناکرێت، دایان بنێیتەوە...

جا خوێنەری خۆشەویست، نەمڕۆ، یان سبەی.. زوو لە خۆت بپرسە، بەردەگەورەکانی ژیانت کامانەن؟

لە ئێستاوە دایان بنێ، پاشان شووشەکەت پڕ لەو کارانەی دیکەت بکە، کە دەتەوێت نەنجامیان بدەیت.



Scanned with CamScanner

جارێك ئەسپی جووتیارێك، كەوتە ناو بیرێكی قوولی وشكەوە، ئەسپەكە لەناو نازاری كەوتنە خوارەوەی، چاوی پڕبوو لە ئاو، بۆماوەی چەند كاتژمێرێك لەو بیرە قوولە وشكەدا مایەوە، لەم سەروبەندەدا جووتیارەكە بەدوای ڕێگەچارەیەكدا دەگەڕا، بیری كردەوە چۆن ئەسپەكەی دەربهێنێتەوە؟

ئەم بارودۆخە زۆر درێژەی نەكێشا، كاكی جووتیار هاتە سەر ئەو بۆچوونەی بڵێ: ئەسپەكەم پیر بووەو ئەو خەرجییەشی لەبری دەرهێنانەوەی دەیدەم، نزیكە لەخەرجیی كڕینی ئەسپێكی دیكە، ئەمە بەلایەكو لەلایەكی دیكەوە بیرەكەش دەمێكە وشكی كردووە، پێویستە بەهەر جۆرێك بێت، پڕ بكرێتەوە.

نیدی جووتیارەكە دەرودراوسێی بانگ كردو داوای هاوكاری لێ كردن؛ بۆ پڕكردنەوەی بیرەكە؛ تا بەتیرێك دوو نیشان بشكێنێت، هەم لەبیرە وشكەكە ڕزگاریان ببێتو كەس‌و مەڕومالاتی دیكەی تێ نەكەوێت، هەم ئەسپەكەش زیندەبەچاڵ بكات. هەموویان پاچو بێڵیان هێنا، دەستیان كرد بە خڕكردنەوەی خۆڵو خاشاك، پاشان فڕێدانی بۆ ناو بیرەكە.

سەرەتا ئەسپەكە هەستی كرد، ڕاستییەك هەیە ڕووەدات، ئینجا دەستی كرد بەحیلاندن، حیلەیەكی پڕ لەهاتوهاوار، پاش كەمێك.. لەپڕا پڕمەو حیلەی ئەسپەكە نەما، بۆیە هەموو حەپەسان، دوای تۆزێكی دی جووتیارەكە تەماشای ناو بیرەكەی كرد، وەختێ ڕوانی، چاوەكانی ئەبڵەق بوون؛ چونكە بینی ئەسپەكە سەرگەرمی ڕاوەشاندنی خۆیەتی! هەركە خۆڵو خاشاك فڕێ دەدرایە سەری، ئەو بە چواردەوری خۆیدا دەیپەرژاند، هەنگاوێك بەرەو



Scanned with CamScanner

سەرەوە سەر دەکەوت. نیدی حاڵو باڵ هەروا بەردەوام بوو، هەموویان خاشاکیان هەڵدەدایە ناو بیرەکەوەو بەرپشتی ئەسپەکە دەکەوتەوە.. پاشان پشتی ڕادەوشاندەوە. خاشاکەکە بەناو بیرەکەدا بلاو دەبوویەوەو وردە وردە بەرزتر دەبوویەوە.

دوای ماوەی پێویست بۆ پڕکردنەوەی بیرەکە، ئەسپەکە لەسەر ڕووی زەوی نزیک کەوتەوە، پاشان بەئاسانی بازی داو بەسەلامەتی هاتە دەرەوە.

بەهەمان شێوە ژیانیش ئێشو نازارو قورسو سەختییەکانی فرێ دەداتە سەرت؛ تا تۆکمەو پتەو بیت بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. پێویستە لەسەرت وەک ئەسپەکە بجووڵێیتەوە، جا لەبەرئەوە هەموو ئەو کێشانەی تووشت دەبن، لەجێی هەر بەردودارو ناستەنگو لەمپەرێکدا کە لەڕێی ژیاندا دێنە سەر ڕێت، ڕاراو دوودڵو نیگەران مەبە؛ چونکە بۆ خۆت فێربوویت، چۆن لە قوونترین بیرو چاڵی کێشەکان قوتار دەبیت؟ ئەویش بەوەی کێشەکان لەسەر پشتت، پەرژان بکەیت؛ تا بەباشی هەنگاوێك بەرەو بەرزتر هەڵبگەڕێیت.

ئەسپەکە، شەش یاسای ناسوودەییمان، بەم جۆرەی خوارەوە بۆ پوخت دەکاتەوە:

١- دڵو دەروونت، لەخەم ئازاد بکە.

٢- هزروهۆشت، لە شپرزەیی بتارێنە.

٣- بەسادەیی ژیان ببەرە سەر.

٤- زۆر چاکە بکەو پێشبینی گێرەو کێشەش بکە.

٥- چاوەڕێی کەموەرگرتن بکە.

٦-پشت بە خودا ببەستە، لەدادگەریشی دڵنیا بە.

پەندو ناموژگاری ئەم چیرۆکەش ئەوەیە:

هەروەختێ هەوڵت دا، خەمو پەرۆشییەکانت لەبیر بکەیت؛ ئەوا ئەوان هەرگیز لەیادت ناکەن، دواتر خۆیان دەگەیەننە سەر پشتت، بەڵام بەردەوام دەتوانیت بازیان بەسەردا بدەیت، تا بیانکەیتە مایەی بەهێزی بۆ خۆتو بتخەنە سەر ڕێبازی سەرکەوتن.



Scanned with CamScanner



خەڵکی چۆن تۆ دەناسن؟!

ئەلفرێد نۆبڵ، بە یەکێك لەو کەسانە دەژمێردرێت، کە بەر لە مەرگی خۆی، ناگای لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی مردنی خۆی بووە!

ئەو کاتەی براکەی - کە ناوی «لۆدۆبێگ» بوو - مالئاوایی لەم ژیانە کرد.. رۆژنامەکان وایان زانی، ئەو نۆبڵەی کە بە «داهێنەری دینامیتT.N.T»

ناوونـاوبانگی بە دنیاوە بلاّو بووەتەوە، کۆچی دوایی کردووە.

ئەو دەمەی ئەلفرێد نۆبڵ، لە بەیانیی ئەو رۆژەدا، رۆژنامەکانی دەخوێندەوە، بە بینینی سەردێڕی لاپەڕەی یەکەم، واقی ورماو حەپەسا!

بە مانشێتێکی گەورە نووسرابوو،

«ئەلفرێد نۆبڵ.. جادووساڕ داهێنەری مەرگبارترین چەکی مرۆڤکوژ.. کۆچی یەکجاری لە دنیا کرد!»

ئەلفرێد بەمە، زۆر زیزو دڵتەنگ و دڵپەشیو بوو.. بیرێکی لە باری خۆی کردەوەو لە خۆی پرسی،

«بۆچی دەبێت، من لە پاش مەرگم، بەم جەشنە بناسرێم؟!»

دەستبەجێ وەسیەتنامەکەی هێنا.. خەتی بەسەر زۆر ڕستەدا هێناو ڕاستی گردنەوەو پاش خۆی ڕاسپارد،

هەرچی سامانی هەیە، بکرێت بە خەڵات بۆ ئاشتیو ئەو پێشکەوتنو دەسپێشخەرییانەی ئاشتی لەخۆ دەگرن.

ئەمەش وای کرد.. ئەمڕۆ ئێمە، «نۆبڵ» بە داهێنەری دینامیت نەناسین، بەڵکو بە ناوی داهێنەری خەڵاتی نۆبل بۆ ئاشتی، خەڵاتەکانی نۆبڵ بۆ کیمیاو فیزیا.... بناسین. ئەمڕۆ، «نۆبڵ» پێناسەیەکی دیکەی هەیە!!!

گورتەیە لە ژیانی ئەلفرێد نۆبڵ:

ئەلفرێد نۆبڵ، لە «۱۸۳۳/۱۰/۲۱ز»، لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لەدایك بووە. لە مێژووی «۱۸۹۶/۹/۱۰ز»، لە شاری سانرێمۆی ئیتاڵیا، کۆچی دوایی کردووە.

نۆبڵ، کیمیازان، ئەندازیار، داهێنەرو چەکسازێکی سویدییەو ناوی بە داهێنەری دینامیت «T.N.T» دەنگی داوەتەوە.

لە دواین وەسیەتی خۆیدا، سامانو سەرمایە سەرسوڕهێنەرەکەی، بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی خەڵاتی نۆبڵ تەرخان کرد، توخمی «نۆبلیۆم»یش، وەك ڕێزلێنانێك بۆ نۆبڵ، بە ناوی ئەوەوە، ناو نراوە.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

چەند ساڵ لەمەوبەر.. میزەڵانفرۆشێك لە شەقامەكانی شاری نیۆرك ڕادەوەستا.. تا میزەڵانەكانی بفرۆشێت.. ئەو كاتەی خواستو داواكاریی میزەڵانەكانی دادەبەزیو فرۆشی كەم دەبوویەوە.. میزەڵانێكی بەرەو ئاسمان هەڵدەدا.. كە میزەڵانەكە لە هەوادا دەسووڕایەوە.. ئاپۆڕای كڕیاران لە دەوروبەری خڕ دەبوونەوەو بۆ چەند خولەكێك، كارەكەی بڕەوی دەسەند. ئەو فرۆشیارە، هەستا بە گۆڕینی ڕەنگی ئەو میزەڵانانەی بە هەوادا هەڵی دەدان. ئیدی لە سەرەتادا میزەڵانێكی سپی هەڵدەدا.. پاشان میزەڵانێكی سوور.. پاشتر میزەڵانێكی زەرد. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك.. منداڵێكی ئەمریكایی بە ڕەگەز ئەفریقایی، قاپووتی میزەڵانفرۆشەكەی ڕاكێشا.. تەماشای ناوچەوانی فرۆشیارەكەی كردو پرسیارێكی هەستبزوێنی لێكرد. منداڵەكە گوتی: كاكە.. ئەگەر میزەڵانێكی ڕەشیش هەڵبدەیت.. ئایا بەرەو ئاسمان دەچێت؟

فرۆشیارەكە بە سۆزو خۆشویستیو نەرمونیانییەوە.. تەماشای منداڵەكەی كردو بەكارزانیو تێگەیشتنەوە، وەڵامی دایەوە: ڕۆڵەگیان، ئەوەی دەفڕێتو بەرز دەبێتەوە، ئەو شتەی ناو ئەم میزەڵانانەیە.. كە بە هۆیەوە میزەڵانەكانیش بەرز دەبنەوە.

لە ڕاستیدا منداڵەكە دەرفەتێكی لەباری بۆ هەڵكەوت.. چونكە چاوی بە كەسێك كەوت، كە هەر بە دوو چاوی ئاروانێت.. لەبەرئەوەی بە دوو چاوی ساغ دەتوانیت ڕۆیشتنو پیاسە، یاخود ئیشو كار، یان كایەو یاری ببینیت.. بەڵام ئەو كەسەی بە هەر دووچاوو دڵی دەبینێت.. سەرەڕای بینین بە چاو، دەتوانێت هەست بە ناخی كەسێكی دیكەش بكاتو ئەو خێرو چاكەیەی لە ناخیدایە، بیخاتە ڕوو، بیخاتە گەڕ.

بەڵێ.. هەق بە میزەڵانفرۆشەكە بوو.. هەقیش بە منە گەر بڵێم: ئەوەی لە ناختدایە، وات لێ دەكات.. بڕێتو بەرزببێتەوە.

لە كۆتاییدا ئەو وتەیەت بیردەخەمەوە كە دەڵێت:

ئەوەی لە گەیشتن بەسەركەوتن، ڕێگرە.. هزروهۆشە جۆاو دڵو دەروونە وێرانەكانن... نەك گیرفانە بەتاڵەكان.



Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

ئەو دەمەی سارا کیژۆلەیەکی هەشت ساڵان بوو.. گوێی لێ بوو، دایکو باوکی لە بارەی بـرا بچووکەکەیەوە، دەدوێن.. لـە وتەکانی نەوانەوە، نەوە تێگەشـت.. کە برا بچووکەکـەی زۆر زۆر ناسـاغەو نەوانیش پارەوپوولی چارەسـەرکردنی نەویان نییە.. سـەرەڕای نەوەش، باوکی تازە ئیشرو کارەکەی لە دەسـت دابوو.. نەیدەتوانی خەرجی نـەو نەشـتەرگەریە گرانەی براکەی بدات.. هەروەها سـارا گوێی لـێ بوو، کە باوکی بەهێواشی بە دایکی گوت،

تەنهـا مەگەر بـە موعجیـزە کوڕەکەمـان ڕزگاری بێت... سـارا بـە دڵتەنگیو خەمبارییـەوە، بـەرەو ژووری نووسـتنەکەی ڕۆیشـت.. لە ژێـر قەرەوێلەکەیـدا، دەخیلە بچووکەکەی دەرهێنا.. دەخیلەکەی شـکاند.. پارەکانی لەسـەر قەرەوێلەکە هەڵڕشتو دەستی کرد بە ژماردنیان.. هەموو پارەکەی، تەنها پێنج دۆلار بوو.

دواتر بەنەسپایی لە دەرگای پشتەوەی ماڵەکەیان چووە دەرەوەو چەند کۆڵانێکی بڕی.. تا گەیشتە دەرمانخانەیەک.

سارای هەشت سـاڵان، ماوەیەک لەبەردەم مێزی دەرمانسازەکەدا چاوەڕێی کرد.. بۆنەوەی سـەری بپەرژێتە سەرنەەو پێی ڕابگات.. بەڵام دەرمانسازەکە سەری قاڵتر لەوە بوو، کە ناگای لە منداڵێکی بچووکی هەشت ساڵان بێتو بەدەمییەوە بچێت.

کیژۆلەکە دوو سـێ جار پێی بەزەویدا داو یەک لەسـەر یەکیش بۆی دەکۆکی.. بەڵام دەرمانساز، هەر بۆی نەکرا، بە دەم داواکاری ئەو منداڵەوە بچێت.

سەرەنجام سارای هەشت ساڵان، نارامیی لەبەر بڕاو دڵی بەرایی نەدا، هێندە لە ڕێی دەرمانساز بوەستێت.. بۆیە پارەکانی هەڵڕشتە سەر مێزی بەردەم دەرمانسازەکە.

ئەویش نەمەی زۆر پێ سەیر بوو.. بۆیە بە کیژۆلەکەی گوت: فەرموو چیت دەوێت؟

کیژۆلەکە گوتی: براکەم زۆر نەخۆشە.. دەمەوێت موعجیزە بکرم.

دەرمانسـازەکە بەسەرسـوڕمانێکەوە پرسـی: ببورن.. من تێنەگەیشتم چیتان گوت.. بە ئەرک نەبێت، پێم بڵێن بەتەواوەتی چیتان دەوێت؟!

کیژۆلەکە بۆی ڕوون کردەوەو گوتی: برا بچووکەکەم زۆر نەخۆشە.. شتێک چووە بە سەریدا.. بابەگیانیشم دەڵێت: تەنهاو تەنها موعجیزە دەتوانێت نەو ڕزگار بکات..

Scanned with CamScanner

لەبەرنەوە من هاتووم موعجیزە بکرم.. زەحمەت نەبێت نرخی موعجیزە چەندە؟

دەرمانسازەکە گوتی: بە داخەوە کیژۆلە جوانەکە.. ئێمە لێرەدا موعجیزە نافرۆشین.

هەردوو چاوە جوانەکانی سارا، پڕبوون لە فرمێسکو گوتی: برا بچکۆلەکەم زۆر نەخۆشە.. بابەگیانیشم پارەی نییە؛ تا موعجیزەی پێ بکرێت.. ئەمە هەموو پارەوپوولەکانی منە.. کە لە ناو دەخیلەکەمدا بوو.. تو خودا پێم بڵێن، لە کوێ دەتوانم موعجیزە بکرم؟

پیاوێك کە لە گۆشەیەکی دەرمانخانەکەدا ڕاوەستا بوو.. پۆشاکێکی شیك ڕێکو پێکی لەبەردابوو.. لە کیژۆلەکەی پرسی: چەندەت پارە هەیە؟

سارای هەشت ساڵان پارەکانی لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوەو پیشانی پیاوەکەی دا.. پیاوەکە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

زۆر چاکە.. ئەوەندەی من بزانم.. ئەم پارەیە بەشی ئەوە دەکات، موعجیزە بۆ براکەت بکرێت!!!

پاشان پیاوەکە بەنەرمی دەستی سارای گرتو گوتی: من دەمەوێت براکەتو دایکو باوکت ببینم.. وا ببر دەکەمەوە، موعجیزەی برا بچکۆلەکەت لە لای من دەست بکەوێت.

ئەو پیاوە لە شیگاگۆدا، بەناوبانگترینو شارەزاترین پزیشکی مێشکو دەمار بوو.. دکتۆر، نارمسترۆنگ بوو.

بۆ سبەی نەشتەرگەری بۆ سەری کوڕە بچکۆلەکە، بەسەرکەوتوویی ئەنجام داو لە مەرگ ڕزگاری بوو.

پاش نەشتەرگەرییەکە، باوکی کوڕە بچکۆلەکە، ڕۆیشتە لای پزیشکەکەو پێی گوت: زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.. بەڕاستی بە سەلامەت دەرچوونی کوڕەکەم، بۆ خۆی موعجیزەیەك بوو.. دەمەوێت بزانم چۆن دەتوانم بە بڕی تێچوونی نەشتەرگەرییەکە سوپاستان بکەمو لە بەرامبەر ئەو کارەتان، دەبێت چەندە پارە بدەم؟

دکتۆر نارمسترۆنگ بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: بۆ خەرجی نەشتەرگەرییەکە، تەنها پێنج دۆلارەکەی سارای بچکۆلانە بدەن!!!

Scanned with CamScanner



هنری

میمانه به خونه‌ون!!

Scanned with CamScanner

یەکێك لە کەنالە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند: سەعات هەشتی ئێوارە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هۆلەی ناهەنگی ڕێزلێنانو خەڵاتپێدانی باشترین فرۆشیاری ئەمریکای تێدا دەکرێت، بەرنامەیەك پێشکەش دەکات. کاتێ بەرنامەکە هاتو نامادەبوویەکی زۆر لە هۆڵەکەدا هەبوون، سەیر لەودابوو ئەوکەسەی خەڵاتەکەی بەدەست هێنا، کێژۆڵەیەکی نۆ ساڵان بوو، لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا، چل هەزار پاکەت پسکیتی فرۆشتبوو. کاتێ هاتە سەر سەکۆی بەردەم نامادەبووانو بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنی، گشت لایەکی بە متمانەبوونی بە خۆی سەرسام کرد. پاش وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فرۆشیاری ئەمریکاو چەپڵەڕێزانی نامادەبووانی هۆڵەکە، پێشکەشکاری بەرنامەکە لێی پرسی: لە ماوەیەکی کورتدا، چۆن توانیت چل هەزار پاکەت بسکیت، کە بڕێکی زۆرە، بفرۆشیت؟! کێژۆڵە نۆساڵانەکە لە وەڵامدا وتی: (تەمەنم پێنج ساڵان بوو، ئەو باوکەی کە زۆر زۆرم خۆش دەوێست، مانگاوایی لە ژیان کرد! ئێدی هەستم زۆر بەتەنیایی دەکردو تووشی خەمباریەکی زۆر بووم، بەڵام لەسایەی خوداوە، پاشان بەیارمەتیی دایکی لەدڵا شیرینم، بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵبووم. دواتر زانیم کە دایکیشم نەخۆش کەوتووە، نەخۆشییەکەشی چی بێت؟ نەخۆشییەکەی هەتابڵێی سەخت بوو، ئەویش شێرپەنجە! دکتۆرەکانیش پێیان گوتبوو، تەمەنت ئەگەر مابێتی، لە ساڵێك زۆرتر نییە.

تەواو هەستم بە بێکەسی خۆم دەکردو دەمزانی کە دایکم سەفەری بۆ هیچ جێیەکی جیهان نەکردووەو خەونو خولیای ژیانیشی نەوەبوو، کە سەردانی چەند وڵاتێکی دیکە بکات. پاشان زانیم: پێشبڕکێیەکی فرۆش هەیەو خەڵاتەکەشی بیست هەزار دۆلارو گەشتێکە بە جیهاندا. لە پێناوی دایکی نازیزمدا، بڕیارم دا بەشداری ئەم پێشبڕکێیە بکەم و لەدڵی خۆمدا گوتم: ناستەنگو لەمپەرەکان هەرچییەك دەبن، بابن. پاشان لێبڕاوم چوومە پێشەوە، کەچی ئەندامەکانی لێژنەی هەڵسەنگاندن، لەبەر کەمیی تەمەنو نەبوونی شارەزاییم لە بواری فرۆشدا، قەبووڵیان نەکردم و منیان ڕەت کردەوە. بەڵام بێهیوایی ڕووی تێ نەکردم و هێندە پێداگرییم کرد، هەتا لە بەردەم پێداگرییەکەمدا، جگە لە ڕازیبوون، چارەیەکی دیکەیان نەما. جا بەڕاستی دەستم

Scanned with CamScanner

دایــه کارەکەی بەرنامەکەشــم نەوەبوو، هەر دەرگایەکــم بەرچاو دەکەوت، تەقەم لێ دەداو پاش گردنەوەی، دەمگوت: من کچێکی نۆ ساڵانم، دایکێکم هەیە تووشی نەخۆشی شــێرپەنجە بووەو دکتۆرەکانیش پێیان گوتووە: ئەگەر ژیانت لەم ســەر زەویبە، زۆر زۆری مابێت، لە ســاڵێك زۆرتــر نییەو خەونو خولیای ژیانیشــی نەوەیە، بەرلەوەی رۆحی شــیرینی دەربچێت، گەشــتێك بە جیهاندا بکات. لێرەدا ئەوەی من لە دەســتم دێت، فرۆشتنی نەم پاکەتە بسکیتانەیە، هەتاکو خەڵاتەکە ببەمەوەو بەر لەوەی دایکم ســەر بنێتەوە، خەونەکەی بەدی بێتو گەشــتەکەی بکات). پاشان کچۆڵە نۆسااڵنەکە درێژەی بە قســەکانی داو گوتی: (پاشــتر لە کرپارەکە نزیك دەکەوتمەوە، لە هەردوو چاوانیم دەروانیو بە دەنگێکی بەسۆزەوە کە دڵی بەردی دەکرد بە ئاو، هەروەها بە لە خۆڕابینینێکی تەواوەوە، لێم دەپرسی: بەڕێزتان بۆنەوەی هاوکاریم بکەن، خەونەکەی دایکم بەدی بهێنم، چەند پاکەت بسکیتتان دەوێت؟ بەوە تێکڕا پێنج پاکەتە بسکیتم دەفرۆشت، بە هەر ماڵێك کە سەردانم دەکرد).

وەختێك بەرنامەکە کۆتایی هات، کیژۆڵەکە هەڵی بە دەرفەت زانی، یەکســەر ڕووی کردە کامێراکە، هەتا پەیامەکەی بە بینەران بگەیەنێتو گوتی: (بەسەرهاتی منتان بیست، باش دەزانن ئەوەی دەیکەم؛ بۆ یارمەتیدانی دایکی لە دڵا شیرینمە، تا خەونەکەی بەدی بێت، دەی چەند پاکەتە بسکیتتان دەوێت؟!).

بەمــە ئاگری لــە دڵو هەناوی هەموان بەرداو توانی ســۆزی هــەزاران بینەر بەدەس بهێنێتو حەفتا هەزار پاکەتەبسکیتی دیکە بفرۆشێت!!!

Scanned with CamScanner



زەوی کە بڕێ ئەندازەی پێستی گایەک!

لە دێر زەماندا، خانێکی ستەمکاری هاوشێوەی جەنگیزخان هەبوو، لەشکرێکی هێجگار زۆروزەوەندی هەبوو، هێرشی ببردایە سەر هەر شارو ناوایییەک، پاش کوشتوبڕو جەنگی خوێناوی، دەیخستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

رۆژێکیان خانی زۆردار، گەیشتە نزیک گوندێکی بچووک، بەرلەوەی بە لەشکرەکەی بەڵاماری گوندەکە بدات، بڕیارێکی سەیری دا.. فەرمانی بە سەربازەکانی دا، لە نزیک گوندەکە، چادر هەڵبدەنو پشوو بدەن.



Scanned with CamScanner

بۆ سبەی بەیانی، جارچیی خان ڕۆیشت بۆ ناوجەرگەی گوندەکەو جاڕی دا: (ئەی خەڵکینە، باش گوێ ڕابگرن! ئەمە فەرمانی خانی خانانە، ئەگەر کەسێکی بەهۆشو بلیمەتتان، بتوانێت بمبەزێنێت؛ ئەوا هیچ زیانێک بەم ناوەدانییە ناگەیەنم، ئەگەر نا، گەردنی گشتان، دەخەمە بەر تیغی تیژی شمشێرو خاکی گوندەکەتان بە تووڕەکە دەپێژم).

جارچی ڕۆیشتو هەموو خەڵکی، لە مزگەوتی گوندەکەدا، لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە، تا ڕاوێژ بکەنو چارە بۆ ئەم بارە نالەبارە بدۆزنەوە، هەر کەسەو شتێکی دەگوت، هەموشیان ناوبانگی کوشتوبڕو شالاوی بێنەمانی خانیان بیستبوو، سەرەنجام، بڕیاریان دا: چەند ڕێنسپییەک بنێرنە لای خان، تا بەر لە هێرشو کوشتوبڕی بگرن.

ڕێنسپییەکان چوونە ناو چادری خانەوەو ڕێزو سڵاوی خۆیان بۆ دەربڕی، یەکێکیان کە لەوانی دیکە بەتەمەنتر بوو، ئەستوونی باڵای چەمی بوو، چەند هەنگاوێک چووە پێشو گوتی: (ئەی خانی خانان، ئێمەومانان کۆمەڵێک بەندەی بێچارەو بێدەرەتانی خودابن، ڕۆژگار بە نەبوونیو دەسکورتی بەسەر دەبەین، ئازارمان بە کەس نەگەیاندووەو ببین بە ئاگریش، هیچ شوێنێک ناسووتێنین. ئێمە دەمانەوێت لە ئاشتیو ئارامیو ئاسایشدا بژینو ئێشو ئازارو نەشکەنجەی خۆتمان لێ دوور بخەیتەوە...)

لەپڕ خان دەستی هەڵبڕیو ڕێنسپییەکەش قسەکانی بڕی، خان، فەڵەفەتی زەبەلاحی خۆی ڕاوەشاندو پرسی: (ئا بڵێن کێ منی هێناوە بۆ ئەم ناوابیبە؟)

ڕێنسپییەکان، دەستیان خستەسەر سنگیانو ڕێزیان بۆ خان نواندو وێستیان شتێک بڵێن، بەڵام خان، لەپڕ لە پرمەی پێکەنینی داو بێنەوەی پرسیارێکی دیکە بپرسێت، فەرمانی بە پیاوکوژەکانی دا، بیانکوژن.

خەڵکی کە زۆر بەخراپی تۆقیبوون، دیسان لە مزگەوتی ناوایی کۆبوونەوە، تا چارەیەکی دیکە ببینێنەوە؛ چونکە هەرگیز نەیاندەتوانی، بە شمشێرە کۆنو ژەنگاوییەکانیان، بە گژ لەشکری پڕچەکی خاندا بچنەوە.



Scanned with CamScanner

لەناکاو، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا، گەنجێکی تازەپێگەیشتووی هەژارو نەدار، هەستایە سەر پێ و ڕووی لە هەموان کردو گوتی: (ئەگەر یەك بزنو یەك وشترم پێ بدەن، گرێی گشت گرفتێکتان دەکرێتەوە).

هەموان بەسەرسامییەوە، سەیری یەکدییان کردو کەسیان باوەڕی نەدەکرد، ئەم گەنجە هەژارونەدارو لەڕولاوازە، شتێکی لەدەست بێت. وێڕای ئەوەش، دڵیان خۆشبوو، هەر لەبەرئەوە دەستوبرد، بزنو وشتریان ئامادەکرد، گەنجەکەش هەردووکیانی وەرگرت، بەبێ ترسو لەرز، بەرەو چادرگەی خان، ملی ڕێی گرت.

کاتێك گەنجە هەژارەکە، چووە ناو چادرەکەوە، خانی زۆردار شانی بە پشتییەکەوە دادابوو، سەرخەوێکی دەشکاند. خان، بەزەحمەت چاوە ناوساوەکانی هەڵبڕێو بەسووکایەتییەکەوە گوتی: (هێی منداڵی بێچاووڕوو، بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟!)

گەنجەکە، وەڵامی چاوە زەقەکانی خانی دایەوەو گوتی: (من هاتووم، پەیامی خەڵکی ناواییەکەت پێ بگەیەنم)!

خان، بەسەرسامییەوە سەیری لەشولاری لەڕولاوازو قەدوبااڵی کورتوکوڵی گەنجەکەی کردو بە گاڵتەجارییەوە لێی پرسی: (مەگەر لەو گوندەدا، لە تۆ ڕیشچەرموتری تێدا نەبوو، وا تۆیان ناردووە؟!)

گەنجەکە، دەستی بۆ بزنەکە ڕاکێشاو گوتی: (لە گوندەکەماندا، لەو بزنە ڕیشچەرموترمان نییە.. ئەگەر ڕیشچەرموت دەوێت؛ ئەوا لەگەڵ ئەودا قسە بکە).

خانی زۆردار، کە چاوەڕێی وەها وەڵامێکی نەدەکرد، ئەو ڕیشچەرموانەی بیر کەوتەوە، کە ماوەیەك لەوەو پێش، ڕادەستی پیاوکوژەکانی خۆی کردبوون.. هەر بەدەم ئەم بیرکردنەوەوە، ڕووی لە گەنجەکە کردو پرسی: (مەگەر لەم ناواییەدا، کەسی لە تۆ گەورەتریان تێدا پەیدا نەبووە، وا تۆیان ڕەوانە کردووە؟!)

گەنجەکە، دەستی بۆ وشترەکە ڕاکێشاو گوتی: (ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ گەورەترینماندا قسە بکەیت، قسە لەگەڵ ئەو وشترە بکە؛ چونکە ئەو، لە گشت خەڵکی ناواییی گەورەترە). پاش کەمێك، درێژەی بە قسەکانی دایەوەو گوتی: (بێجگە لەم دووانە، نە ڕیشچەرموویەکت هێشتووەتەوە، نە گەورەیەك! گەر

Scanned with CamScanner

دەشتەوێت، لەگەڵ پیاوی پیاوانەدا وتووێژ بکەیت؛ ئەوا من ئامادەم).

خانی زۆردار، کە قسە زیرانەکانی گەنجەکەی بیست، لە ناخەوە ڕاچڵەکی، بەس بەسەر خۆیدا نەهێناو پرسی: (کێ منی هێناوە بۆ ئێرە؟)

گەنجە زیرو هۆشیارەکە، پاش بڕێک ڕامان، بە ڕەوانی گوتی: (هەڵپەو خوازەڵۆکیی خۆت، تۆی کێشاوەتە نەم شوێنە).

خانی زۆردار، لەتاو تووڕەیی خۆی، دەلەرزی، سمێڵی خۆی بە دەدا، لێوی خۆی دەکرۆشتو بە چاوی خوێنبارەوە، زەق زەق لە لەشی لەڕی لاوەکەی دەڕوانی.

گەنجەکە، بەبێ هیچ ترس‌و لەرزێک، قسەکانی هێنابوویە سەر زار، تەنانەت خانی زۆرداریش، لە هەواونەوای دەنگی نەودا، ترس‌و لەرزی پەدی نەکردبوو. هەر لەبەرنەوە، کەوتە ناو دەریای بیرکردنەوەوە.. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (لە گەنجێکی وا ناوەشێتەوەو نایەتەوە، تا نەم ئەندازەیە، نازاو دانا بێت).

پاش چەند ساتێک، خانی زۆردار، سەری بەرز کردەوەو گوتی: (گەرچی گوفتارت، وەک ژاری مار بوو، بەڕووقاییمی‌و ڕوودارانە، وەڵامت دامەوە، بەڵام بێباکی‌و بوێری‌و وەڵامی ژیرانەت، ڕەسەن‌و پەسەند بوون.. تۆ بەم کارەت، توانیت خۆت لە چنگوچەپۆکی مەرگ، دەرباز بکەیت.. من بە نیازم، تەواوی خەڵکی نەم ناوابیە، بخەمە بەردەمی تیغی تیژی شمشێر، هەروەها خاکیان بە تووڕەکە ببێژەو تەفروتوونای بکەم). خان، لەپاش قاقایەکی بەرزو درێژخایەن، ئەنگوستیلە زێڕینەکەی، لە پەنجە دزێوو ناقۆڵاکەی دەرهێناو درێژەی بە قسەکانی دا: (ئێستە، شتێکم لێ داوا بکە، تا پێت بدەم).

دەستبەجێ گەنجی زیرو دانا، وەڵامی دایەوە: (خانی گەورە سەلامەت بێت، ئەمن هەژارونەدارم، هیچ زەویوزارێکیشم نییە، سا لەبەرنەوە، داواکارم لە زەویوزاری نەم ناوابیە، پارچە زەوییەکم بە ئەندازەی پێستەی گایەک پێ بدەیت!)

خان لە داواکاریی گەنجەکە، زۆر سەری سوڕما؛ چونکە چاوەڕێی نەوە بوو، داوای کیسەیەک زێڕوزیو بکات، خان دەستی کرد بە بیرکردنەوە، تا سەر لە هۆکاری نەم داواکاریە دەربکات، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت، کەمێکیش بیری لەوە



Scanned with CamScanner

کـردەوە، کە ڕەنگـە لە جێیەکدا، بە ئەندازەی پێسـتەی گایەك، زۆرۆزەبەندی زۆرۆزۆمنـد، حەشـار درابێت، بـەڵام لەبەرئەوەی بەڵێنـی بەگەنجەکە دابوو، کە داواکارییەکەی جێبەجێ بکات، هیچی دیکەی نەپرسـی و گوتی: (زۆر باشـە، هێ سبەی دەرفەتت هەیە، ئەو پارچە زەوییەی دەتەوێت، دەستنیشانی بکەیت؛ چونکە سـبەی، لەگەڵ یەکەم تیشـکی هەتاودا، ناتوانیت شـتێك بۆ خۆت پەیدا بکەیت دیارە، ئەمنم خانی خانان، خاکتان دەکەم بە تۆزی بانان).

گەنجە ژیرو داناکە، خوداحافیزی کردو بەدڵخۆشییەوە بەرەو ئاوایی گەڕایەوە تەواوی ڕووداوەکەی بۆ خەڵکی گێڕایەوە، ئەوانیش وەختۆ کەوتن، سـەرەتا گایەکی دابەسـتەیان هێناو سـەریان بـڕی، پێسـتەکەیان دامااڵی و کەوڵیان کرد، پاشـان گۆشتەکەیان، بەسەر هەژارانی ئاواییەکەدا بەخشییەوە.

گەنجە ژیرو داناکە، باشترین دەباغچییەکانی ئاوایی کۆکردەوە، داوای لێکردن، کـە پێسـتەی گاکە، بە شـێوەی تـاڵ تاڵی باریك ببـڕن. پاش نـەوە، هەر تاڵێك بەتاڵەکـەی دیکەوە گرێ بدەن. ئەوانیش بەو پەڕی دەسـتوبردییەوە، دەسـتیان بـەکار کرد، بە ماوەیەکی کـەم، تاڵی باریکی ئێجگار درێژیان دروسـت کرد، بە هاوکاریی یەکدی، هەموو خەڵکی ئاواییش، تاڵی باریکو درێژیان، بە دەوراندەوری ئاواییدا کێشا.

سبەی، شەبەقی، خانو لەشکرەکە، بە نیازی هێرش، هاتنە نزیك ئاواییەکەوە، خـان ناردی بەدوای گەنجـە ژیرو داناکەدا، ئەویش یەکسـەر، خۆی گەیاندە لای خانو بەرەو ئاوایی دەسـتی ڕاکێشـاو گوتی: (ئەی خانی گەورە، پێسـتەی گایەك، هەر ئەو هێندە زەوییەی تێدا جێ بووەتەوە.)

خان، سەری لە ئاست ئەو هەموو دانایـو ژیرییەی گەنجەکەدا سوڕما؛ چونکە چاوەڕێی نەدەکرد، لە بەرامبەر تاڵێکدا، کە لە پێستەی گا دروست کرابوو، دابەێنێتـو جۆك دابدات، بەم هۆیەوە، خان فەرمانی بە لەشـکرەکەی دا، کە هیچ زیانێك بە خەڵکـو خاکی ئەو گوندە نەگەیەنن.



Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

دەگێڕنـــەوە: لە دێرین زەماندا، پاشـــایەك هەبوو، مامۆســـتایەکی تایبەتی بۆ کوڕەکەی گرتو پێی گوت:

نەم کوڕەم، مادەیەکی خاوەو هەویرێکی نەرمو شـــلە، تۆ سەرپشـــکو ئازادیت چ ڕێگەیـــەك دەگریتـــە بـــەر، تـــا کوڕەکەم پـــەروەردە بکەیتو فێـــری خوێندنو خوێندەواریو شتوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بکەیت.

ڕۆژێکیان پاش ئەوەی وانەکەیان تەواو بوو، مامۆستاکە، لە شازادەی پرسی، لە بابەتەکە گەیشتیت؟

شازادەی منداڵ، بەڕێزەوە گوتی: بەڵێ، مامۆستاگیان!

پاشان مامۆستا، چەند پرسیارێکی لەسەر بابەتەکە لێ کرد، شازادەش وەڵامێکی جوانو تەواوی دایەوە.. لەم کاتەدا، مامۆســـتاکە لێی تووڕەبوو، ســـێ زللەی توندی لـــێ دا، کە شـــەقەکەی، لە دووڕەوە دەبیســـترا، ئێش بە ڕوخســـارو دڵی شـــازادە گەیشـــت، لە ناخەوە حەپەســـابوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمـــە چییە؟ چی ڕووی داوە؟ چ تاوانێکم کردووە؟ تا بەم شـــێوازە، مامۆســـتا مامەڵەم لەگەڵدا بکات؟! خۆ من هەموو پرســـیارەکانم، بەتەواوی بەڕاستیو دڕووستی، وەڵام داوەتەوە.. ئەرکی خۆمم، بەجوانی جێبەجێ کردووە!

نیدی ڕقوقینێك لە دڵیدا، بەرامبەر مامۆستاکەی دڕووست بوو.

پاش تێپەڕبوونی ســـێ ســـاڵ، بەســـەر ئەم ڕووداوەدا.. شـــازادە، لەپاش مەرگی باوکی، بوو بە شای وڵات.. هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژی چوونە سەر تەختی شاهانەدا، ئەو ناهەقیو ســـتەمەی بیر کەوتەوە، کە مامۆســـتاکەی، بەبێ تـــاوان لە هەقیدا کردبووی.. لە دڵی خۆیدا گوتی: ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە، ئێستە کاتی تۆڵەکردنەوەیە، تۆڵەکردنەوەی ستەملێکراو لە ستەمکار.. پاشان بانگی سەرۆکی پاسەوانەکانی کرد، ئەویش گوتی: بەڵێ، جەنابی پاشا، فەرمانت بە چییە؟

پاشا گوتی: هەر ئێستا، چەند پاسەوانێکت بنێرەو فلان مامۆستا، بهێننە ئێرە. دواتر نـــاردی بەدووی شەللاقوەشـــێندا، تا ئامـــادەی جێبەجێکردنی فەرمانی دادگاییەکەی بێت.

Scanned with CamScanner

کاتێك مامۆستایان هێنا، لەبەر پیری، پشتی کوور بووبوو، پاشا بەئاماژە، بە شەللاقومشێنەکەی خۆی گوت، ئامادە بێت بۆ فەرمانی.

دواتر پاشا، ڕووی کردە لای مامۆستاکەو پێی گوت، دەزانیت؛ بۆچی تۆمان هێناوەتە ئێرە؟!

مامۆستاکە بەهێمنی گوتی؛ بەڵێ، پاشای مەزن.

پاشا گوتی؛ بۆچی ئەو ڕۆژە، ئەو ستەمو ناهەقییەت لە هەقی منداکرد؟! بۆچی ئەو زللانەت لێدام؟!

مامۆستاکە، بەوپەڕی داناییەوە گوتی؛ نۆۆۆهـ، سی ساڵی ڕەبەق دەبێت، هێشتا ئەو زللانەی لێم داویت، لەبیرت ماونو هێنی ئەو ناهەقییەت، تا ئەم ساتە، لەدڵ گرتووە؟! من لەبەرئەوە ئەو کارەم کرد؛ تا تامی تاڵی ستەمت پێ بچێژمو بۆ خۆت هەستی پێ بکەیت، کە ستەم، چەندە ناخۆشە! هەروەها بزانیت؛ ستەملێکراو، هەرگیز ئەو ستەمەی لێی دەکرێت، لەبیری ناچێت.. گەر نەشتوانێت، وەك ئێستەی تۆ، تۆڵەی بسەنێتەوە؛ ئەوا ڕوو لە دەرگانەی خودا دەنێتو نزاو کزۆڵیو کزەی دڵی، بۆ خودا هەڵدەڕێژێت، لەنێوان خوداو نزای ستەملێکراویشدا، پەردەو ڕێگرێك، لە گیرابوونیدا نییە.

جەنابی پاشا، من دەمزانی؛ ڕۆژێك دادێت، لەپاش بابی بەڕێزت، دەبیت بە پاشای وڵات، ئەو کارەم بۆنەوە کرد؛ تا لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆتدا، ستەمو ناهەقی لە هیچ کەسێك نەکەیتو لەگەڵ خەڵکیدا، دادپەروەری بکەیت بە پێشەی خۆت!

پاشا، کە ئەمەی بیست، بەسەرسوڕمانەوە گوتی؛ تۆ لەبەر ئەمە، ئەو کارەت کرد، کەواتە؛ تۆ وانەیەکی گەورەت فێری من کرد، ئەویش ئەومیە کە هەرگیز ستەم لە کەس نەکەم.. من زۆر سوپاست دەکەم، هەتاکو مردن، سوپاسگوزاری تۆم، پاشان خەڵاتێکی شاهانەی بەخشی بە مامۆستاکەی!

Scanned with CamScanner

بەرگی بەردین!

دەگێڕنەوە: لە دێر زەماندا، شایەکی بەهێزو دادپەروەر هەبووە، زیرەکی
ژیرییەکەی، بەناو شانشینەکەیدا دەنگی دابووەوە.. ئەم شایە، خۆشیی لە
زیرەکەکان دەهاتو لەخۆی نزیك دەکردنەوەو تاووتوێی بابەتە فەلسەفی و زانستی
دینی و گەردوونییەکانی لەگەڵدا دەکردن؛ تا مەڵۆی زانیارییەکانی زۆرتر بکاتو
هزروهۆشی دەمەزرد بکاتەوەو خواردن بە ڕۆحی بدات.

لەم کەشو هەوایەشدا، زۆر ناسایی، کە وەزیروگزیرو کەسە نزیکەکانی شا،
لە زیرەکەکان، بان لە زۆرزیرەکەکان بن. پاشا، زۆرجار خۆشیی لەوە دەهات،
وەزیروگزیرەکانی تاقی بکاتەوەو زیرەکییان لە بێژنگ بدات، جارجارەش هێندە
لە تاقیکردنەوەکاندا تووندو ڕەق بوو، دەگەیشتە ئاستی ئەستەهو دەستەوسانی.

جارێکیان، پاشا ویستی وەزیرەکەی تاقی بکاتەوە، بانگی کردو پێی گوت:
دەمەوێت لە بەرد جلوبەرگێکم بۆ بدووریت؟! بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، سی ڕۆژت
لە بەردەستدایە، گەر بۆت ئەنجام نەدرا؛ ئەوا سزایەکی سەخت چاوەڕێتە!



Scanned with CamScanner

وەزیر، بە کۆنێك خەمو پەژارەوە، گەڕایەوە بۆ ماڵ. جووە ژوورە تایبەتەکەی خۆی و دەرگای لەسەر خۆی داخستو بەدگمەن نەبێت، لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە. وەزیر لەبری نەوەی بیری بەگمڕ بخاتو سەرێك لەم داوا دەسەوسانکەرەی شا دەر بکات، کەچی دەستی کرد بە گریانو گلەیی لە بەختی خۆی و خەوو خواردنو خواردنەوەی لەسەر خۆی حەرام کرد.

کچی وەزیرەکە، هەستی بە باری ناڕەباری باوکی کرد، سەری لە مانەوەی باوکی لە ماڵو نەجوونی کۆڕی شاهانە سوڕما، جووە لای باوکیو پێی گوت: بابە گیان چیتە؟ بۆچی دڵتەنگو غەمبارێت؟

وەزیر وەڵامی دایەوە، من کە چەند ڕۆژێکی دیکە، مۆڵەتەکەم تەواو دەبێت، چۆن دڵتەنگو غەمبار نەبم!

کیژەکەی بەسەرسامییەوە گوتی: مۆڵەت! بابە گیان، تۆ باسی چ مۆڵەتێك دەکەیت؟!

وەزیر گوتی: مۆڵەتێك کە پاشا بۆی دیاری کردووم، تا خواستێکی نەستەمی بۆ ڕابپەڕێنم.

کیژەکە گوتی: خواستێکی سەخت! بابەگیان، ئەو داواکاریو خواستە چییە؟

وەزیر گوتی: بیهێنە بەر چاوی خۆت.. داوام لێ بکرێت پۆشاکێك لە بەرد بدروومو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش، سی ڕۆژم لە بەردەستدا بێت!

کچەکە بە پێکەنینەوە گوتی: بابە گیان، پاشا پۆشاکی ناوێت، دەیەوێت زیرەکیی تۆ تاقی بکاتەوە!

وەزیر هەڵی دایە: پاشا پۆشاکی ناوێت! دەی کەواتە: چیی دەوێت؟!

کیژەکە گوتی: سبەی، لەگەڵ خۆتدا بمبە بۆ لای پاشاو لەم گیرۆدەییو گرفتارییە ڕزگارت دەکەم!

پێشینانمان گوتوویانە: ئەو کەسەی خەریکە دەخنکێت، پەلاماری چڵەپووشیش دەدات، تا ڕزگاری ببێت، لەبەرئەوە وەزیر، هیچ چارەو دەرهاتنێکی نەبوو، بە کیژەکەی خۆی گوت: سبەی لە خزمەت جەنابی پاشادا، لەگەڵمدا دەبیت؛ بەشکو

Scanned with CamScanner

گومانەکەت بەڕاست بگەڕێتو سەرکەوتوو بێتو لەو سزایەی چاوەڕێمە، قوتارم بکەیت.

بۆ سبەی، وەزیرو کیژەکەی لەبەردەم پاشادا ئامادە بوون.

پاشا بە وەزیری گوت: دەبینم؛ بەر لە دواییهاتنی وادەو مۆڵەتەکە گەڕاویتەوە ناخۆ لەو کارەی لێم داوا کردبووی، سەرکەوتوو بوویت؟!

وەزیر وەڵامی دایەوە: گەورەم دەتوانیت، ئەو داخوازییە، لە کیژەکەم بکەیت، بەپیانی ئەوەی پێ داوم، کە لەجێی من، ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

پاشا بزەیەکی کردو لە کیژەکەی پرسی: ئایا ئەو بەرگەت دروو، کە بە بابتم گوتووە؟

کیژەکە وەڵامی دایەوە: پاشا خۆش بێت، ئەو کارە زۆر دژوار نییە، بەڵام من دەمەوێت، تەنها داوای یەك شتت لێ بکەم.. ئەویش ئەومیە:

دەزووی لمینم پێ بدەیت، تا جوانترین بەرگی بەردینی سەر ڕووی دنیات بۆ بدرووم.

پاشا، لە ئاست وەڵامی کیژەکە سەری سوڕما، خۆشیی لە زیرەکییەکەی هات. بەدەنگی بەرز گوتی:

ئافەرین ئەی کیژی ژیر، تۆ زۆر زیرەکیت.. ئەوەی گوتت، وەڵامێکی ژیربێژییانە بۆ داواکارییە ئەستەمەکەم.. پاشان پاشا ئاوڕێکی بە لای وەزیردا دایەوەو گوتی: دەمێکە سۆراغی کیژێکی ژیر دەکەم، تا هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕە ژیرەکەمدا بکات، لەبەرئەوە خوازبێنی ئەو کیژە ژیرەت لێ دەکەم، بۆ کوڕە ژیرەکەم، جا نازانم جوابم دەدەیتەوە، یان جوابم دەکەیت؟

وەزیر گوتی: قوربان، زۆر بەخوشحاڵییەوە من ڕازیم، بەڵام دەبێت ڕای کیژەکەش وەربگرین، تا بزانین ڕای چییە؟

کیژەکەش، کە پێشتر ئاوبانگی چاکو زیرەکیی کوڕەشای بیستبوو، گوتی: جەنابی پاشا، جا کێ ئەم داواکارییە جوانەی جەنابتان لەخۆی دەکات؟!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

جارێکیان پاشایەک دوو شەهینی بچووکی بە دیاری بۆ هات، پادشا وتی سوپاسی پێزانینی بۆ خاوەنی دیارییەکە، هەردوو باڵندەکەی بە ڕاهێنەری باڵندەکانی سپارد، تا لە بواری ڕاوشکاریدا ڕایان بهێنێتو سوودیان لێوەربگرێت. پاش یەک مانگ، ڕاهێنەرەکە هاتەوە بۆ لای پاشاو گوتی: یەکێک لە شەهینەکان ڕاهاتووەو ئامادەی ڕاوە. بەڵام نازانم چی بەسەر ئەوی دیکەیان هاتووە، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، بەسەر چڵێکەوە نۆقرەی گرتووەو دان دەخواتو لە جێی خۆی ناجووڵێتو هەڵنافڕێت.

ئەم بابەتە پاشای سەرسام کردو فەرمانی دا بە پزیشکانو ڕاوێژکارانو بەردەستانی، کارێک بکەن، تا وا لە شەهینەکە بکەن، بفڕێت، بەڵام کەسیان هیچیان لەدەست نەهات.

ڕۆژی دواتر، بڕیاری دا بیرۆکەی ڕاهێنانی هەڵفڕینی شەهینەکە بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنن. هەر کەس بتوانێت ئەو شەهینە فێری فڕین بکات، خەڵاتێکی نایابی لەلایەن پاشاوە پێشکەش دەکرێت. بۆ سبەی بەیانی، پاشا شەهینی دووەمی دی، لەم چڵ بۆ ئەو چڵ، لەو درەخت بۆ ئەو درەخت دەفڕێت.. پاشا بەم دیمەنە زۆر خۆشحاڵ بوو، هەربۆیە فەرمانی داو گوتی: ئەو کەسەم بۆ بهێنن، کە ئەم شەهینەی فێری فڕین کردووە.

پاسەوانانی دەرباری پاشا، جووتیارێکی بێدەعیەو دەماریان هێنایە لای پاشاو گوتیان: ئەمە ئەو کەسەیە، کە توانیویەتی شەهینی دووەم فێری فڕین بکات.

پاشا بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: تۆ وات لە شەهینەکە کردووە، بفڕێت؟! چۆن ئەم کارەت کرد؟ ڕەنگە تۆ جادووگەر بیت؟

کاکی جووتیار کە زۆر بەشۆکابوو؛ چونکە ئەوە یەکەمجار بوو، ڕووبەڕووی پاشا قسە بکات، گوتی: جەنابی پاشا، کارێکی ساناو سادە بوو.. بە تەوردا سەکەم، ئەو چڵەم بڕییەوە، کە شەهینەکە لەسەری هەڵنیشتبوو. شەهینەکەش تێگەیشت کە دوو باڵی هەیەو دەتوانێت بفڕێتو لە کەوتنە خوارەوە خۆی ڕزگار بکات، ئیدی دەستی بە فڕین کرد.

Scanned with CamScanner

خوێنەری خۆشەویست.. بنووسە؛ بۆنەوەی بەرەو سەرتر بچین، جاروبار جێی ڕاڕ بێمان ببڕین، هەڵبەتە جێی ڕاڕبێی خۆمان، نەک هی کەسانی دی.

ئایا جەندە وابەستەی جێی ڕاڕ بێی خۆتیت؟

ئاخۆ دەزانی، تواناو بەهرەکانت چین؟ دەترسیت؟

ئایا کارمەندەکانی خۆت، باش دەناسیت؟ ئایا هەوڵدەدەیت گەشە بە بڕشتو بەهرەیان بدەیت؟

یان لە ترسی بازدانو فڕین، بە جەند جێێکی ڕێکخراوەکەتەوە وابەستە دەکەیت؟

ئایا باشتر نییە، کارمەندانی بەتواناو جالاك لە ڕێکخراوو دەزگاکەتدا هەبن؟

ئایا خاڵە بەهێزو بەبڕشتەکانی دەزگا، یاخود ڕێکخراوو کۆمپانیاکەی خۆت دەزانی؟

ئایا بەپیری هەڕمشەکانەوە دەچیت.. یان هەمیشە خۆت دەپارێزیتو بیر لە هێشتنەوەی بارودۆخی ئێستە دەکەیت؟

ئایا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕمشەو گرفتەکاندا، بەهرەو بڕشتو هێزو وزەکانت دەردەخەیت؟

لێرەدا بیری گوتەیەکم دەکەوێتەوە، کە باوکم بۆی گێڕامەوە.. کە باسی دەستو پێ سپیبوونو داماوی دەکات. باوکم گوتی؛

ناشنایەکم هەبوو دەیگوت؛ ئەگەر منداڵەکەم لە بەرجاومدا بکەوێت.. هەڵی ناسێنمەوە.

گوتم؛ لەبەرچی؟

گوتی؛ دەمەوێت لەسەر پێی خۆی بوەستێتو پشت بەخۆی ببەستێت.. بۆنەوەی وەك ئەو کەسانە نەبێت، کە تووشی گرفتێك هاتن، دەستەوئەژنۆ دادەمێنن و دنیایان بەو بەرفراوانییەوە لێ تەنگ دەبێتەوەو نازانن چی بکەن. من ئەگەر هەر لە ئێستەوە ڕای بهێنم لەسەرئەوەی بەردەوام یارمەتیی بدەم؛ ئەوا هەردەم لە کاتی کەوتندا هەڵناستێتەوەو وا دەزانێت هەتا کەسێك دەستی نەگرێت، ناتوانێت هەڵبستێتەوە.

سەرنج بدە؛ ئەگەر دایکە جۆلەکە، زەرناڤووتەکەی خۆی لە هێلانەکەوە، هەڵنەداتە خوارەوە، هەرگیز باڵ ناگرێتو فێری باڵەفڕێ نابێت.



Scanned with CamScanner



دا.. بە لەشکرە زۆرو زەوەندەکەیەوا هێرش بکاتە سەر ئۆرشەن.

متمانەی زۆری بە خۆی هەبوو، کە لە جەنگەکەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام سەربازەکانی لە سەرکەوتن، دوودڵو دڕدۆنگ بوون.

لەسەر ڕێگەی جەنگەکەیاندا لە پەرستگەیەک لایان دا.. پاش ئەوەی سەرلەشکر لەگەڵ سەربازەکانیدا نوێژی کرد.. دراوێکی ئاسنی دەرهێناو گوتی؛

ئێستە من ئەم دراوە هەڵدەدەم، ئەگەر شێر دەرچوو.. ئەوا لەم جەنگەدا سەر دەکەوین، بەڵام ئەگەر خەت دەرچوو.. ئەوا شکست دەهێنین.

چارەنووسی خۆی دەستنیشان کرد.. دراوی هەڵدا بۆ ئاسمانو هەموان بەتامەزرۆییەوە تەماشایان دەکرد.. کاتێک دراوەکە کەوتەوە سەر زەوی، شێر دەرچوو.. ئیدی سەربازەکان دەنگی شادیپان گەیشت بە تەشقی ئاسمان.. لە خۆشییاندا پێیان زەوی نەدەگرت.. بەتەواوەتی لە سەرکەوتنیان دڵنیابوون.. سەرەنجام بە گوڕو تینەوە، پەلاماری دوژمنیان داو سەرکەوتنیان بەدەست هێناو جەنگەکەیان بردەوە.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە، نەفەسەرێکی ناو لەشکرەکە.. لە سەرلەشکرەکەی پرسی؛ قوربان.. جەنگێکی ناوا چارەنووسساز، چۆن دەبێت بە شێرو خەت بسپێردرێت؟! ئایا شێرو خەت توانای گۆڕینی ئاکامی جەنگی هەیە؟!

سەرلەشکرەکە لە وەڵامیدا گوتی؛ هەق بە تۆیە.

پاشان دراوەکەی، پیشانی نەفسەرەکە دا.. بەڵام هەر دوو ڕووی دراوەکە..... شێر بوو!!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

نەوەی جووینە ناو پارێگاوە، بەگیانو دڵ باشترین پارێمان کرد، کە لە مێژووی ئەم تیپەدا وێنەی نەبوو، هەروەها توانیمان پارێیەکە لە بەهێزترین تیپی گرووپەکە ببەینەوە.

پاش کۆتاییهاتنی پاڵەوانێتییەکە، ڕاهێنەرەکە هات بۆ لامانو پیرۆزبایی دەستخۆشی سەرکەوتنی لە هەموانو یەکە بە یەکەی پارێزانەکان کرد، پێش نەوەشی زەمینی پارێگاکە بەجێ بهێڵین، پرسیارێکی ئاراستە کردین: کێتان دەزانێت، بۆچی داوام لە هەمووتان کرد، تەوقە لەگەڵ یەکدیدا بکەن، یەکدی لە ئامێز بگرن، یەکدی ماچ بکەنو یەکدی بە ناوی خۆتانەوە بانگ بکەن.

گوتمان: بۆنەوەی پەیوەندیی خۆشەویستیو برایەتی، لە نێوانماندا بتەو بێت.

گوتی: ئەمە بەشێکی سادەی کارەکە بوو، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە، کە من لە بواری وەرزشدا، ئەزموونێکی دوورودرێژم بڕیوەو لەو ئەزموونەوە ئەوە فێربووم، کە لە هیچ تیپێکی سەرکەوتووی جیهاندا، چ لە ئاستی تیپە میللییەکاندا بێت، یاخود یانەکان، بگرە لەهەڵبژاردە جیهانییەکانیشدا بێت، گیروگرفت لە نێوان پارێزانەکانیدا نابینیت.. ئەوەی ویستم لەم کارە، ئەوەیە: گشت گیروگرفتەکانتان بخەنە ناو تووڕەکەیەکو دەرەوەی گۆڕەپانەکەدا دای بنێن؛ بۆنەوەی هەمووتان کۆمەڵە پارێزانێك بن لە یەك جەستەدا، هەروەها کاتێك لە گۆڕەپان دێنە دەرەوە. سەرجەم گیروگرفتەکانی ناو گۆڕەپان، هەر لەناو گۆڕەپان بەجێ بهێڵنو لەگەڵ خۆتانەدا هەڵی مەگرن، هێڵی جیاکەرەوەش، هەر هێڵی جوارەوری پارێگایە. ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەشدا، بەکەڵکتان دێت.

خوێنەری بەڕێز: کاتێك لە کار دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، هەموو کێشەکانی کارەکەت، لە تووڕەکەیەکداو لە دەرەوەی ماڵەکەت دابنێو بەبێ گرفت بچۆرە ناو ماڵەوە. کاتێکیش دەچیتە سەر کار، گشت کێشە خێزانییەکانت، لە پشت دەرگەی ماڵەکەت دابنێو مەیبەرە سەر کار؛ بۆنەوەی کێشەو ناخۆشییەکان، لەسەر خۆت، نەکەیت بە چەند قاتو چەند بار.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

دەگێڕنەوە: لە وڵاتی یاباندا، ملیۆنەرێك هەبوو، بە دەست چاونێشەوە گرفتی بووبوو، بەتەواوی خەو لە چاوی تۆرابوو. بۆ دەرمانی دەردی چاوی، چەندان دەرمانی خواردبوو، چەندان دەرزی لە خۆیدا بوو، بەڵام هیچ ئەنجامێکی باشی نەبوو.

ئەو پاش ئەوەی، هەموو ڕاوێژو سەردانە پزیشکییە زۆرەکانی، دادی نەدا، کەڵکێکی وەهای نەبوو، کە جێی باس بێت، سەردانی دانایەکی کرد. ئەویش پاش تەماشاکردنی چاوی کابرا، پێی گوت: دەبێت بۆ ماوەیەك جگە لە ڕەنگی سەوز، تەماشای هیچ ڕەنگێکی دیکە نەکەیت. کابرای نەخۆش، پاش ئەوەی دانا کەی بەجێ هێشتو بەردو ماڵ گەڕایەوە.. فەرمانی بە هەموو خزمەتکارەکانی خۆی کرد، کە تەواوی خانووەکەی، سەوزپۆش بکەن، هەروەها هەموو کەلوپەلی خانووەکە، بە کەلوپەلی ڕەنگ سەوز بگۆڕن.

پاش ماوەیەکی دیکە، فەرمانی دا بە گۆڕینی جلوبەرگی ئەندامەکانی خێزانەکەیی و خزمەتکارەکانی بە ڕەنگی سەوز، پاشان ڕەنگی نۆتۆمبیلەکەشی نیدی هەرشتێکی بەرچاو دەکەوت، دەبوو بە ڕەنگی سەوز بگۆڕدرایە، سا بەڵکو نێشی چاوی بنیشێتەوە.

پاش ماوەیەك بۆ سوپاسکردنی دانا کە، بانگهێشتی کردو میوانداریەکی بۆ سازاند. دانا کەش بە بەرگێکی پرتەقاڵییەوە، بەردو ماڵی ملیۆنەرەکە بەڕێ کەوت، کاتێك هاتە ژوورەوە، هەستی کرد دەبێت پۆشاکەکەی بگۆڕێتو پۆشاکی سەوز بپۆشێت. هەر بۆیە داوای پۆشاکێکی سەوزی کرد، پاشان پۆشاکە سەوزەکەی پۆشیو چووە لای ملیۆنەری چاونێشاو، لێی پرسی: نازاری چاوت چاك بووەتەوە؟ دەوڵەمەند سوپاسی کردو گوتی: بەڵێ، بەڵام گرانترین دەرمان بووە، کە تا ئێستە بە کارم هێنا بێت.

دانا کە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: بە پێچەوانەوە، ئەمە هەرزانترین دەرمانە، کە تا ئێستە نووسیومە، بۆ چارەی نازاری چاوتان، هەر چاوێلکەیەکی شووشە سەوزت بکڕیایە، ئەم هەموو خەرجییەی نەدەویست. تۆ بەم کارەت ناتوانیت تەواوی دنیا بگۆڕیت، بەڵکو بە گۆڕینی جۆری ڕوانینت، دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت ببینیت!

Scanned with CamScanner

پیاوو کەلەشێر...

پیاوێك هەبوو.. وای دەزانی دەنکە گەنمێکە. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە نامۆیەی کە بەرامبەر خۆی هەیبوو.. وای لێ هاتبوو.. زۆر دەترسا، کەلەشێر لێی نزیك ببێتەوەو ئەو کەلەشێرە، ئەو بە خواردنی جەوری خۆی بزانێتو بیخوات. ئیدی هەر کە لە دوورەوە کەلەشـێرێکی بەرچاو دەکەوت.. سامی لێ دەنیشـتو بە هەلەداوان ئەو جێگایەی جێ دەهێشتو ڕای دەکرد. پاش ئەوەی خێزانو منداڵەکانیو دۆستو برادەرانی، لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەیدا سەرسـام بوون.. سـەرەنجام بڕیاریان دا، بیبەن بۆ لای پزیشـکێکی دەروونی.. سا بەڵکو لە گۆڕینی ئەو لە خۆ بەکەم ڕوانینەی هەیەتی، سەرکەوتوو بێت.

بەڵێ، پزیشکە شارەزاکە، لە چارەسەرکردنیدا سەرکەوتوو بوو.. پیاوەکەش باوەڕی بەوە هێنا.. کە ئەو مرۆڤە.. دەنکە گەنمێك نییەو بەئاسانی بخورێت.. دۆستو نزیکەکانیشی



Scanned with CamScanner

نەوەندە خۆشحاڵ بوون، کە هەر لەباس نایەت.. بۆیە زۆر زۆر سوپاسی پزیشکەکەیان کرد. پاشان بە هاوەڵێی هاوەڵەکەیان، بەخێر لای پزیشکەکە ڕۆیشتن.. هەرکە گەیشتنە سەر شەقامەکە.. کەڵەشێرێکی بینی، بە باڵ فشکردنەوە ڕێی دەکرد. لە ترسانا هاوارێکی لێ بەرز بووەوە، هەروەک نەریتی پێشووی- بەوپەڕی توانای خۆی ڕای کرد. پاش نەوەی چەند جرکەیەک، هاوەڵەکانی لەبەر نەم کارە لە جێی خۆیان ڕاوەستانو حەپەسان.. بە دوایدا ڕایان کرد. پاش هەوڵێکی زۆر ڕایانگرت.. بە نارەزایەکەوە پرسیاریان لێکرد، ئایا چوویتەوە سەربارەکەی جارانت.. کە وات دەزانی، دەنکە گەنمێکیتو بەس؟

یەکسەر لە وەڵامیاندا گوتی: پزیشکەکە باوەڕی پێ هێنام، کە من مرۆڤم. بەڵام کێ نەو باوەڕەی لای کەڵەشێر دروست کردووە.. کە من دەنکە گەنم نیم؟!

نەم چیرۆکە وا دەردەکەوێت.. زۆرتر لە نوکتەو قسەی خۆشەوە نزیکە.. بەڵام بەداخەوە، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی زۆرێکمانە.. ئەوانەی تێڕوانینیان بەرامبەر بە خۆیان نارێکە.. ئەوا ئەو تێڕوانینەیان، لەسەر ڕێی سەرکەوتنیان.. بووەتە بەردو بەربەستێکی گەورە. بۆیە پێم خۆشە پێت بڵێم.. هەرگیز ناتوانیت ژیانت بگۆڕیتو ناشتوانیت بگەیتە ئەو بارودۆخەی دڵخوازی خۆتە.. مەگەر تێڕوانینت بەرامبەر بەخۆت، لەگەڵ خەونەکانت پێک بێنەوەو بگونجێن.

سا بۆ تێڕوانینێکی لەبار بەرامبەر بە خۆت.. ئەستەمە - لە بڕینی ڕێ تا کۆتاییەکەی - سەرکەوتووبیت.. ئەویش ئەگەر دەستت پێ کرد. دەیسا بارودۆخی ئێستەت هەرچۆنێك بێت.. لە ناخی خۆت بڕوانە.. بە دوای ئەو شتەدا بگەڕێ، کە دەتوانیت بەدیی بهێنیت...

جاك وایە، وتەی سێ ناودارت، بخەمە بەر جاوی تۆی ئازیز؛

گومانی خراپ بە خۆبردن.. سەختترینی نەو زیانانەیە، کە دەشێت تووشی مرۆڤ بێت. گۆتە.

زۆرجار داخەرجاندنی نرخی ناخ.. گەورەترین خاڵی لاوازی مرۆڤایەتییە. دەیفد شوارتز.

هەستمان بەرامبەر بە خۆمان، بە شێوازێکی بەکلاکەرەوە، کار لە هەڵسوکەوتمان دەکات. ناتاپیل براندن.

Scanned with CamScanner



تیکۆشان مەکە بە تیکۆشان!!

دەگێڕنــەوە، جووتیارێك لە زەویوزاری کابرایەکی خانەدانـدا کاری دەکرد، هەتا بڵێی ماندوونەناس، شــەوو ڕۆژی بۆ خزمەتی زەویوزارەکان خســتبووە سەریەك. خانەدانەکە ویســتی لە بەرامبەر نــەو هەموو ماندووبوونو تێکۆشــانە، کەمێك پاداشتی جووتیارەکە بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی کرد؛ تا لە مااڵی خۆیدا میوانداریەکی باشی بۆ بکات، خواردنێکی جەورو بەتامی پێشکەش بکات. پاشان جووتیارەکــە بەدەم بانگهێشــتی کابرای خانەدانەوە هات. ئەویش پێشــوازیەکی گەرموگــوڕی لێ کرد، بەرەو ژووری میــوان بەڕێی کرد. لەبەرئەوەی جووتیارەکە لە ڕێوە هاتبوو، شــەکەت بووبوو، ســەرەتا قاپێك ئاوی خســتە خزمەتی. کاتێك جووتیارەکــە دەســتی بە خواردنەوەی ئاوەکە کرد، ســەیری کرد، تووڵەمارێك لە نــاو قاپەکەدایە. بۆئەوەی خانەدانی خانەخوێ تەریق نەبێتەوەو ڕووگیر نەبێت، ناچار چاوی نووقاندو ئاوەکەی هەڵقوڕاند.

پاش چەند ڕۆژێك، جووتیارەکە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد لە سکیدا، ئازار زۆری بۆ هێنا. ناچار بۆ دەرمانی دەردی خۆی، بەرەو خانەی خانەدانەکە ملی ڕێی گرتەبەر. ئەمجارەش بە ڕووخۆشییەوە پێشوازی لێکردو پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ژووری میوان.

خاوەن ماڵ دەرمانی بۆ ئامادە کردو لە قاپێکدا دایە دەستی. هێشتا دەرمانەکەی نەخواردبوەوە، دیســان تووڵەمارێکی لەناو قاپەکەدا بینییەوە. بڕیاری دا ئەم جارە بێدەنگ نەبێت، هەڵی دایەو بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی، جاری پێشوو کە هاتم، ئەم

Scanned with CamScanner

تووڵەمـارە نەفرەتییە، نارامی لەبەر بڕیەو بۆ من بوو بە مایەی ئەم هەموو
نێشو نازارو دەردو نەخۆشییە. دیسانەوە هەڵی قورتنمەوەو قسەش نەکەم؟!
خانـەدان پێکەنینی لێ پژاو دەسـتی بۆ میچەکە ـ کە کەوانێکی پێوە هەڵوسـراوە ـ
درێژکردو بە کاکی جووتیاری گوت: دیارە تۆ لە قاپەکەدا وێنەدانەوەی ئەم کەوانە دەبینی
نەک تووڵەمار، ڕاستت دەوێت تووڵە مارێك لە نارادا نییە.
جووتیارەکە تەماشای قاپەکەی کردەوە، خەیاڵی ناسوودە بوو کە ئەوەی پێی بگوترێت
تووڵەمار بوونی نییە، بەڵکو وێنەدانەوەیەکی سادەیەو بەس. پاشان بێ ئەوەی دەرمانەکە
بخوانەوە، خانەی خانەدانەکەی بەجێ هێشت. ڕۆژی دواتر چاکبوویەوەو هیچ نازاری نەما.
کاتێك چەند تێڕوانینو بۆچوونێکی سنووردار، لەبارەی خۆمانو دەوروبەرمان
پەسەند دەکەین؛ ئەوا بەخەیاڵ تووڵەمارێك قووت دەدەینو هەتا لە پێچەوانەکەی
دڵنیـا نەبینەوە، ئەم تووڵە مارە هەر بەڕاسـتەقینەیی دەمێنێتەوە. ئیدی هزری
بـزر، یـان زەینی ناوەکی ـ ئەو ناوچەی مێشـکی مرۆڤە کـە ژمارەیەکی زۆر لە
ئەزموونو هەڵوێستو ڕووداوەکان هەڵدەگرێت، هەر لەوێشەوە بیروبۆچوونی ئەو
مرۆڤە هەڵدەقوڵێت ـ دەسـت بە پەسـەندکردنی بیرۆکەکە، یان بۆچوونەکە ـ ج
ڕاسـت بێت، یا درۆ ـ دەکات. تەنانەت وەك موگناتیس دەسـت دەداتە کێشکردنی
ئەو بیرۆکانەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن.

گرێمان کەسێك لای وایە سازکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ یەکێکی دیکەدا،
کارێکی ئاڵۆزەو زۆریش ئاسان نییە. ئەمە ڕەگ دادەکوتێت. پاشان ئەم بۆچوونە،
بـە چەنـد بیرۆکەیەك کە پشـتیوانی لێ دەکەن، هزروهۆشـی ئەو نـاو دەدات.
لەوانە: هەرگیز بەو کەسە ناگەم کە خۆشم دەوێت. پەیداکردنی هاوکارێکی باش
کارێکی ئەستەمە.....هتد. دواتر لە هەڵسوکەوتیدا ڕەنگدەداتەوەو بەرپەرچی ئەو
بۆچوونانەش دەداتەوە کە پێچەوانەی ئەوەی خۆی دەسەلمێنن.
بۆئەوەی کەوانێك نەکەیتە تووڵەمار، نیسـکێك نەکەیتە گیسـکێك، بەرلەوەی
بڕیار لەسـەر شـتێك بدەیتو لە دڵو دەروونتدا بیچەسـپێنیت، زۆر بەوردی لێی
بکۆڵەرەوە.

Scanned with CamScanner



گادز

کابرایەك لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی خراپدا، دەستگیردەکرێتو دەخرێتە زیندانەوە. پاسەوانی زیندانەکە پاش ماوەیەکی زۆر سەرنجی دا، ئەم کابرایە لەگەڵ زیندانییەکانی دیکەدا جیاوازییان ناسمانو ڕێسمانە، ئەم ڕووگەشو ئەوان ڕووگرژ، ئەم قسەخۆشو ئەوان قسەڕەق، ئەم بە بەڕێز دەهاتەبەرچاو، ئەوانیش بێڕێزا پاسەوان کابرای بە چاك دەزانیو ئەوانی دیکەش بە خراپ. پاسەوانەکە هەرچەند سەری دەهێناو سەری دەبرد سەری لەم باسە دەرنەدەکرد، «تۆبڵێی ئەم کابرایە چی کردبێت؟ شەڕ؟ پیاوکوژی؟ دزی؟ بەرتیلخۆری؟ بڕواناکەم ئەمانە لەم کابرایە بوەشێتەوە!» پاسەوانەکە هەر دالّغەی لێدەداو لەبەر خۆیەوە پرسیاری دەکرد، باوەڕی بە تاوانباری کابرا نەدەکرد دواتر گوتی: ((با بەخۆی بڵێم)).

Scanned with CamScanner

کابرای بانگ کردو لێی پرسی: ((ئەرێ کاکە من لە چاکی‌و باکیی تۆ، گومانم نییە، بەڵام سەرم لەوە سوڕماوە کەسێکی بەڕێزی وەک تۆ، چۆن دەبێت لەگەڵ کەسانی هەرچی‌و پەرچیدا، لە ژوورێکی تاریکی زیندانیدا توند بکرێت؟ باشە بۆچی ناڵێیت لەسەر چی گیراویت؟))

کابرای زیندانی گوتی: ((چی بێت لە تۆ نهێنی، ڕاستییەکەی من لەسەر ئەوەی سەری گوریسێکم بەدەستەوەبووە گیراوم))!

پاسەوانەکە خۆی پێ ڕانەگیراو گوتی: ((بەخوا بەناهەق تۆیان گرتووە، نامەردییان لەگەڵدا کردوویت، من دادی حاڵی تۆ، دەبەمە بەردەستی بەرپرسی ئەم زیندانە، ئەوبەڕی توانام دەخەمە گەڕ؛ تا لە زیندان بتهێنمە دەر)).

کابرا گوتی: ((گەر ئەمەم لەگەڵدا بکەیت؛ تا مردن لە چاکەت دەرناچم)).

پاسەوانەکە چوو بۆ لای بەرپرسی زیندانەکە، سەبارەت بەپرسی ئەو کابرایە لەگەڵیدا دوا، ئەویش لەبەر پاسەوانەکە، دۆسیەی گرتنی کابرای پیشان دا، پاسەوانەکە سەیری کرد نووسراوبوو: ((کەسی ناوبراو لەسەر گادزین دەستگیر کراوە))!

بەند لەم چیرۆکە،

١- زۆرجار تاوانبار بەجۆرێك دەدوێت، وا دەزانیت بێتاوانە! وەك کابرای زیندانی کە پێی گوترا: ((لەسەرچی گیراویت؟)) وتی: ((لەسەر ئەوەی سەری گوریسێکم بەدەستەوەبوو))! بەڵام پاسی سەرەکەی دیکەی گوریسەکە نەکرد، کە گایەکی پێوەبوو!

٢-قسە بجو، ئینجا بیدو.

٣-هەر لەخۆوە نابێت، بڕیار لەسەر شتێك بدەیت هەتاوەکو نەچیتە بنجوبناوانییەوەو نەمسەرو نەوسەری لێك نەدەیتەوە بۆیە دەڵێم،

گوریس هەیەتی، هەی کاکە دوو سەر
یەکێکی ئەم سەر ئەوی دی ئەو سەر
تاکو نەزانێت چی پێوە گیرە
تاوی ئاداتێ ئەو کەسەی ژیرە

Scanned with CamScanner

نەمسال زستان زۆر سەختدەبێت!

سەرمای وەرزی پایزبوو، هۆزی هیندبیە سوورەکان، لە سەرۆکهۆزە نازەکەیان پرسی: ئەم زستانەی لە پێشمانە، ساردو سەختە، یان نا؟ لەبەرئەوەی سەرهۆزە نازەکە، لە نەوەی نوێی کۆمەڵگەی مۆدێرن بوو، هەروەها شتێکی نەدەزانی، سەبارەت بە نیشانبیە کۆنەکانی هیندبیە سوورەکان فێر نەبووبوو، نەیدەتوانی بە سەیرکردنی ئاسمان، چۆنیەتی کەشو هەوای زستان دیاری بکات. هیچ لەبەرئەوە لایەنی قایمکاری بەباش زانیو بە هەموو هۆزەکەی راگەیاند: زستانی ئەمسال سەختو سارد دەبێتو پێویستە داری وشك، بۆ شەوو رۆژی تەرووتووشی زستان کۆ بکەنەوە.

پاش چەند رۆژێك، پیرۆکەیەك بە هزروهۆشیدا هات، بەردەو ناوەندی



Scanned with CamScanner

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بەڕێ کەوت.. پەیوەندی کرد بە فەرمانگەی کەشناسیو
پرسی: ئایا زستانی ئەمساڵ، سەختتو ساردە دەبێت؟
پسپۆڕی کەشناسی وەڵامی دایەوە: وا دێتە بەرچاو، ئەم زستانە بەر لە
سەرماوسۆڵەو تۆفنو گڕبۆوە دەبێت.
سەرۆک هۆزی تازە بەرەو لای هۆزەکەی هاتەوە.. هەموو ئەندامانی هۆزەکەی
کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن، داری زۆرترو پێداویستیی زیاتر، بۆ سەرمای سەختی
زستان کۆ بکەنەوە.
پاش حەفتەیەک دیسانەوە سەرۆکهۆزە تازەکە، پەیوەندی بە فەرمانگەی
کەشناسی کردەوەو لێی پرسین:
ئایا هێشتا هەر بەو چەشنە بیر دەکەنەوە، کە زستانێکی زۆر ساردمان لە
پێشە؟
پسپۆڕی کەشناسی وەڵامی دایەوە: بەڵێ.. زستانێکی زۆر ساردمان لە پێشە.
دیسان سەرهۆزی تازەی هیندییەسوورەکان.. بەرەو هۆز هاتەوەو بە ئەندامانی
هۆزەکەی ڕاگەیاند: هەر کۆتەرەیەک، هەر چڵە دارێکتان بەرچاو کەوت، سێو
دووی لێ نەکەنو هەڵی بگرنەوە.
پاش حەفتەیەک، جارێکی دیکە سەرۆکهۆزە تازەکە پەیوەندی بە فەرمانگەی
کەشناسی کردەوەو لێی پرسین:
ئایا ئێوە بە تەواوەتی دڵنیان، کە زستانی ئەمساڵ زۆر سەختە؟
پسپۆڕە کەشناسییەکە وەڵامی دایەوە: ڕێک،ڕەوان وا دەردەکەوێت، زستانی
ئەمساڵ، سەختترینو ساردترین زستان دەبێت، کە تا ئێستە ئەم ناوچەیە، زستانی
وەهای بەخۆیەوە نەدی بێت.
سەرۆکهۆزی تازەی هیندییە سوورەکان پرسی: چۆن دەکرێت، تا ئەو ڕادەیە
دڵنیا بن؟
پسپۆڕە کەشناسییەکە وەڵامی دایەوە: چونکە هیندییە سوورەکان، هەروەکو
شێتان، کەوتوونەتە ناو کەژوکێوو هەردان.. خەریکی دارکۆکردنەوەن!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

کۆمەڵێک زانا پێنج مەیموونیان خستە نێو قەفەسێکەوە. لە ناوەڕاستی قەفەسەکەدا پەیژەیەکیان لەسەر پەیژەکەش چەند مۆزێکیان دانا.

پاش ماوەیەک، مەیموونێکیان بە پەیژەکەدا هەڵگەڕا، تا مۆز هەڵبگرێت.

هەرکە مەیموونەکە، لە مۆزەکە نزیک کەوتەوە، زاناکان ئاوی ساردو سەهۆڵاویان بەسەر مەیموونەکانی دیکەدا ڕشت.

پاش تۆزێکی دیکە، مەیموونێکی دیکە هەوڵی دا کە مۆزەکە هەڵبگرێت. دیسانەوە زاناکان ئاوی ساردو سەهۆڵاویان بەسەر مەیموونەکانی دیکەدا کردەوە. ئەم کارەیان چەند جارێک دووبارە کردەوە.

هەر نەوەیان دی.. کاتێک مەیموونێک دەچوو بۆ مۆزەکە، مەیموونەکانی دیکە ڕێیان لێدەگرت، تا چیدی ئاوی ساردو سەهۆڵاویان بەسەردا نەکرێت. خۆ ئەگەر مەیموونێکیان، هەر ملی نەدایە؛ ئەوا هەموویان بە چەپۆک پێیاندا دەکێشا، تا دەست لەو کارە هەڵبگرێت.

دوای ماوەیەک هیچ کام لە پێنج مەیموونەکە، گەرچی دڵیان بۆ مۆزەکە لێی دەدا، بەڵام هەموویان زاتی چوونە سەر پەیژەکەیان لە دڵی خۆیان دەرکردبوو.

زاناکان مەیموونێکیان لە قەفەسەکە دەرهێناو یەکێکی تازەیان خستە جێی.

مەیموونە تازەکە، چاوی بە مۆزەکە کەوتو ڕۆیشت بەرەو پەیژەکە.

مەیموونەکانی دیکە، هێرشیان بۆ بردو لێیانداو نەیانهێشت دەستی بە مۆزەکە بگات.

پاش چەند جار هەوڵو تەقەلا بۆ گەیشتن بە مۆزەکەو لێدانی لەلایەن مەیموونەکانی تردەوە، مەیموونە تازەکە بێئەوەی بزانێت بۆچی لێی دەدرێت، بەڵام فێری نەوەبوو کە نابێت دەست بۆ مۆزەکە ببات.

زاناکان یەکێکی دیکەیان لە پێنج مەیموونەکەی یەکەمجار هێنایە دەرەوەو مەیموونێکی دیکەی تازەیان خستە بری.

مەیموونە تازەکەی دووەمیش بە پەیژەکەدا هەڵگەڕاو بەر شاڵاوی چەپۆکی مەیموونەکان کەوت. هەڵبەت مەیموونە تازەکەی پێشتریش بەشداری لەم

Scanned with CamScanner

نەمبێکردنەدا کرد.

دیسان زانساکان سێیەمین مەیموونیان لە پێنج مەیموونەکەی پەکەمجار هێنایەدەرو مەیموونێکی دیکەیان لەجێی دانا.

مەیموونە تازەکەی سێیەمیش بە پەیژەکەدا هەڵگەڕاو کەوتە بەر لێزمە چەپۆکی مەیموونەکان.

دوو مەیموونە تازەهاتووەکەش، بێنەوەی بزانن بۆچی ڕێ نادەن بە پەیژەکەدا هەڵبگەڕێن، یان بۆچی بەشداری لێدانەکە دەکەن، هەر چەپۆکیان دەوەشاند.

پاش نەوەی زاناکان چوارەمینو پێنجەمین مەیموونیان لە پێنج مەیموونەکەی یەکەمجار، بە مەیموونی دیکە گۆڕییەوە.. ئیدی نەوەی کە مابوویەوە، پێنج مەیموون کە ناوی ساردو سەهۆڵاویان بەسەردا نەکرابوو، کەچی گەر مەیموونێك بە پەیژەکەدا هەڵبگەڕایە، بەر ڕێڕێنەی چەپۆکی نەوانی دیکە دەکەوت. سا لەبەرئەوە هیچ مەیموونێك هەوڵی هەڵگەڕان بە پەیژەکەی نەدەدا.

ئەگەر بە زمانی حاڵ لەم پێنج مەیموونە تازە بپرسی: بۆچی هەر مەیموونێك بە پەیژەکەدا هەڵبگەڕێت، لێی دەدەن؟!

ئەوا هەر هەموویان یەك وەڵام دەدەنەوە، ئەویش:

(تا ئەو جێیەی من بیزانم، هەر ئاوها بووە)..

لام وایە، ئەم وەڵامەتان لا نامۆ نییە.. چونکە لە کاروباری ڕۆژانەماندا کۆمەڵە ڕەفتارێك دووبارە دەکەینەوە، بێنەوەی بیری لێبکەینەوە لە کوێوەو بۆچی پەیدا بووە.



Scanned with CamScanner

لیرەی زێڕین!

دەگێڕنـــەوە، لە گوندێکی دڵنشـــیندا، پیاوێکی دەوڵەمەنـــدو خوداپێداو، تاقە کوڕێکی هەبوو، کە دایکی زۆر نازی دەکێشاو نەیدەهێشت دەست بۆ ساردو گەرمی ژیـــان ببات، تـــا گەورەبوو، بوو بە گەنجێـــک کە هیچ کارێکـــی نەدەزانی، خەوو خۆراکو پیاســـەی کووچەو کۆڵانو سەرشەقامەکانی شارو خۆش ڕابواردن نەبێت.

هەڵبەت بەو پارەیەی کە بەدزیی باوکییەوە، دایکی پێی دەدا!

بەپانییەکان، باوکی کوڕەکەی بانگ کردو پێی گوت،

ڕۆڵەگیـــان، تۆ گەورە بووییت، بوویت بە گەنجێکی بەخۆو پتەو، لەم ســـاتەوە دەبێت بە ماندووبوونو ئارەقی تەختی تەوێڵی خۆت، بژێوی خۆت پەیدا بکەیتو پشت بەخۆت ببەستیت.



Scanned with CamScanner

کوڕەکەی گوتی: بابەگیان، ئەمن لە هیچ کارێکدا شارەزا نیم.

باوکی پێی گوت: بەڵام دەکرێت فێر ببیت، لە ئێستە بەدواوە، دەبێت بچیت بۆ بازاڕو کار بکەیت.. هەتا لیرەیەکی زێڕ کۆ نەکەیتەوەو بۆم نەهێنیت، نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ!

کوڕە لە ماڵ چوویە دەر، هەرکە پێی خستە ئەو دیو دەرگاکە، دایکی بە دووپدا هاتو لیرەیەکی زێڕی پێ داو داوای لێ کرد: بچێت بۆ شارو ئێوارە بگەڕێتەوە: بۆنەوەی لیرەکە بدات بە باوکیو لافوگەزافی ئەوەش لێ بدات، کە بە ڕەنجو زەحمەتی خۆی پەیدای کردووە!

کوڕەکەش بەقسەی دایکی کردو ئێوارە گەڕایەوەو چوو بۆ لای باوکیو گوتی: بابە گیان فەرموو، ئەمە ئەو لیرەیەیە کە داوات لێ کردبووم، بەرهەمی کاری خۆمەو بە ماندووبوونێکی زۆر پەیدام کردووە!

باوکەکە لیرەکەی وەرگرتو بەجوانی لێی ورد بوویەوە، پاشان هەڵی دایە ناو ناگری بەکلێپەی سۆپادارەکەوەو گوتی:

ئەمە ئەو لیرەیە نییە، کە داوام لێ کردبووییت. پێویستە سبەی بچیتەوە بۆ شارو لیرەیەکی دیکەم بۆ بهێنی!

کوڕەکە بێدەنگی هەڵبژاردو هیچ قسەیەکی نەکردو بەرامبەر هەڵسوکەوتی باوکی، هیچ نارەزایەتییەکی دەرنەبڕی.

بۆ سبەی بەیانی، بەمەبەستی چوون بۆ شار، کوڕە چووە دەر، هەرکە پێی نایە ئەو دیو دەرگاکە، دایکی بە دوایدا هاتو لیرەیەکی زێڕی دیکەی پێ داو پێی گوت: زوو مەگەڕێرەوە، دوو سێ ڕۆژێك لە شار بمێنەرەوە، پاشان لیرەکە بهێنەرەوەو بیدەرە دەست باوکت.

کوڕەکە، ملی ڕێی گرتە بەر، هەتا گەیشتە ناو شار، سێ ڕۆژی بەسەر بردو گەڕایەوە بۆ لای باوکی گوتی:

فەرموو بابەگیان، ئەمە ئەو لیرەیەیە، کە داوات کردوو، دەردەسەریی زۆرم چەشت، تا پەیدام کرد.

Scanned with CamScanner

باوکەکـە لیرەکـەی وەرگرتـو لێی ورد بووەوە، دیسـان هەڵی دایەوە ناو ناگرە
بەکڵپەکەی سۆپاداردەکەوەو گوتی:
نەمەشـیان نەو لیرەیە نییە، کە داوام لێ کردبووییت. پێوستە سبەی بچیتەوە
بۆ شارو لیرەیەکی زێڕینی دیکەم بۆ بهێنی!
کوڕەکە بێدەنگی هەڵبژاردو هیچ قسەیەکی نەکرد!
لە سـبەی بەیانیدا، پێش نەوەی دایکی لە خەو خەبەری ببێتەوە، بەدزییەوە
لە ماڵ چووە دەر، ڕێی بەرەو شـار گرتە بەر، مانگێکی ڕەبەقی لەوێ بردە سـەر،
پاشـان گەڕایەوەو لیرە زێڕەکەی خسـتە سەر دەستیو لەناو مشتیدا توندی کرد!
چونکە هەربەڕاسـتی هەتا نەو لیرەیەی پەیدا کرد، نارەقی ڕەشو شینی دەرکرد.
پاشان دای بەدەست باوکییەوەو گوتی:
بابەگیان، سوێندت بۆ دەخۆم، نەو لیرەیە، بە ڕەنجو زەحمەتی زۆرو دەرکردنی
لێشـاوێك نارەقی ناوچەوانم پەیدام کردووە، تاڵیو سوێری بێنەندازم لە پێناویدا
چەشتووە!
باوکەکـە لیرە زێڕەکەی بە دەسـتەوە گرتو وێسـتی فڕێی بداتـە ناو ناگرە
بەبڵێسەکەوە.. کوڕەکەش بەلاماری دەستی باوکی داو گرتی، نەیهێشت فڕێی بدات.
باوك پێکەنیو دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەیو گوتی:
کوڕم، نـا نیسـتە بووییت بە پیاوو دەتوانیت لەسـەر پێی خۆت بوەسـتیت! ئەم
لیرەیە، بەڕاستی بەری ڕەنجو هەوڵی خۆتە؛ چونکە بۆ لەدەستدانی بەخەم بووییت،
کەچی بۆ لەدەسـتچوونی دوو لیرەکەی پێشوو، قسەت نەکردو بۆی دانەچوویت.. جا
هەر کەسـێك بەبێ ماندووبوونو زەحمەتی بڕێنش، پارەی هاتە نێو دەست، ئاسایە
لای لەدەستی بچێتو دڵی بۆی نایەتە ئێش. گوتراویشە:

بـێ خـەبـات هـەر کـەس، بـێـتـە شـای ولات
ئـاسـایـیـە لای، ولات لـە دەسـت بـات



Scanned with CamScanner



بێعاری‌و دەستیان بە دزینی مەڕی هاومالّەگانیان کرد. ئەمە لە کاتێکدا لەو ناوچە دوورەدەستانەدا، مەڕدزین بە تاوانێکی گەورە لەقەلّەم دەدراو سزایەکی توندی بۆ دانرابوو.

ڕۆژێکیان جووتیارەکانی شارۆچکەکە، بەسەر دزێتیی دوو دزەکەدا کەوتنو قۆڵبەستیان کردنو هەموان بڕیاریان دا: تەختی تەوێڵی هەردوو براکە، بە دوو پیتی «م، د» کە مانای مەڕدز دەگەیەنێت، بە جۆرێك داخ بکەن، تا دواهەناسەی ژینیان، ئەم نیشانەیان پێوە بێتو لێیان نەبێتەوە!

یەکێك لەو دوو برایە، بە هۆی نەخشی ئەم نیشانەیەوە، هەستی بە شەرمەزاری‌و ڕووزەردییەکی لەڕادەبەدەر کرد. لە ناکامدا بڕیاری دا، ئەو شارۆچکەیە بەجێ بهێڵێتو سەری خۆی هەڵبگرێت.. نیدی هیچ کەس هەواڵی لێی نەما.

هەرچی برای دووەمیش بوو، پەشیمانییەکی وەها دای گرت، کە لە باس نایەتو بڕیاری قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵانەی دا، کە بەرامبەر مافی جووتیارەکان ئەنجامی دابوون.

جووتیارەکان لە سەرەتادا لێی بەگومانو دڕدۆنگ بوونو لێی دوور دەکەوتنەوە.. بەڵام ئەم کاکەیە، لەسەر قەرەبووکردنەوەو چاککردنەوەی هەڵەکانی ڕابردووی، زۆر



Scanned with CamScanner

پیداگر بوو.. ئەم ڕەفتارەی جووتیارەکان دڵساردی نەکردەوەو وەری دانەبەزاند. بەڵکو کاتێک بەکێک نەخۆش دەکەوتو لە جێگەدا دەکەوت.. مەڕدزەکە سەردێڕی دەکردو بە بڕێک شۆرباو دیاریو چەند وشەیەکی پڕسۆز، دەستباری بۆ کۆڵی سەنگینی نەخۆشەکە دەگرت. هەرکەسێکیش پێویستی بە هاوکاری دەبوو، مەڕدزەکە دەستی یارمەتی بۆ کێش دەکردو بەبێ جیاوازی، یارمەتیی دارو نەداری دەدا.. سەربارى ئەوەش، لە هەمبەر ئەو کارانەیدا، داوای هیچ بەرامبەرو پاداشتێکی نەدەکرد.

ساڵان هاتو ڕۆیشت، ڕێبوارێك بە لای شارۆچکەکەدا ڕەتبوو، لە چایخانەکەی ئەوێ لای دا، تا تاوێك بحەوێتەوەو نیوەڕۆژە بکاتەوە.. لە تەنیشت پیاوێکەوە، کە ناگری پیری بە تەواوی لەسەری بەربووبوو، دانیشت.. تەختی تەوێڵی ئەم پیرە بەسالاچووە، بە نیشانەیەکی سەیر داخ کرابوو.


خاڵۆی ڕێبوار سەرنجی دا.. هەر کەسێك لە دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە، کە بە لای ئەم پیرەدا تێپەڕ دەبێت، ڕادەوەستێتو لەگەڵیدا دەدوێت، یاخود ڕێزو خۆشەویستیی خۆی بۆ دەردەبڕێت.. هەروەها مندالەکانی ئەوێ ڕادەوەستان، تا پیرە پیاوەکە لەنامێز بگرن، یاخود نامێزی گەرمی خۆی بۆ ئەوان بکاتەوە.

خاڵۆی ڕێبوار، هەستی زانین گوشاری بۆ هێناو لە چایچییەکەی پرسی: (ئەرێ کاکە، بە ئەرك نەبێت، پێم ناڵێیت، ئەم جێداخە سەیرە، کە لە تەختی تەوێڵی ئەم پیرەدایە، مانای چییە؟!)

کابرای چایچی لە وەڵامیدا گوتی: (ببەخشە کە نایزانم، بەڵام ئەوەندەی من بزانم، ئەم جێداخە بۆ دەمێکی دێرین دەگەڕێتەوە).. پاشان چایچی بۆئەوەی پیر بکاتەوە، کەمێك بێدەنگ بوو، دواتر گوتی: (هەڵبەتە منو گشت دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە، وای بۆدەچین، ئەو دوو پیتە «م. د» کە لە تەختی تەوێڵیدا داخ کراوە، مانای مەردی دەسپاك دەگەیەنێت!!!)

Scanned with CamScanner

خون و پراسرار!!!



Scanned with CamScanner

باسکال کرۆچی دەڵێت: رۆژێکیان خەونێکم دی. خەونەکەم نەمە بوو:

نامەیەکم لە پارێزەرێکی بەناوبگەوە بەدەست گەیشت. پارێزەرەکە پێی راگەیاندم کە خزمێکم پاش مردنی سامانو داراییەکی بۆ بەجێ هێشتووم، کە بە یەک ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. بەڵام وەسێتنامەکە، مەرجێکی تێدا هاتبوو. داوای دەکرد بەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزدا هەڵبگەڕێم، تا گەنجینەیەک کە لە لوتکەی چیاکەدایە هەڵبگرمەوە، کە نرخەکەی ملیۆنێک دۆلار بوو. ئەوسا ئەو کەڵەپوورو میراتییەی بەجێی هێشتووە، دەبێتە هی خۆم. واتە: دەسکەوتەکەم دەبووە دوو ملیۆن دۆلار.

لە خەونەکەمدا بەسەر چیاکەدا هەر هەڵدەگەڕام. بەر لەوەی بگەمە گەنجینەکە، هاوڕێکانم خەبەریان کردمەوە. پاشان لە ماناومەبەستی خەونەکەم گەیشتم. هەرچی چیاکەیە، ئەوە گەشتی کاری منە، کە هەر دەبێت بیگرمە بەر. بۆئەوەی چەندەم سامانو دارایی دەوێت بەدەستی بهێنم.

پاشان سەرکۆنەی خۆمم کرد. لەسەر چی؟! لەسەر ئەوەی خەونم بە بەکرێگرتنی هالی کۆپتەرێکەوە نەدیوە. بۆئەوەی تا سەر لوتکەی چیاکە پێی بفڕیمایەو بەر لەوەی هاوڕێیانم بێدارم بکەنەوە، گەنجینەکەم بەدەست بهێنایە.

کەچی زۆرجار لە ژیانی ڕاستینەی خۆماندا.. ناچار بەس بە دەستو قاچو شانو قۆڵی خۆمان، چنگەکرێ دەکەینو بەسەر چیاکەدا هەڵدەگەڕێین. لەوەش دژوارو نالەبارتر ئەوەیە: کەسێك شك نابەین.. لەو خەونە بێدارمان بکاتەوە!!!

Scanned with CamScanner



زەویکێلان

پیرەپیاوێك لە گوندێکی دوورەدەستی ئەمریکادا دەژیا. بە نیاز بوو، زەوییەکەی بکێڵێت، بەڵام ئەم کارەی زۆر لا سەخت بوو. تەنها کەسێك کە دەیتوانی یارمەتی بدات.. کوڕە تاقانەکەی بوو.. ئەویش لە کونجی زیندانداا بوو.

Scanned with CamScanner

پیرەمێردەکە نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسیو حاڵو گوزەرانی خۆی و خانەوادەکەی. بەم جۆرە بۆ ڕوون کردەوە:

(ڕۆڵەی شیرینم.. حاڵم زۆر باش نییە؛ چونکە نەمتوانی پەتاتە بچێنم و ناشمەوێت نەم زەویوزارەم لەدەست بچێتو سوودی لێ نەبینم، دەزانم نەمسال پەتاتە داهاتێکی زۆری دەبێت..

من توانای کارکردنم نەماوەو نەمەنم چۆتە سەر.. ئەگەر تۆ لێرە بووبتایە هەموو گرفتەکانم چارەسەر دەبوون. زەویپەکەت بۆ دەکێڵمو منیش هیچ خەمم نەبوو.

خۆشەویستت/ باوکت).

پاش چەند ڕۆژێك.. لە لایەن کوڕەکەیەوە، نامەیەکی بە دەست گەیشت..

(بابەگیان.. بۆ خاتری خودا، دەستم دامێنت.. نەکەی زەویپەکە بکێڵیت؛ چونکە من چەکەکەم لەوێدا شاردووەتەوە..

پاش چوار ڕۆژ .. دوانزە کارمەند لە ئێف بی ئایو نەفسەرو پۆلیسی ناوچەکە، گەیشتنە سەر زەویپەکەو تەواوی زەویپەکەیان هەڵدڕیو ژێرەو ژوورییان کرد.. بێ ئەوەی هیچ شتێکی تێدا بێت.

پیرەباوك، کە بە هۆی نەم بەسەرهاتەوە، ڕوخساری زەرد هەڵگەڕابوو، نامەیەکی دیکەی، بۆ کوڕەکەی ناردەوە:

(کوڕی شیرینم.. من باسی باروگوزەرانی خۆمم بۆ کردی.. دەردی دڵم بۆ هەڵڕشتی، بەڵام تۆ دوانزە پۆلیست نارده سەرم. گلەیی بێ لێیت.. کوڕو باوکایەتی چۆن وا دەبێت؟ نەمە چ کارێك بوو.. تۆ کردت؟)

کوڕەش لە وەڵامیدا نووسی:

(بابە گیان.. من گەر نازادیش بوومایە، زەویپەکەم بێ نەدە کێڵدرا.. بۆیە نەمو نامەیەم نارد؛ تا پۆلیسەکان بێن، لەبری من زەویپەکەت بۆ بکێڵن. ئێستە بڕۆ پەتاتەکەت بچێنە.. نەمە باشترین کارێك بوو.. لەدەستم بێت بۆت نەنجام بدەم).

سەرچاوە: سایتی ایرانیان امارات



ڕۆژێکیان هـۆزی کیسـەڵەکان بڕیاریان دا، بۆ گەشـتو سـەیران بچنە دەرەوە. لەبەرنەوەی سروشتی کیسەڵەکان بەو چەشنەیە کە بەهێواشی کار دەکەنو دەجوولێن.. حەوت دانە ساڵیان پێچوو، تا بۆ گەشتو سەیرانەکەیان ئامادە بوون!!!

لە کۆتاییدا هۆزی کیسـەڵەکان، بۆ دۆزینەوەی شـوێنێکی لە بارو شیاو، ماڵیان بەجێ هێشـت.. سەرەنجام لە دووەم سـاڵی گەڕانەکەیاندا، شوێنێکیان بۆ گەشتو سـەیرانەکەیان پەیدا کرد. بۆ ماوەی شـەش مانگ، شوێنەکەیان خاوێن کردەوە.. پاشـان سەبەتەی سەیرانەکەیان هێناو کەرەسـەی سازکردنی خۆراکیان ساز کرد.. دواتر زانییان، خوێیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە.

Scanned with CamScanner

هەموو لایەك لەسەر نەوە كۆك بوون.. كە گەشتو سەیران، بێ خوێ.. هیچ جێژێكی نییە.

پاش تاووتوێكردنو وتووێژێكی زۆر.. كەمتەمەنترینو گەنجترینو بەگوڕترین كیسەڵیان بۆ خوێ هێنان، هەڵبژارد.

كیسەڵی كەمتەمەنو بچكۆلە، بەرامبەر نەم هەڵبژاردنە دەیبۆڵاندو دەیناڵاند. لە ناو قاپوڕەكەیدا پەلەقاژەی دەكردو دەیپرتاند.

گەرچی نەو كیسەڵە خێراترینو بەگوڕترین كیسەڵی ناو هۆزی كیسەڵەكان بوو. بەڵام بە مەرجێك ڕازی بوو، بڕوات. مەرجەكەش نەوە بوو: تا نەو نەگەڕێتەوە هیچ كەس دەم بۆ نانو خواردنەكەیان نەبات.

هۆزی كیسەڵەكان مەرجی كیسەڵە گەنجو بەگوڕەكەیان پەسەند كردو نەویش بە ڕێ كەوت...

سێ ساڵ تێپەڕی، كیسەڵە گەنجەكە نەگەڕایەوە. بوو بە پێنج ساڵ.. بوو بە شەش ساڵیش هەر نەهاتەوە.. پاشان لە حەوتەم ساڵی دیارنەمانو نەهاتنەوەیدا، پیرترین كیسەڵ نەیتوانی بەرگەی بڕسێتی بگرێتو درێژە بە بڕسێتیو چاوەڕوانی بدات. بۆیە گوتی: دەمەوێت خواردنێك بخۆم.. دەستی بە پێچانەوەی بابۆڵەیەك كرد.

لەم كاتەداو لە پڕێكدا كیسەڵە بەگوڕەكە كردی بە هاتو هاوارو لە پشت درەختێكەوە دەرپەڕیو بە سەرسوڕمانێكەوە گوتی:

دەبینن.. من دەمزانی ئێوە لە ڕێی من ناوەستن.. بۆیە هێشتا نەڕۆیشتووم، خوێتان بۆ بهێنم!!!!!

هەندێك كەسیش لە ئێمەو مانان، ژینمان لە چاوەڕوانیی كەسانێكدا بەسەر دەبەین.. كە وایان لێ ڕادەبینین، نەو بەڵێنانەی بە ئێمەیان داوە ببەنەسەرو كارێكیان بۆ بكەن. نەوەندەی دڵبەشێوو شەرزەو جاو لە دەستی ئەنجامدانی كارەكانین لە لایەن كەسانی دیكەوە.. خۆمان هیچ كارێك ئەنجام نادەینو گوڕێك بە خۆمان نادەین. كەواتە: بۆ ئەنجامدانی كارەكانت پشت بە خۆت ببەستەو چاوەڕوانی كەسانی دی مەكە.

Scanned with CamScanner



هێلکەی مریشک دەخوێت، یان مراوی؟!

لە یەکێک لە کۆلیژەکانی بازرگانیدا، کە یەکێک لە وانە سەرەکییەکانیان بریتییە لە: بانگەشەی بازرگانی، مامۆستای بابەتەکە، باسی گرنگیی بانگەشەو ڕیکلام دەکات، بۆ بڕەودان بە بەرهەمەکانی هەر کۆمپانیاو کارگەیەک، بانگەشە وا دەکات

Scanned with CamScanner

که بەرهەمەکەت ببینرێت، یا ببیسترێت، یان بخوێنرێتەوە. پاشان مامۆستاکە پرسیارێک ئاراستەی خوێندکارەکانی دەکاتو دەڵێت:

بۆچی نێمە، هێلکەی مریشک دەخۆین، کەچی هێلکەی مراوی ناخۆین، کە زۆر تێ دەچێت، لە ڕووی خۆراکییەوە، لە هێلکەی مریشک باشتر بێت؟

خوێندکارەکان، هەریەکەیان وەڵامێکی دایەوە، بەڵام بەو وەڵامانەیان دڵنیا مامۆستا بڕوایی نەدا، بۆیە پێی گوتن:

نێمە بۆیە هێلکەی مریشک دەخۆین؛ چونکە کاتێک مریشک هێلکەیەک دەکات، دەست دەکات بە گارەگارو دنیا تێ دەگەیەنێت، کە هێلکەیەکی کردووە.

هەرچیی مراویشە، کاتێک هێلکەیەک دەکات، خۆی تێک ناداتو بەلەسەرخۆیی دەمێنێتەوەو بەرهەمەکەی بەشتێکی نەو تۆ نازانێت، تا غاک غاکی بۆ بکاتو نیدی کەس بە بەرهەمی مراوییەکە نازانێت.

هەر لەبەر ئەوەیە، گارەگاری مریشک، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت، ئەمەش وا دەکات، ڕوو لە خواردنی هێلکەی مریشک بکەن.

ئەمجا مامۆستا درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:

لەم چیرۆکەوە، ئەوە فێر دەبین، کە ئەو بەرهەمەێنەرەی، یاخود ئەو کۆمپانیایەی بانگەشە بۆ بەرهەمەکانی دەکات، لای بەکارهێنەرانی متمانە پەیدا دەکاتو ڕوو لە کڕینی بەرهەمەکانی دەکەن، بگرە بانگەشەشی بۆ دەکەن. بەڵام ئەو بەرهەمهێنەرەی، یاخود ئەو کۆمپانیایەی بانگەشە بۆ بەرهەمەکانی ناکات، وەک مراوییەکە وایە، با بەرهەمەکانیشی باش بن، بەڵام بەکارهێنەران، ناینناسن، لەبەرئەوە بێبازاڕی ڕوویان تێ دەکات.

هەروەها هەر کۆمپانیایەک، یان هەر دەزگاو ڕێکخراوێک، گەر لە بانگەوازو بانگەشە ڕاوەستا؛ ئەوا دەچێتە نێو ڕیزی نەبوونەوە. بۆیە کۆمپانیاو ڕێکخراوە گەورەکان، هەرچەندە ناسراویش بن، بەبەردەوامیو هەر ڕۆژەو بە چەشنێک، بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن، تا بوونی خۆیان بسەلمێنێو لە بیری بەکارهێنەرانیان نەچنەوە.

Scanned with CamScanner

دوورگەی مێشەکان!

دەگێڕنەوە، کارگەیەکی جینی وەستی لە دوورگەی بالقاسیکی، بازاڕێکی نوێ بۆ بەرهەمەکانی بسازێنێت.

بۆ نەم مەبەستە، بڕیاری دا.. کەسێك بە نوێنەرایەتیی کارگەی دروستکردنی پێلاو، بۆ نەو دوورگەیە بنێرێت؛ تا هەڵێکی ساغکردنەوە، لەوێدا ببینێنەوە.

کاتێـك نوێنەرەکە، گەیشـت بـە دوورگەکە، ماوەیەك لەوێ مایەوە. پاشـان ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخی دوورگەکە نووسی، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو،

..... لەم دوورگەیەدا، هەڵێك بۆ سـاغکردنەوەی پێلاو بەدی ناکرێت؛ چونکە دانیشتوانەکەی، نەوەی ناوی پێلاو بێت، لەپێی ناکەن.

خاوەنـی کارگەکە، بەم وەڵامە، دڵی ناوی نەخواردەوە، بۆیە پێلاوفرۆشـێکی نارد



بـۆ هەمـان دوورگە. نـەم جارەیان وەلامێکـی جیاوازی دەسـت کەوت، کە
رەنگدانەوەی هزروهۆشی فرۆشیاران بوو، لە ڕاپۆرتی پێلاوفرۆشەکەدا هاتبوو،
هەڵێکی لەبارو بازارێکی زۆرباش لەم دوورگەیەدا هەیە؛ چونکە دانیشتوانەکەی
نەوەی ناوی پێلاو بێت، لەپێی ناکەن.

لەبەرنـەوەی خـاوەن کارگەکە، نەیتوانی بڕیار بدا، بۆیە پێداگریی لەسـەر
ناردنی کەسـێکی بازارڕسـاز کرد. ئەویش لە ڕاپۆرتێکدا، هەواڵی دوورگەکەی، بەم
جۆرە ڕوون کردەوە:

نەوەی ناوی پێلاو بێت، دانیشتوانی دوورگەکە لەپێی ناکەن. لەم دوورگەیەدا،
هەمـوان پێیەکانیـان ناشـیرینەو زۆر خوێنیـان لـێ دەتکێـت. هەروەها لەگەڵ
سـەرخێڵەکەیاندا دانیشـتەو بایەخو سـوودەکانی پێلاوم بۆ ڕوون کردەوە؛ تا لە
مەترسـییەکانی پێیەتێتیو بێپێلاوی دوور بن. سەرخێڵەکەش قسەکانی منی پێ
پەسـەند بوو، بەڵێنیشـی دا، کە (٧٠٪)ی خێڵەکەی، نەو شتەی پێیان لە مەترسی
دەپارێزێت، بکڕن.

بەم جەشـنە، بەپێی شـارەزاییو توانای خاوەنەکانیـان، ڕاپۆرتەکان جیاواز
بوون.

هەرچـی یەکەمیانـە، وەها حاڵی بووبـوو، بۆیە ئەوان پێـلاو لەپێ ناکەن؛
چونکە نایانەوێتو پێیەتیبوونیان پێ پەسـەندترەو دابونەریتیشـیان، پێلاو ڕەت
دەکاتەوە.

دووەمیشیان «پێلاوفرۆشەکە»، خواستو خۆزگەی خۆی دەربڕی بوو، وەهای
دانابـوو، لەبەرئەوە پێلاو لەپێ ناکەن؛ چونکە لەم دوورگەیەدا، پێلاوی لێ نییە،
ئەوەش هەڵێکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان..

بەڵام سێیەمیان «بازارڕسازەکە»، پشتی بە تۆژینەوەو خوێندنەوەی بارودۆخەکە
بەست، نەك بە گریمانەو وادانان. لەوەشدا کە جەختی لە سەرخێڵەکە دەکردەوە،
بیرۆکەیەکی سـەرکەوتووانە بوو؛ چونکە ئەو سەرۆکخێڵە، لە هەموویان زیاتر بە
دابونەریتو کەلتووری خێڵەکەو پێویستییەکانیان شارەزەیەو دەسەڵاتداریشیانە.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

خاتوو «نان ستۆکس» یەکێکە لەو کەسانەی توانیویەتی لێوەشاوەیی چالاکی لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نیشتمانیی بەسالاّچووانو سەرکەوتن لە ئیشی کاردا گۆ بکاتەوە، پاش خانەنشین بوونی.. کورمکەی خواردنگەیەکی بچووکی هەویرەمەنی کردەوە، ئەو خاتوونە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیو شایستەیەو کەسێتیو رچەشکێنی بوو.. ئەمانە هەموو مایەی هاندانی بوون بۆ سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونو خۆبەخشانە کارکردن لەگەڵ کورمکەیدا.

سەرەتای کردنەوەی خواردنگەکە، بازاڕی گەرم بوو.. بە جۆرێك بۆ خزمەتی کرێارەکان، لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی.. تا (١١)ی شەو کراوەبوو.. بەڵام تەنها گرفتێکیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو خواردنگەکە رۆژانە.. لە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ.. تا حەوتی ئێوارە... زۆر بێبازاڕ بوونو لەو ماوەیەدا کرێارێکی زۆر کەم ڕووی لە خواردنگەکە دەکرد.

چۆن خاتوو «نان ستۆکس» توانی بەرەنگاری ئەم گرفتە ببێتەوە؟

زۆربەی ئەو دراوسێیانەی لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون.. لەوانەبوون پێیان ناخووە شەست ساڵییەوە.. ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بوو، بۆ دانانی پلانێکی سەرکەوتووانە؛ تا لەو گرفتەش ڕزگاریان ببێت.

پاشان خاتوو «نان ستۆکس» پێڕستی ناوەکانیانی ئامادە کرد.. بە ناوەکانیاندا چووەوە ڕێزبەندی کردن. ناونیشانی ماڵو ژمارە تەلەفۆنەکانیانی دەست خست.. پاشان هات ئاسانترین هونەری بۆ بەدیهێنانی گەورەترین سەرکەوتن.. جێبەجێ کرد:

خاتوو «نان ستۆکس» دەستی بە پەیوەندی تەلەفۆنی کرد، بە هەموو ئەوانەی هاوتەمەنی ئەو بوون.. ئێوەش سادەیی ئەو وتوێژەو کاریگەرییەکەی بیهێننە بەرچاوتان.. کاتێك لە نێوان کەسانێکی هاوتەمەندا ڕوو دەدات.. خاتوو «نان ستۆکس» پەیوەندی دەکردو دەیگوت: دوریس خانم سڵاوت لێ بێت. ئێوارەت باش.. من «نان ستۆکس»ی دراوسێتانم. کورمکەم خواردنگەیەکی بچووکو چاکی کردووەتەوە.. پێتزاو خواردنی خۆشو بەتام دەفرۆشێت.. بەس داخی گرانم،

Scanned with CamScanner

ناتوانم ژەمی نێوارە درەنگ بخۆم.. ڕەنگە لەگەڵمدا هاوڕابیت کە وا چاکترە بۆ نیمەی پیر، بەر لە کاتژمێر حەوت، خواردنی شێو بخۆین.. تا تووشی بەدهەرسی نەبین.. پاشان تایبەتمەندییەکی دیکەشت پا پێ بڵێم.. خواردنگەکە لە ٣٠٪ی نرخ دادەشکێنێت، بۆ نەو خواردنانەی لە کاتژمێر چوارەوە بۆ حەوتی نێوارە پێشکەش دەکرێن! بۆ تاقی ناکەیتەوە؟ نەمەش ژمارەی تەلەفۆنەکەمە.. هەرکاتێك ویستت خواردنگە کراوەیەو پەیوەندیمان پێوە بکە.. ڕەنگە پێکەوە ژەمی شێو بخۆین..

دەبێ نەنجامی نەم هونەرە چی بووبێت؟

پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ لە پەیوەندیی تەلەفۆنی ڕۆژانەو بەردەوام. داهاتی خواردنگەکە، لەو ماوەیە، کە بە بێبازاڕی ناسرابوو.. بووە دوو هێندەو سێ هێندە!

نەوەی جێگەی تێڕامانە نەوەیە خاتوو «ئان ستۆکس» سەوداگەرێیەکی ناناسایی نەکردووەو پەیوەندی بە کەسانی بێگانەوە نەکردووە.. نەو دراوسێیەك بوو، لەگەڵ دراوسێکانی دەدوا.. هاوڕێیەك بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی وتووێژی دەکرد.

بەپێی نەو بنەمایە، پەیوەندی بە هەموو کڕیارەکانەوە دەکرد.. کە دراوسێ بزو خۆیشی وەك دراوسێ دەناساند.. ئا بەم جۆرە سەراپای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی بە پتەوکردنی پەیوەندیو هاوڕێیەتی.. دوایی دەهات.

خوێنەری ئازیز.. فرۆشیاری بەڕێز.. تۆ بۆ نەهێشتنی بێبازاڕیو تۆکمەکردنی پەیوەندیو هاوڕێیەتی، دەتوانیت پلانی سەرکەوتووانەو بەرهەمدار دابڕێژیت.



Scanned with CamScanner



کوتالفرۆش

به جاگی کار بکه.. تا بڵێسەی بچووکی ناگری ناسمانی.. که ناوی ویژدانه، له سینەتدا بەداگیرساوی بمێنێتەوە. (جۆرج واشنتۆن)

کوتالفرۆشێك دەڵێت: من بە بالای تایبەتمەندییەکانی ئەو کوتالانەی دەمفرۆشتن، هەڵدەدا.. بە جۆرێك گەیشتبووە ناستی دەستبڕینو فرێودان. لە دووکانەکەمدا هەر جارەو دەچوومە لای تۆپەکوتالێك.. که هەر هیچم لە بارەیەوە نەدەزانی.. لە باشی جۆرەکەی، کڕیارەکەم دڵنیا دەکردەوە.. هەرچی زمانلووسی خۆمە، بۆ لەخشتەبردنی کڕیارەکەم، دەخستە کار. بەم شێوازە بڕێکی باشم پێ دەفرۆشت.. بەڵام سەرنجم دا: نەوەی دراوسێ پیرەکەم دەیفرۆشێت، زۆر لەوەی من زۆرترەو قازانجیش لە من زۆرتر دەکات. لەبەرئەوە سەبارەت بە ڕازو نهێنیی ئەم کارە، پرسیارم لێ کرد. ئەویش نهێنێنییەکەی بەم چەشنە بۆ درکاندم:

نەوەی من دەیڵێم.. خەڵکی باوەڕم پێ دەکەن.

پرسیم: واتە: باوەڕ بە قسەی من ناکەن؟

ئەوجا گوتی: ڕۆڵەگیان هەمیشە لە بیرت بێت.. چاو ناوێنەی دەروونە.. بۆیە هەرچییەك لە زارت بێتە دەر؛ ئەوا ڕاستییەکەی لە چاوەکانتدا دەردەخات.

ئەم وتەیەی دراوسێ دوکانەکەم، لە ناخەوە هەژاندمی.. لە ژیانمدا بۆ یەکەمجار ئەوەی خستە دڵمەوە.. که ئەمانەت شتێکە، لە وازهێنان لە دزێتی زۆر گرنگترە.. بەڵگو ئەو نموونە باڵایەیە، که مامۆستاو دایەو بابە لە بارەیەوە دەدوێنو بەشێکیشە لە ژیانی ڕۆژانەمان. لەو ڕۆژە بە دواوە، ڕێگەی ئەو دراوسێیەم گرتەبەرو شێوازەکەیم خستە گەڕ.. ئیدی بە جۆرێك فرۆشم زیادی کرد، که باوەڕ پێکردنی ئەستەمە. ڕۆژێکیان نافرەتێك هاتە لامو داوای چەند چەشنێکی بەنرخی کرد.. بێئەوەی

بیر بکاتەوەو گوێ بە نرخیان بدات.. لەوەی هازانجێکی زۆر بەدەست دەهێنم دڵنیا بووم.. بەڵام ڕەگی ئەمانەتپارێزی، بەتەواوەتی لە دڵمدا ڕەگی داکوتابوو.. بەڵێ، ئەو ئەمانەتپارێزییەی دراوسێ دوکانەکەم فێری کردبووم.. لەبەرئەوە ئامۆژگاری گرپارەکەم کرد.. کوتاڵەکانی دیکە فەرامۆش نەکاتو لەوەی بۆی هاتووە، جاك بیر بکاتەوە؛ چونکە نرخیان گرانە.. هەروەها پێم گوت: سەبەی وەرەوە.. تا بۆ بێرکردنەوە لە پێداویستییەکانی، کاتی زۆرترت لە بەردەمدا بێت.

ڕۆژی دواتر گرپارەکە هاتەوە.. چی وێست، کڕی.. نرخەکەیشی دا. ڕۆژی دواتریش هاوسەرەکەی هاتو کارێکی دیکەی جگە لە کوتاڵفرۆشی خستە بەردەمم.. منیش داوای کرێیەکەم لێکرد.. ئەویش گوتی: جوار هێندەی ئەوەی داوات کردووە، پێت دەدەم. پێشی گوتم: من بازرگانی نەڵماسم.

ئەو دەم پێم گوت: من هیچ لەبارەی نەڵماسەوە نازانمو سەری لێ دەرناکەم لە وەڵامدا گوتی: مادەم تۆ فێری یەکەم بنچینەی فرۆشتنە، کە ئەمانەتە بوویت.. ئەوە زۆر گرنگ نییە.

بەم شێوازە دەستم کرد بە پەیداکردنی کڕیارو پلە لە دوای پلە، بەرز دەبوومەوە.. پاشان کارێکم لە کۆمپانیایەکی گەورەدا دەستکەوت.. دواتریش بەرزکرامەوە بۆ پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری فرۆشیاری.. لە پاشدا بەڕێوەبەری گشتی.

* سەرکەوتن بە بڕی ئەو پارەوپووڵەی بەدەستی دەهێنیت، ناخەمڵێنرێت.. بەڵکو بەو پاکیو ئەمانەتپارێزییەیە کە پارەو سامانی پێ بەدەست دەهێنیت.

* بۆنەوەی خزمەتگوزارییەکی ڕاستەقینە پێشکەش بکەیت.. پێویستە شتێك ئەنجام بدەیت.. بە پارەوپووڵ پێوانە نەکرێتو نەشکردرێت.. ئەویش پاکیو دڵسۆزییە.

* هەوڵی ئەوە مەدە کەسێکی سەرکەوتوو بیت.. بەڵکو هەوڵ بدە کەسێکی خاوەن پەیامو بنەما بیت؛ چونکە کە خاوەن پەیام بووبت.. سەرکەوتووش دەبیت.

سەرکەوتن، بە زۆری یاوەری ئەوانە دەبێت، کە بۆیرانە کار دەکەن.. زۆر بە دەگمەنیش دەبێتە یاوەری ئەو درۆنگو دووڵانەی لە هەڵوێستو ئەنجامەکان دەترسێو دەسڵەمێنەوە.



Scanned with CamScanner

کرپیارہ کہ ت بناسہ







Scanned with CamScanner

بەرپرسێکی فرۆش لە کۆمپانیای «کۆکا کۆلا»ی جیهانی، لەو نەرکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێی سپێردرابوو، بەبێ هیوایی گەڕایەوە. هاوڕێیەکی لێی پرسی: (بۆچی بەرنامەی بازاڕسازییەکەت، لە وڵاتە عەرەبییەکاندا شکستی هێنا؟) ئەویش لە وەڵامدا گوتی: (کاتێك بووم بە بەرپرسی فرۆشی بەرهەمەکانی کۆمپانیای «کۆکا کۆلا» لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، متمانەم بە خۆم هەبوو، کە بەرزترین ئاستی فرۆش بەدی دەهێنم، بەڵام گرفتی زمان بەرەنگارم بوویەوە، عەرەبیم نەدەزانیو پێی نەدوابووم. بۆیە لە شوێنە گنجێیەکاندا، پشتم بە هەڵواسینی وێنەو پۆستەر بەست. ئەوەش بەپێی بەرنامەی بازاڕسازییەکەم، بۆ گەیاندنی پەیامەکە بە بەکارهێنەر). پاشان بەرپرسەکە دەستی بە باسی وێنەکان کردو وتی:

(لە وێنەی یەکەمدا: کابرایەك لەسەر لمی گەرمو وشکو سوتێنەری بیاباندا، ڕاکشاوە. ماندوو و مردوو، لە بێهێزیدا لە پەلوپۆ کەوتووە.

لە وێنەی دووەمدا: کابرا «کۆکا کۆلا» دەخواتەوە.

لە وێنەی سێیەمدا: کابرا لەو پەڕی چوستوچالاکیو گەرموگوڕیدایەو بە بیاباندا ڕادەکات.)

لێرەدا، هاوڕێیەکەی هەڵی دایەو گوتی: (باشە ئەم وێنانە بۆ سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا؟!)

بەرپرسی فرۆشەکە گوتی: چونکە من هەر گیز ئاگاو هەوالم لەوە نەبوو، ئەوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ، سەیری وێنەکان دەکەن)! ئێمەش دەڵێین: وێنەکان خوێندنەوەیان لە ڕاستەوە ئەنجامەکەی ڕاستە!



Scanned with CamScanner

یایەخی کرپیار



لە وڵاتی یاباندو لە شـاری ئۆسـاکادا، شیرینیخانەیەکی بەناوبانگ هەبوو. ناوو ناوبانگەکەی بەهۆی ئەو شـیرینییە بەتامانەوە بوو، کە درووستی دەکردن.. بەڵام لەبەرئەوەی نرخی شـیرینییەکانی، زۆر گران بـوو.. هەر کرپیارە دەوڵەمەندەکان، سەردانی ئەم شیرینیخانەیان دەکرد.

خاوەنی شیرینیخانەکە، هەمیشە لە پشت میزی پارەوەرگرتنەکەوە، دادەنیشتو لەکاتی بەخێرهێنانی کرپیارەکانیدا، لەبەریان هەڵدەستا. بەڵایەوە گرنگ نەبوو، کرپیارەکە چەندە داراو دەوڵەمەندە.

Scanned with CamScanner

رۆژێکیان هەژارێك بە بەرگێکی شـرۆڵەی پڕپینەو قژێکی بڕی لوولەوە، هاتە ناو شیرینیخانەکەوەو بەئەنقەست، لە مێزی خاوەن فرۆشگەکە، نزیك کەوتەوە. بەر لەوەی هەژارەکە، بگاتە لای مێزەکە، خاوەن فرۆشـگەکە، لەپشت مێزەکە هاتـەدەر، شاگردەفرۆشـیارەکانی خسـتە لاوە، بـەو پـەڕی خۆبەکەمگرتنەوە.. بەخێرهاتنێکـی گەرموگوڕی کردو بە پشـوودرێژییەکی تەواوەوە، چاوەڕێی کرد.. تا هەژارەکە، گیرفانەکانی خۆی بگەڕێتو بۆ کڕینی پارچە شیرینییەك، پارەیەك بدۆزێتەوە!

خاوەن فرۆشگەکە، زۆر بەڕێزو ڕووخۆشییەوە، شیرینییەکەی خستە ناو دەستی هەژارەکەوەو کاتێکیش ویسـتی شـیرینیخانەکە بەجێ بهێڵێت، هەمدیسان خاوەن شـیرینیخانەکە، بەڕێزێکـی بەرفراوانەوە، تا دەرەوەی فرۆشـگەکە، یاوەری کردو ماریفەتێکی زۆری نواندو خوداحافیزی لێ کرد.

دوای نەوەی هەژارە جلشرەکە، فرۆشگەکەی بەجێ هێشت.. شاگردەفرۆشیارەکانی شیرینیخانەکە، خۆیان پێ ڕانەگیراو لە خاوەن شیرینیخانەکەیان پرسی:

ئێوە کە بۆ کڕیارە دەوڵەمەندەکان، لە جێی خۆتان نابزوێنو هەڵناسـن.. دەی بۆچـی بـۆ پیاوێکی هەژاری نەداری بەرگ پینەدار، بـۆ خۆتان بۆ خزمەتکردنو بەدەمەوەچوونی، سازو ئامادە بوون؟!

خاوەن فرۆشگەکە، لە وەڵامیاندا گوتی:

«ئـەو هەژارە بـەرگ پینەداڕە، بە هەموو دارونـەدارو کایەومایەی خۆیەوە، پارچە شـیرینییەکی کڕیو شانازیو شـکۆی بە ئێمە بەخشی. ئەو شیرینییە، بێ دوودڵی بۆ ئەو زۆر خۆش بوو. شیرینییەکەشمان، بەڵای دەوڵەمەندەکانەوە، شـیرینییەکی باشـە.. بەڵام نەك بـەو ئەندازەیەی کە بۆ ئەو هـەژارە نەداڕە، خۆش و باش و بایەخدارە.»

Scanned with CamScanner



چ کارمەندێک زیادەیە؟!

مێروولەیەک ڕۆژانە، بە وردو وزەوە، دەچووە سەرکار، کاری زۆری ئەنجام دەدا. ئەو دەمەی شێری شای دارستان، بینی بەبێ چاودێریکردنو بەو پەڕی گورجوگۆڵییەوە دەکۆشێت.. سەری سوڕماو بەخۆی گوت: (ئەگەر ئەم مێروولەیە، بەبێ ئەوەی هیچ چاودێرو سەرپەرشتێکی هەبێت، بەم هەموو هێزو وزەوە کاربکات.. سا چۆن دەبێت، ئەگەر سەرپەرشتێکی بۆ دابمەزرێنم؟)

ئیدی بەم چەشنە، فاڵۆنچەیەکی دامەزراند، تا ببێت بە سەرپەرشتی کاروباری مێروولەکە. فاڵۆنچەکەش، یەکەم بڕیاری بریتی بوو لە: دانانی شیرازەی کاتی کارو هاتنو ڕۆیشتن، دامەزراندنی بەردەستێک، یان سکرتێرێک بۆ نووسینی ڕاپۆرتەکانو دامەزراندنی جاڵجاڵۆکەیەکیش بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەرشیفو چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان.

Scanned with CamScanner


شێرەکە بە ڕاپۆرتەکانی قالۆنجەکە، شادمان بوو. داوای لێکرد پەرە بەو ڕاپۆرتانە بدات، نەوبەش بەوەی خشتەی ڕوونکردنەوەی تێدا بەکار بهێنێت و ئەنجامەکانی شی بکاتەوە، تا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کارگێڕیدا، بیانخاتە ڕوو. قالۆنجەکە کۆمپیوتەرو چاپکەری لەبەردەم کرێو مێشێکیشی وەک بەربەرسی بەگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری دامەزراند.

مێرووڵەی تێکۆشەر، لەم زێدەڕۆیەو لۆو بۆیە لە کارگێڕیدا بێزار بوو. هەروەها لەو کۆبوونەوانەشی کاتو توانایان بە فیڕۆ دەدا. ئەو کاتەشی شێر، هەستی کرد.. لەکاری مێرووڵەکەدا، گرفتێك هەیە. لەبەرئەوە، بڕیاری گۆڕینی ڕەوشی کاری لەو بەشەدا داو کوللەیەکی لەبەر لێزانیی زۆری لە پەرەپێدانی کارگێڕیدا، دامەزراند. ئەویش بڕیارەکانی یەکەمی، بڕیتی بوون لە: کڕینی کورسیو مێزو ڕاخەری نوێ، بۆ نووسینگەکەی خۆی. هەروەها یارمەتیەکی تایبەتی، بۆ خۆی دامەزراند.. تا لە دانانی بەرنامەی پەرەپێدانو ئامادەکردنی بودجەدا، یارمەتی بدات.

پاشتر شێرەکە، بە تێچوونی بەگەڕخستندا چووبەوە.. بینی تێچوونی پێشتر، زۆر لەوەی نیستە، کەمتر بووەو دەشبێت خەرجییەکان کەم بکرێنەوە. بۆ نەمەش، کوندەپەووی — وەك ڕاوێژکاری دارایی- دامەزراند. پاش نەوەی کوندەپەوو، بۆ ماوەی سێ مانگ، دۆخەکەی تۆژیبەوە. ڕاپۆرتەکەی بۆ لای شێر بەرز کردەوەو تێیدا گەیشتبووە نەوەی، کە بەشەکە بەدەست «کارمەندی زیادە»وە دەناڵێنێت. شێریش لەبەر کەمتەرخەمی لە کارکردنو کەمبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنانی، بڕیاری دەرکردنی یەکجاریی مێرووڵەی دا!

زۆرجار زۆری ناستە کارگێڕییەکانو فراوانی پشتێنەی سەرپەرشتیو دەستوەردان.. سەر دەکێشێت بۆ چەقبەستنو خاوبوونەوە لە کارو جێبەجێکردنو بەخۆڕاجوونی توانا.. هەروەها دەبێت بە هۆی شکستهێنان لە پەیوەندیو گواستنەوەی زانیاریدا. بۆیە شایستەو پێویستە، کارگێڕی گورجوگۆڵ بێتو لە ناستی بەرپرسیارێتیدا بێت.. تا بەرهەمهێنان پەکی نەکەوێت، کات بەفیڕۆ نەچێتو لێهاتوویی وەدەر نەنرێت.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

بێش چەند ساڵێك لەمەوبەر، بەیانییەکیان وەك هەموو بەیانییەکانی دیکە، خەڵکی ئەرژەنتین لە خەو ڕاپەڕینو زانییان نرخی هێلکە بەرزبووەتەوە. تومەس خاوەنی کێلگە پەلەوەرییەکانو بازگارگانەکانی هێلکە، هەر هەموویان بە جارێك ڕێککەوتوون لەسەر نەم گرانکردنە، بێنەوەی بۆ تەنها ساتێکیش بیر لەوە بکەنەوە، کە هاوڵاتیی وەها هەیە، وشکە نانێك شك نابانو بژێوی ڕۆژانەی خۆیشی بێ دابین ناکرێتو هاوڵاتی وەهاش هەیە شەوو ڕۆژ دەداتە دەمیەڵو ڕەنج دەکێشێت، تا برسێتیی منداڵە ڕووتوڕەجاڵەکانی بڕەوێنێتەوە.

دەزانیت بۆچی نەم کارەیان کرد؟ چونکە نەوانە، کۆمەڵە بازرگانێکی چاوچنۆکو بەرچاوتەنگ بوون؛ هەموو خەونو خولیاو هەوڵو هەڵپەیەکیان نەوەبوو: هەر چۆنێك بوودو بۆیان دەست بدات، دەریای بێبنی گیرفانی خۆیان، بە پارەوپوولی خەڵکی پڕ بکەن.

پاش نەمە چی ڕووی دا؟

خەڵکی چوونە فرۆشگاکانو هێلکەیان هەڵدەگرت، کاتێك سەیریان دەکرد نرخەکەی بەرزبووەتەوە، لەجێی خۆی دایاندەنایەوە. ئەمە کاردانەوەی هەر هاوڵاتییەکی ئەرژەنتینی بوو. بە زمانی حاڵ دەیانگوت: لێی بگەڕێ، با بگەنێت.

پاش نەمە چاوەڕێی چی دەکەن، ڕوو بدات؟

چەند ڕۆژێك دواترو وەك جاری جاران، نۆتۆمبیلی تایبەت بە کۆمپانیای مریشکی هێلکەکەر هات، تاوەکو بڕێکی دیکە لە هێلکەی تازە دابگرێت، بەڵام تووشی بەڵای دڵکوت هاتن؛ خاوەنی فرۆشگاکان نەیانویست، هیچ بڕە هێلکەیەکی تازە دابگرن؛ چونکە تاقە هێلکەیەکی جاری پێشوویان نەفرۆشتبوو. ئیدی بازرگانەکان، بەناچاری هێلکەکانیان بۆ گەنجینەکانیان گێڕایەوەو گوتیان: چەند ڕۆژێك ئارام دەگرین، سا بەڵکو نەم خەڵکە بەخۆیاندا بێنەوەو ڕوو لە هێلکە کڕین بکەنەوە.

بازرگانەکان چەند ڕۆژێك ڕاوەستانو چاوەڕێیان کرد، گەلی نەرژەنتینیش هەروەتر. دیسانەوە چاوەڕێیان کرد، گەلی نەرژەنتینیش هەر بەو جۆرە.

بارودۆخەکە هێندەی دیکە نالۆزتر بوو، بازرگانە چاوچنۆکەکان بەدەست نەو هێلکە بێکەڵکەی ناو گەنجینەو فرۆشگەکان گیریان خواردبوو. مریشکی ناپاکی ناو



Scanned with CamScanner

کێشەکە پەیوەندیی بەرهەمهێنەرانیش لەگەڵ دەستیان لەکار هەڵگرتنیان هەیە؛ بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکەن و چاوێکیان لە حاڵی بازرگانەکان بێت، دەڕۆن بەهێلکەکردن داو فرۆشگاکانیش، داوای یەک تەبەق هێلکەیان نەدەگرد؛ چونکە تەبەقە هێلکەکان بەو نرخە نوێیە، هێشتا هەر لە ڕەفەکاندا بوون و هیچی لێ نەفرۆشرابوو.. جارێ ڕووداوەکە دوایی نەهاتووە!

پاش چەند ڕۆژێکی دیکە، هەمدیسان بازرگانەکان ڕێک کەوتن، بەڵام نەمجارەیان ڕێککەوتنێکی نوێ بوو. نەویش فرۆشتنی هێلکە، بە نرخی پێش گرانکردنی و هەر بە نرخەکەی جارانی. کەچی گەلی ملنەدەرو سەربەرزی نەرژەنتین، دیسانەوە ڕەتیان کردەوە، هێلکە بکڕن؛ نەوەش بۆنەوەی تەمبێیان بکەنو دەرسێکی وەهایان دابدەن، کە جارێکی دیکە بیریان بەڵای نەو جۆرە ڕەفتارەدا نەچێتەوە. دیسان بازرگانەکان نرخی هێلکەیان دابەزاندەوە.


ئاخۆ ڕووداوەکە لێرەدا کۆتایی هات؟! نا.

بەڵکو نەم گەلە مەزنە بەڵای هێلکەگرینـدا هەر نەچوونەوە. بازرگانەکانیش خەریک بوو مێشکیان شەقی دەبرد، خەریک بوو لە داخاندا لە پێستی خۆیان دەهاتنە دەر، دەتگوت بەسەر دنیاوە نیین؛ چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیانەکان کەڵەکە دەبوونو خۆری بازاڕی بازرگانییان خەریک بوو ئاوا دەبوو.

دوایین جار، پاش نەم هەموو گیروگرفتە، بازرگانە دۆڕاوە پیسە نەگریسەکان، ڕێککەوتن لەسەر نەوەی هێلکە بە چارەکێکی نرخی پێش گرانکردنەکەی بفرۆشنو سەبارێ نەوەش بە ڕەسمی - لە ڕاگەیاندنەکاندا - داوای لێبوردنیان کردو بڕیاریان دا جارێکی دیکە نەو ڕەفتارە دووبارە نەکەنەوە.

لێرەدا چیرۆکەکە دوایی هاتو گەلی گەورەوگرانی نەرژەنتینیش، لە بەربەرەکانێی بازرگانە چاوچنۆکەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناو توانی هێلکە بە داشکاندنی ٧٥٪ی نرخە کۆنەکە بکڕێت. دەیسا نەو سەرکەوتنە، لەو گەلە هۆشیارە پیرۆز بێت، نەو گەلەی کە هاوڕاو ناشتان بە بەرژەوەندیی خۆیان، نەو گەلەی کە بازرگانە چاوچنۆکەکانیان ناچار کرد، لەبەردەم کاردانەوەی شارستانییان چۆک دابدەن.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

نیدمۆند بۆرك دەڵێت: (هێنده بەسه بۆ سەرکەوتنی شەیتان، که کەسه چاکەکان هیچ دابنیشن و هیچ کارێك نەکەن). دەتوانین بڵێین: د.محەممەد یونس، یەکێکە لە کەسە چاکەکانو دامەزرێنەری پرۆژەی (بانکی گرامین)، یان بە گوتەی خەڵکی بانکی هەژارانە بە گوتەیەکی دیکە دامەزرێنەری پرۆژەی قەرزی بچووکەو یەکێکە لەو خوێندەوارانەی سوودو کەڵکی زۆریان بە وڵاتەکەیان گەیاندووە، کاریگەریی خوێندنەکەی هەر لە فێرخوازانی زانکۆدا، کورتی نەهێناوە، بەڵکو گەورەیی نواندووەو چینە هەژارەکانی کۆمەڵگەکەشی گرتۆتەوە. زانای بەناوبانگ (ستیڤن کۆڤی)، دیمانەیەکی لەگەڵ سازداوەو سەبارەت بە پرۆژەو گەڵاڵەکەشی بەم چەشنە بۆی دواوە:

(سی ساڵ لەمەوبەر، وانەی ئابووریم لە زانکۆی بەنگلادیش دەگوتەوەو وڵاتیش بەدەست دەردی برسێتییەوە دەتلایەوە. دڵیشم لە خەفەتدا قوڵتەقوڵتی بوو؛ چونکە لە هۆڵەکانی خوێندندا، بیردۆزە بەرێزەکانی ئابووریم دەگوتەوەو بڕوانامەی دکتۆرایشم لە ئەمریکا بەدەست هێنابوو، بەڵام کە زانکۆم بەجێ دەهێشت، خەڵکم دەبینی؛ نێسکی پشتیان، بە پێستی سکیانەوە چەسپیبوو، چاوەڕێی مەرگیشیان دەکرد!

هەستم کرد، چی فێربووەو چی دەڵێمەوە، بڕیتییە لە: چەند چیرۆکێکی درۆینەو کار لە ژینی خەڵك ناکات. بەو هۆیەوە سەرەتا هەوڵی دۆزینەوەی ئەوەم دەدا، کە خەڵکی گوندێکی نزیك زانکۆ، چۆن ژیان بەسەر دەبەن؟ وێستم ئەوە بدۆزمەوە، گەر لەتوانامدا بوو، وەك مرۆڤێك، کارێك بکەم، کە مەرگ دوا بخات. یان ڕای بوەستێنێت، یا مەرگی تاکە کەسێکیش بێت.

پاشتر ڕووداوێکی دیاریکراو ڕووی داو بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ هانی دام، ئەویش لەو دەمەی چاوم بە ئافرەتێك کەوت، کورسی لە دار حەیزەران دروست دەکرد. پاش وتووێژێکی زۆر، بۆم دەرکەوت، ڕۆژانە ئەو ئافرەتە، دوو سەنتی ئەمریکی پەیدا دەکات. نەمدەتوانی باوەڕ بەوە بکەم، کە کەسێك بتوانێت بەم هەموو ماندووبوونو تێکۆشانەوە، کورسییەکی حەیزەران بەم جوانییە دروست بکات، کەچی لە ئاکامیشدا، جگەلە بڕە پارەیەکی زۆر کەم، هیچی دیکەی دەست نەکەوێت. ئەو ئافرەتە بۆی ڕوون کردمەوە، لەبەرئەوەی مایەی تەواوم بۆ کڕینی حەیزەران

Scanned with CamScanner

نییه، لـه بازرگانیکی قـهرز دهکات، ئهویش مهرجـی ئهوهی لهسـهر دادهنیت، که
کورسـییهکانی بهو نرخهی دیاریی دهکات، پێ بفرۆشـێت. بهوهش لهراستیدا ببووه
زیندانییهکی ئهو بازرگانه. لێم پرسـی، کرینی حهپزهران، چهندی تێدهچێت؟ گوتی،
نزیکهی بیست سهنت.

لهوکاتهدا بیرم کردهوه، ئایا دهگونجێت خهڵکی لهبهر بیست سهنت بنالێنن و کهسێکیش
نهبێت، بهکارێك ههستێت، تا یارمهتییان بدات. بیرێکی دیکه به مێشکمدا هات، ئهویش
بریتی بوو له نووسینی لیستی ناوی ئهو کهسانهی پێویستیان، بهم بڕه پارهیه.

فێرخوازێکم کرد بـه هاوڕێی ڕێگهمو چهند ڕۆژێك بهناو گوندهکهدا گهڕاینو
له کۆتاییدا لیستی ناوهکهمان –که چلو دوو ناو بوو – ئامادە کرد. کاتێك تێکڕای
بـڕی ئهو پارهیهی پێویسـتیان بوو، کۆکردهوه، تووشـی گهورهتریـن ڕاچڵهکانی
ژیانـم بووم؛ چونکه بڕه پارهکه له بیسـتو حهوت دۆلار تێنهدهپهڕی. ههسـتم
به شـووڕهییهکی یهکجار گهوره کرد.. لهبهرئهوهی سهربه کۆمهڵگهیهکم، بیستو
حهوت دۆلاری بۆ چلو دوو ئیشکهری تێکۆشهری شارهزا، پێ دابین ناکرێت.

بۆئهوهی ئهو شووڕهییه بسڕمهوه، بڕه پارهکهم له گیرفانم دهرهێناو دام به دهستی
فێرخوازهکهمو پێم گوت: ئهم بڕه پارهیه بگرهو بیبهخشه بهو چلو دوو کهسهی چاومان
پێیان کهوت، پێشیان بڵێ: ئهمه پێشینهیهکهو تا ئهو کاتهی دهتوانن بیدهنهوه، با لاتان
بێتو دهستوانن بهرههمهکانیان، لهو شوێنهی نرخێکی شیاویان پێدهدهن، بفرۆشن.

پاش ئهوهی پارهکهیان وهرگرت، ههستیان به خۆشییهکی بێئهندازه کرد. بینینی
ئهم خۆشـییهش هانی دام، تا بیر لهوه بکهمهوه که «ئێسـته چیم پێ دهکرێت».
بیرم لهو لقه بانکهی ناو زانکۆش کردهوهو چوومه لای بهڕێوهبهرهکهو پێشنیازی
ئهوهم بۆ کرد، که قهرز بدات بهو ههژارانهی له گوندهکهدا، چاوم پێیان کهوت.

بهڕێوهبهرهکه سـهری سـوڕماو گوتی: «ئاخۆ تۆ شێتیت؟ ئهمه ئهستهمه، چۆن
دهتوانین قهرز به ههژاران بدهین؟ ئهوانه شـیاوی قهرزپێدان نین». تکام لێ کردو
گوتم: «ههر هیچ نهبێت، با ههوڵێك بدهین؛ چونکه ههر کهمێك پارهی تێدهچێت».
لـه وهڵامـدا گوتی: «نابێـت؛ چونکه یاسـاکانمان ڕێگه بهوه نـادهنو له دانهوهی



Scanned with CamScanner

هەرزەکەشدا، دڵنیامان ناکەنەوە، هەروەها بڕە پارەیەکی وەک نەمە. بۆ هەرزەی
ناشێت». ناموژگاری نەوشی کردم، کە چاوم بەکاربەدەستە باڵاکان بکەوێت لە
ناوەندی بانکەکە، لە بەنگلادیش.

منیش نەم ناموژگارییەم لە گوێ گرتو چوومە لای چەندان کەسی قسەڕۆیشتوو
لە کاروباری بانکەکەداو هەمان وەڵامی یاروێی یەکەمیان دەدامەوە. لە کۆتاییدا
پاش چەند ڕۆژێك لە هەوڵو کۆشش، پێم گوتن: من دەستەبەری ئەوان دەکەم
خۆم هەرزەکە لە ئەستۆ دەگرم، لەمەودوا چییان لێم دەوێت، ئیمزای دەکەم. ئیتر
بەو شێوەیە پارەیان پێم دەداو منیش لە ڕێی خۆمەوە دەمدا بە هەژاران.


سەرەتاکەی بەو چەشنە بوو. چەندان هۆشداریيان پێدام، کە ئەو هەژارانەی
پارەکە وەردەگرن، هەرگیز پارەکە ناگێڕنەوە. منیش پێم دەگوتن: (تاقی
دەکەمەوە). ئەوەی سەیر بوو، ڕووی دا، هەموو پارەکانیان گێڕایەوە، تەنانەت
یەك سەنتیشی کەم نەبوو. پاشان چوومە لای بەڕێوەبەرەکەو پێم گوت: (بڕوانە
ئەوان پارەکەیان گێڕاوەتەودو گرفتێکیش نەهاتووەتە پێش). بەڵام لە وەڵامدا
پێی گوتم: (وا نییە، ئەوان فێڵت لێ دەکەنو ئەگەر پارەی زۆرتریان پێ بدەیت
هەرگیز جاوت پێی ناکەوێتەوە). منیش پارەی زۆرترم پێدانو ئەوانیش لە کاتی
دیاریکراودا گشتیان گێڕایەوە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە گوتی: (باشە، ڕەنگە ئەوە، هەر
لە گوندێکدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام لە دوو گونددا سەرکەوتوو نەبێت). یەکسەر
لە دوو گونددا تاقیم کردەودو سەرکەوتوو بوو.

بەم شێوەیە کارەکە، لە نێوان منو بەڕێوەبەری بانکو هاوکارەکانی لە پۆستە
باڵاکاندا، بوو بە چەشنێك لە ململانێ. لەسەر قسەی خۆیان پێداگربوونو دەیانگوت:
(ڕەنگە لە چەند گوندێکی دیکەدا، بۆ نموونە پێنج گوند، شکستی ئەم پرۆژەو
گەڵالەیە دەربخات). لە پێنج گوندیشدا تاقیم کردەودو لە ئەنجامدا گشت لایەك
پارەکەیان گێڕایەوە. سەرباری ئەوەش، ئەوان پێیان لێ نەدەناو دەیانگوت: (دە
گوند، پەنجا گوند، سەد گوند). ئەمجارەیان کارەکە، لەنێوان منو ئەواندا، بوو بە
پێشبڕکێو چەند ئەنجامێکم هێنایە بەردەستیان، کە نەیاندەتوانی نکۆڵی لێ بکەن؛

چونکه نەو پارەی بە قەرزم دەدا، پارەی نەوان بوو، بەڵام نەیاندەویست باوەڕ بکەن.
چونکە نەوان لەسەر نەو باوەڕە گۆش کرابوون، کە هەژاران ناکرێت متمانەیان
پێ بکرێت. سوپاس بۆ خودا، بەو شێوازە گۆش نەکرابووم، هەر لەبەرنەوە، توانیم
باوەڕ بەو کارو ئەنجامانەی بەناشکرا وەک خۆری ڕووناک دەردەکەوتن، بکەم. وەلێ
نەو زانیارییەی کارمەندانی بانکەکە، هەیان بوو، زەینو جاوو دڵی کوێر کردبوون.
لە ناکامدا نەوە هات بە مێشکمدا: (کە من سوور دەزانم، هەژاران توانای
قەرزوەرگرتنو دانەوەیان هەیە، دەسا بۆچی هەوڵی هێنانە سەرباریان بدەم؟ بۆچی
بانکێکی سەربەخۆ پێک نەهێنین؟ ئەم بیرۆکەیە مێشکی خرۆشاندەو بەرنامەی
پرۆژەکەم داڕشتو چوومە لای بەرپرسانی حکوومەت، تا مۆڵەتی دامەزراندنی
بانکەکەم پێبدەن. دوو ساڵی پێچوو، تا توانیم حکوومەت، بە کارەکە ڕازی بکەم.
لە ١٩٨٣/١١/٢دا، بووین بە بانکێکی فەرمیو سەربەخۆ، لای هەموومان، کارەکە
مایەی دڵخۆشی بوو؛ چونکە بانکێکی تایبەت بەخۆمان هەیەو دەتوانین بە ویستی
خۆمان، فراوانی بکەینو ئەوەشمان کرد).

ئەمڕۆکە بانکی گرامین، لە ڕێگەی ١٢٦٧ لقەوە، کار لە ٤٦٠٠٠ گوند زیاتر دەکاتو
١٢٠٠٠ کارمەندی هەیەو ساڵانە ملیارێکو دووسەد هەزار دۆلار دەدات بە قەرز،
تەنانەت قەرزیش بە سوالکەرەکان دەدات، تا دەست لە سوال هەڵبگرنو دەستبەکار
بکەن. لەو بڕە پارەیە، ساڵانە بڕی پێنج سەد ملیۆن دۆلاری دەدرێت بە سێ ملیۆنو
حەوت سەد هەزار کەس، کە لە ٩٦٪ یان ئافرەتن؛ چونکە ئەوانە بڕیاریان داوە
کە دەتوانن، بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێک، ژیانی خۆیانو خێزانەکانیان بگۆڕن.
قەرزەکانیش لە نێوان ١٢ دۆلارو پانزە دۆلاردایەو بە تێکڕایی لە دوو سەد دۆلار
تێناپەڕێت. هەروەها بۆ کڕینی خانوو لە گونددا، تا سێ سەد دۆلاریش دەدەن.
ڕەنگە لە لای ئێمە، لە دنیای کارو بازرگانیدا، ئەم ژمارانە بچووک بن، بەڵام کە
بیر لەو کاریگەریو شوێنەوارە دەکەینەوە، کە ئەم پرۆژەیە، لە ژیانی کەسانێکی
زۆردا جێی هێشتووە، لە کانگەی دڵەوە پێمان خۆشەو بست بست بالای پێدەکەین.

Scanned with CamScanner



ڕەتان تاتا

نەو پریشکە بەتینەی دانامرکێت..

Scanned with CamScanner

وەک ئەوەی هیندستان وڵاتێکە، لە بواری ئۆتۆمبێلسازیدا، مێژووێکی نەوتۆی
نیە، باس بکرێت، بەڵام «ڕاتان تاتا» سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی «تاتا
گروپ» سەبارەت بە دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە وڵاتەکەیدا،
زۆر بەپەرۆش و بەتین و تاسەوە بوو؛ بۆئەوەی پێداویستی بازاڕی ناوخۆ دابین بکات
نەو ڕاستییەش پریشکی پەرۆشی نەوی نەکوژاندەوە، کە بارودۆخی هیندستان، زۆر
دوورە لەوەی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل دەست بدات؛ چونکە زۆربەی دانیشتوانی
نەو وڵاتە، بۆ کاروباری گواستنەوە، پاسکیل و عەرەبانەی سن تایە بەکار دەهێنن
خەونی «ڕاتان تاتا» بریتی بوو لە: داهێنانی ئۆتۆمبێلی بچووک، بە جەشنێک
هەم بەکار بێتو هەم نرخێشی کەم بێت.. بۆئەوەی زۆربەی نەندامانی تویژی
ناوەند لە هیندستاندا، بتوانن بەدەستی بهێنن و لە ناخۆشی و تاڵیی پاسکیلسواری و
چەنجاڵی گواستنەوە دووریان بخاتەوە.

«تاتا» کۆمەڵە کۆمپانیاکانی لە باپیرییەوە، بۆ مایەوەو هەر بە پارێزتنی ناوو
ناوبانگی نەو کۆمەڵە کۆمپانیایە، نەوەستایەوە.. بەڵکو هەوڵی پەرەپێدانو فراوانکردنی
چالاکییەکانی نەو کۆمەڵە کۆمپانیایەی دا.. تا وای لێهات، ٩٨ کارخانەو کۆمپانیای هەبێت،
کە کاری لە چەند بوارێکدا دەکرد.. وەک: تەکنۆلۆجیای زانیاری، نوتێل، ئوتۆمبێل،
کانزا، مادە کیماوییەکان، ڕاوێژکاری کارگێڕیو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان. ژمارەی
نەو کارمەندانەشی لە کۆمپانیاکانی نەودا کار دەکەن، گەیشتووەتە ٣٩٥ هەزار کارمەند.

«تاتا» لە ڕێگەی نەو فراوانکردنانەوە، توانی داهاتێکی گەورە پێکەوە بنێت،
کە سالانە گەیشتە ٦٧،٤ ملیار دۆلار. هەروەها لە ماوەی دە ساڵدا، داهاتەکەی
بەتێکڕایی دوانزە هێندە زیادی کرد.

کاتێکیش کۆمپانیای «تاتا بۆ ئۆتۆمبێلسازی»، هەوڵی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی
«نانۆ تاتا»ی ڕاگەیاند.. هەندێك پێیان وا بوو، دروستکردنی نەو ئۆتۆمبێلە
نەستەمە. هەروەها بڕوایان وا بوو.. نەگەر دروستیش بکرێت، لەبەر هەرزانی
نرخەکەی، نەگونجاوو نالەبار دەبێت، بەڵام «تاتا» بە پێچەوانەی هەموو
پێشبینییەکانیان جووڵایەوەو ئۆتۆمبیلێکی بەرهەم هێنا، کە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی

Scanned with CamScanner

دیکەدا، لە ڕووی تواناوە جیاوازی نەبوو، بەڵام جیاوازییەکەی لەوانی دیکە، لە ڕووی شێوەو نەخشەسازییەوە بوو. سەرباری ئەوەی قەبارەی بچووک بوو، چەشنێک لە ڕووبەرێکی بۆشایی لەناویدا هەبوو، بە جۆرێک جێگەی چوار کەسی پێگەیشتووی تێدا دەبێتەوەو هەستی ناسوودەییان لا دروست دەکات. هەروەها لە ئۆتۆمبێلەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، بە هەرزانی نرخەکەی کە دەگاتە ٢٥٠٠ دۆلار. بەنزینیش کەم دەبڕێنێتەوە، بە چەشنێک بۆ هەر ١٠٠ کیلۆمەتر، ٣ لیتر دەوێتو تا ٥٠ پلەی سەدیش بەرگەی پلەی گەرما دەگرێت.

پاش نەوەی «تاتا» ئۆتۆمبێلەکەی لە بازاڕەکاندا خستە ڕوو، تووشی بەرپاڵ ناخۆشی بوو، بەڵام هەر زوو خۆی چەسپاندو سەلماند، دوای ئەوەی هەڵی چوونە ناو بازاڕەکانی ئەوروپاو ئەمریکای بۆ ڕەخسا.

«تاتا» لەو ئۆتۆمبێلە، ٣٩٦ ملیۆن دۆلاری خەرج کردو دروستکردنەکەی شەش ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا هەموو کردوکۆششو تواناوتەقەلای خۆی خستە گەڕو خەونەکەی بەدی هێنا، ئەویش بە بەرهەمهێنانی هەرزانترینو بچووکترین ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی جیهان. پاش ئەوەی «تاتا» لە ڕێگەیەوە، ڕووی ئۆتۆمبێلسازی گۆڕی، ئێستەش ڕێورەوشی نوێی گرتۆتە بەر، بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێلێکی کارەبایی لە هەمان تەرزی ئۆتۆمبێل.

لە ڕێگەی ئەم داهێنانەیەوە، «تاتا» هانی زۆرێک لە کۆمپانیاکانی دیکەی وەک «ڕینۆ»و «نیسان» دا، کە پەیڕەوی لە هەنگاودکانی ئەو بکەنو ستراتیژی خۆیان بگۆڕنو چەند تەرزێکی ڕکابەر بۆ ئۆتۆمبیلی «نانۆ» بخەنە ڕوو. ئەو «نانۆ»یەی بەرهەمێکی زۆری پەیدا کرد، لای ئەندامەکانی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەدا.

گۆڤاری «فۆربز»، «تاتا»ی وەک باشترین بازرگانی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژێر کردووە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، گۆڤاری «فۆرچن»یش لە ڕیزی باشترین ٢٥ کەسێتیی سەرکەوتووی جیهانی داناوە، لە جیهانی سامانو کارداو لە ڕیزی باشترین کارگێڕە چاکەکانی کیشوەری ئاسیاشدا، پلەی دووەمیی بەدەست هێناوە.

Scanned with CamScanner



چاکە
ون نابێت!

لە ساڵی ١٩٢٠، سەندیکای پزیشکانی بەریتانیا، ناهەنگیکی بۆ کۆمەڵێک لە پزیشکە تازەدەرچووەکان ساز کرد. سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش لە ناهەنگەکەدا نامادە بوو، سەرۆکی سەندیکای پزیشکان، وتارێکی پێشکەش کردو تێیدا چەند ڕێنماییەکو ئامۆژگارییەکی پێویستی ئاڕاستەی تازەدەرچووەکان کردو بەسەرهاتێکی خۆیشی بەم شێوەیە بۆ گێڕانەوە: نیوەشەوێکی پڕ تۆفو ڕەشەڵەو باوبۆران بوو، خاتوونێکی بەسالاچوو، لە دەرگای ماڵی دامو گوتی: دکتۆر گیان، گرفتارم فریام کەوە، منداڵەکەم زۆر نەخۆشە، باری تەندروستیی منداڵەکەم پڕمەترسییە، تکات لێ دەکەم چیت لەدەست دێت بۆی، درێغی مەکەو منداڵەکەم ڕزگار بکە.. منیش بێنەوەی گوێ بە ڕەشەڵەو زریانو سەرمای سەختو بارانی بەخوڕ بدەم، دەستوبرد خۆم ئامادە کردو کەوتینە سەر ڕێ، خانووی خاتوونەکەش لە دەوروبەری لەندەن بوو، پاش گەشتێکی دژوار، گەیشتینە ماڵەکەی، سەرنجم دا، نەو خاتوونە لە

Scanned with CamScanner

ژوورێکی تەنگو تەسکدا دەژیا، منداڵەکەشی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا، کووزەڵەی
کردبوو، لە تاوی نێشو ئازار، پێچی دەخواردو نااڵەونرکەی دەهات، پاش ئەوەی
ئەرکی خۆم بەجێ هێنا، دایکی نەو منداڵە، واتە: خاتوونەکە، تووڕەکەیەکی
بچکۆلە کە دیاربوو پارەی تێدابوو پێی دام، بەڵام من ڕەتم کردەوە، ئەو تووڕەکەیە
وەربگرمو بە داوای لێبوردنەوە بۆم گێڕایەوەو پێم گوت: هیچ کرێیەك لەبری
نەم کارەم وەرناگرمو ئەرکی مرۆڤانەی خۆم جێبەجێ کردووە.. جگەلەوەش
پێم لەو منداڵە نەخۆشە دانەبڕیو چەند جاری دیکە سەردانم کردەوە، تا خودا
شیفای داو بە تەواوی چاك بوویەوە، سەرۆکی سەندیکای پزیشکان، درێژەی بە
فەرمایشتەکانی داو گوتی: ئا ئەمەیە پیشەی پزیشکێتی؛ باشترین پیشەیە، بۆ
نزیکبوونەوە لە خودا... چونکە تۆی پزیشك، دەبیت بە هۆکاری چاکبوونەوەی
نەخۆشەکانو گێڕانەوەی ئاسوودەیی بۆ دڵەکانو ئارامی بۆ نێو ماڵەکان.. سەرۆکی
سەندیکا، هێندەی نەمابوو، قسەکانی تەواو بکات، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لەجێی
خۆی هەستاو بەردەو سەکۆی وتاردانەکە ڕۆیشتو لەوێ گوتی: بەڕێز جەنابی
سەرۆکی سەندیکا، ڕێم بدە دەستت ماچ بکەم، بیست دانە ساڵە، من سەروسۆزانی
تۆ دەکەمو بە شوێن تۆدا دەگەڕێم.

من نەو منداڵەم، کە ئێستە لە وتارەکەتدا باست کرد!! پاشان لەبەردەم
نامادەبووانداو گوتی: ئێستا زۆر خۆشحاڵم! دەبا ئێستە دایکم لە دواهەواریدا
بحەوێتەوەو دڵخۆش بێت؛ چونکە تەنها ڕاسپاردەی نەو، بۆ من نەوەبوو، کە تۆ
بدۆزمەوەو پاداشتی نەو چاکەیەت بدەمەوە، کە تۆ لە کاتی هەژاریو نەداریی
ئێمەدا، لەگەڵ ئێمەدا کردووتەو ژیانت ڕزگار کردووم.

نەو منداڵە هەژارەی نەو دەمە، بووبوو بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا "دەیڤد
لۆید جۆرج" بوو. کە لە گەرمەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لە "١٩١٦ - ١٩٢٢"
سەرۆکایەتیی وەزیرانی وڵاتەکەی لەنەستۆ گرتو سەرکردایەتیی وڵاتەکەی کردو
توانی نەڵمانیاییەکان ببەزێنێتو بەسەریاندا سەر بکەوێت. نەوەشمان لەبیر
نەچێت: چی بچێنین، گەرچی پێیشی بچێت، هەر دەیدرووێنەوە!

Scanned with CamScanner



دیاریی نائاشنا

لـه زانکۆیەکی مالیزیا، مامۆستـای وانەی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسـی، مەرجێکی دانا بەسەر فێرخوازەکانی: بۆئەوەی لە بابەتەکەیدا، دەربچنو نمرەی تەواو بەدەست بهێنن. مەرجەکەش بریتی بوو لەوەی، کە هەر فێرخوازێك لە سـی فێرخوازەکەی ئەو گرووپە، لـە ماوەی چـوار مانگی وەرزی یەکەمی خوێندندا، لـە دەرەوەی خانەی خزمو خێزانی، کەسێك دڵخۆش بکات، لە کۆتایی وەرزی خوێندنیشدا، بە بەڵگەی فیدیۆیی، کارەکەی بۆ هەموان بخاتە ڕوو.

مامۆسـتا هەر بەم دەسپێشخەرییە ڕانەوەستا، بەڵکو لەگەڵ کۆمپانیایەیەکی مالیزیدا ڕێککەوت، تا سیۆنسـەریو سەرپەرشـتیی ئەم گەڵاڵەو پرۆژەیە بکاتو وەك ڕێزلێنانێك ١٠٠٠ دۆلار ببەخشێت، بە هەر یەکە لە ١٠ باشترین براوەو دەسپێشخەر.

Scanned with CamScanner

له کۆتایی وەرزی خوێندنەکەدا، سێ فێرخوازەکە، نمرەی تەواویان بەدەست هێنا. پاش نەوەی لە هۆڵی شانۆی زانکۆ، سەرجەم کارەکان خرانە ڕوو، باوانی فێرخوازەکان نامادەبوون، هاوپۆلەکان باشترین ١٠ کارو دەسپێشخەرییان دەستنیشان کرد.

نەم دەسپێشخەرێو ڕچەشکێنییە مرۆییانە، کە پڕبوون لە هیواو گەشبینی، لە سەرتاسەری مالیزیادا دەنگی دایەوە.

دیارە هەر یەک لە فێرخوازەکان، دەیویست کارێکی مرۆڤانەی جیاواز ئەنجام بدات و لە ڕوخساری کەسی بەرامبەردا، بەختەوەری بکێشێتو بینەخشێنێت.

نەو فێرخوازەی کە یەکەمی پێشبڕکێکە بوو، دەسپێشخەرییەکەی بەم جۆرە بوو: فێرخوازە مالیزییەکە، ڕۆژانە، دیارییەکی بچووکی لە بەردەرگای ژووری فێرخوازێکی بەشە ناوخۆییەکەیدا دادەنا، کە خەڵکی هیندستان بوو، باوکی ناردبووی بۆ مالیزیا، بۆنەوەی لە کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت.

فێرخوازە یەکەمەکە، لەبەرنەوە نەو فێرخوازە هیندییەی هەڵبژاردبوو؛ چونکە هەستی کرد، لەم دوورە وڵاتییەیدا، نە هاوپۆلێکی هاوڕێیەتی دەکات، نە بزەیەک دەخاتە سەر لێوانی، نە قسە لەگەڵ کەس دەکات، نە کەسیش دەیدوێنێت، هەمیشە غەمبارو بێتاقەت دیار بوو. نەم هۆکارانە وای لە فێرخوازە مالیزییەکە کرد، کە فێرخوازە هیندستانییەکە، بە باشترین کەس دابنێت، تا هەوڵی دڵخۆشکردنی بدات. یەکەم دیاریی نەو فێرخوازە، بریتی بوو لە: نامەیەکی بچووکی بێناوو بێواژۆو خستیە ژێر دەرگای فێرخوازە هیندییەکەو تێیدا نووسیبووی: منیش پێم خۆش بوو، وەکو تۆ، ببم بە پزیشک، بەڵام من لە وانە زانستییەکاندا لاواز بووم، خودا زیرەکییەکی پێ بەخشیوم، تا بەهۆیەوە، بەشداری لە دڵخۆشکردنی مرۆڤایەتیدا بکەیت.

ڕۆژی دواتر، فێرخوازە مالیزییەکە، کڵاوێکی مالیزی کڕیو لەگەڵ نامەیەکدا، لە بەردەرگای ژووری فێرخوازە هیندییەکەدا داینا و لە نامەکەدا نووسیبووی: هیوادارم نەم کڵاوەت پێ پەسەند بێت.

لای ئێوارە، فێرخوازە مالیزییەکە، فێرخوازە هیندییەکەی بینی، کڵاوەکەی کردووەتە سەرو بزەو بسکە لە پەڕەی ڕوخساری دەباریتو پێشتریش بەو جۆرە نەبینرابوو.

Scanned with CamScanner

هێندە نا، بەڵکو تەماشای هەژماری فەیسبووکی فێرخوازە هیندییەکەی کردو
وێنەی یەکەم نامەو کلاوەکەی بڵاو کردبووەوە.. جوانترین شتێکیش کە بینی، سەرنجی
یاسی فێرخوازە هیندییەکە بوو، کە نووسیبووی: تەنانەت هاوزانکۆییەکانیش بە
پزیشکێکی بلیمەت، تۆیان دێتە پێش چاو، ڕۆڵەگیان، نەکەیت قسەیان بە زمویدا
بڕیت، بێهیوایان بکەیت.. سا لەبەرئەوە بەردەوام بە.

ئەم سەرنجە، وای لە فێرخوازە مالیزییەکە کرد، کە ڕۆژانە، بەبێ نەوەی ناونیشانی
خۆی، بۆ فێرخوازە هیندییەکە بنووسێت، لە نامەنووسینو پێشکەشکردنی دیاریيە
بچووکەکان بەردەوام بێت.

بزەی لێوو بسکەی شادیی فێرخوازە هیندییەکە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، گەورەتر دەبوو،
هەژماری فەیسبووکو تویتەرەکەشی، پڕبوون لە هاوزانکۆیەو پرسیار: ئەمڕۆ چی
ڕووی داوە؟ چیی نوێ هاتووەتە پێش؟ خێرا پێمان بڵێ.. دەمانەوێت بزانین، دیاریی
ئەمڕۆ چییە؟

ژیانی فێرخوازە هیندییەکە، بەهۆی هاوزانکۆییە مالیزییەکەوە، لە کە سێکی
گۆشەگیرو دڵتەنگەوە، بەتەواوەتی گۆڕا، بۆ کەسێکی کۆمەڵایەتیی لێوبەخەندە..
پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر دیاریو نامەکاندا، فێرخوازە هیندییەکە بوو
بە باسوخواسی زانکۆ، لە کۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا، کە بۆ فێرخوازانی زانکۆ ساز
کرابوو، داوا لەو فێرخوازە کرا، ئەزموونی خۆی بگێڕێتەوە. فێرخوازە هیندییەکە
لە بەردەم هاوزانکۆییەکانیدا، لەبارەی دیاریو نامەکانەوە قسەی کرد، باسی یەکەم
نامەی کرد، کە وای کرد، لە بڕیاری وازهێنان لە کۆلێژی پزیشکی دەست هەڵبگرێتو
ئەو بەربەستە کەلتووریو ئەکادیمیانە تێ بپەڕێنێت، کە دەهاتنە سەر ڕێی.

محەممەد شەریف کە فێرخوازە مالیزییەکەیە، بەهۆی ئەو کارە بچووکەی، کە
کردی، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ژیانی فێرخوازە هیندییەکەدا؛ چونکە ڕۆژێك دانێت،
دەبێت بە پزیشکو ژیانی دەیان کەس ڕزگار دەکات.. ئەم چاکەیەش، لە پاش خودا،
هی ئەو کەسەیە، کە بەهۆی نامەیەکی دڵسۆزانەوە، بەئەسپایی گەردو غوباری غەمی
سەرشانی ئەو فێرخوازەی تەکاند!



Scanned with CamScanner



نەو دایکەی

دنیای ڕووناک کردەوە!

منداڵێك بە خەمێکی زۆرەوە، بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە، بە هەنسکە هەناسێو قوڵپە قوڵپی گرینەوە کە دڵی بەردینی دەتواندەوە.. بۆ لای دایکی لە دڵا شیرینی گەرایەوە.

هەر کە دایکی، بە خەفەتو تێکشکاوییەوە منداڵەکەی بینی.. بەر لە سنگی بە دڵو دەروونی جوانیو بەر لە وتەکانی، بە هەستو سۆزی بێوێنەی لەنامێزی گرتو پێی گوت: ئەوە چیتە ڕۆڵەی شیرینم؟! بە خودا نامەوێت بۆ ساتێکیش بە نازارو خەمەوە بتبینم.. هێزی هەناوم، ڕووناکی چاوم، پێم بڵێ کێ پەستی کردووویت؟ بۆچی هۆن هۆن فرمێسك دەڕێژیت؟

منداڵەکە بە دەم گریانەوە گوتی: دایەگیان، چیدی بۆ قوتابخانە ناگەڕێمەوە. چونکە ئەمڕۆ مامۆستا لە بەرچاوی هاوڕێو هاوپۆلەکانمدا پێی گوتم: تۆ منداڵێکی گێلو مێشکبووتو بیرکۆلیت، کەڵکی هیچت نییەو هیچ فێر نابیت.

دایکەکە بە چمکێکی کراسەکەی، فرمێسکی جگەرگۆشەکەی سڕی.. بە لێزمەی

Scanned with CamScanner

هۆزی، ڕوومەتەکانی ماچ کردو پێی گوت:

ڕۆڵەی شیرینم، هیچ نییە.. چونکە هێشتا نەوان بەهرەو توانای تۆیان نەدۆزیوەتەوە.. تا ئێستەش زرنگیو زیرەکییەکەی تۆیان بۆ دەرنەکەوتووە.. ژۆری بێ ناچێت، تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی تۆیان بۆ دەردەکەوێت.

دایکەکە یاری لەگەڵدا کردو هێوری کردەوە، وەی دایەوە بەرو هانی دایەوە.. تا وای لێهات شکاندنو قسەپێگوتنی مامۆستای لە بیرچوویەوەو دیسانەوە بەرەو قوتابخانە گەڕایەوە.

پاش سێ مانگ، منداڵەکە بە ئازارو خەم و تێکشکاوی زۆرترەوە هاتەوە.. زۆر نەدەبوویەوەو فرمێسک لە کانگەی چاوییەوە جۆگەلەی بەستبوو.. چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، بە یەکجاری نەوی لە قوتابخانە دەرکردبوو.

دایکەکە دەستی منداڵەکەی گرتو لەگەڵ خۆیدا بەرەو قوتابخانەکەی برد.. پرسیاری لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کرد: بۆچی بڕیاری دەرکردنی منداڵێکی شەش ساڵانەتان دەرکرد؟

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە تووڕەییەکەوە وەڵامی دایەوە:

منداڵەکەت هەتا بڵێیت بیرکۆڵو گێلو دەبەنگە.. قوتابخانەکەشمان بۆ نەو کەسە دانەمەزراوە!

نەم ژینە چەندە سەختو تاڵ دەبێت، کاتێک ددانی لە کەسێک جیڕ دەکاتەوە.. لەوەش سەختو تاڵتر ئەوەیە: بە ڕووی منداڵێکدا کە هێشتا شەش ساڵانە، ڕووی گرژو ترش بکات.

دایکەکە منداڵەکەی لە ئامێز گرتو بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە.. لە دڵی خۆیدا بڕیاری کارێکی لێبڕاوانەی دا.. بە جگەر گۆشەکەی خۆی گوت: ڕۆڵەی شیرینم، با هەموو خەڵکی دنیاش، حاشا لە بلیمەتیو زرنگیو زیرەکیی تۆ بکەن.. بەڵام هێندە بەسە کە من دان دەنێم بەوەی کە تۆ منداڵێکی باشو بلیمەتو زرنگو زیرەکیت.. خەڵکی چی دەڵێن با بیڵێن، تەنها ئەو شتە باشە ببیستە، کە من پێت دەڵێم: (تۆ زیرەکترین منداڵی ئەم جیهانەیت)!

Scanned with CamScanner

دایکەکە لەگەڵ هەموو سروەی سپێدەیەکدا، ئەو وتەیەی بە گوێی منداڵەکەیدەدایەوە.. هەڵبەتە دایکەکە هەر بەو وتەیە ڕازی نەبوو.. بەڵکو ئەرکی فێرکردنی جگەرگۆشەگەی گرتە ئەستۆی خۆی.. مامۆستای بۆ منداڵەکەی گرتو لە مالەوە وانەیان پێ دەگوت. هەروەها بەشێك لە داهاتی ڕۆژانەی لا دەدا.. بۆ کڕینی ئەو شتەی منداڵەکەی، بۆ فێربوونو تاقیکردنەوە پێویستیەتی.. لەم کارەشی شەکەت پەست نەبوو.. بەڵکو دڵخۆشیی منداڵەکەی، پاڵنەرێکی بەهێز بوو؛ بۆئەوەی خەرجیی زۆرتری بۆ بکێشێت.

منداڵەکە گەورەبوو.. پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا، هەموو جیهان باسو ستایشی ئەو بلیمەتەیان دەکرد.. کە جیهانی ڕووناك کردەوە.

نایا ئێستە دەزانن ئەو منداڵە کێیە؟؟ ئەو منداڵە ئەدیسۆن بوو.. داهێنەری گڵۆپی کارەبایی.. ئەو ئەدیسۆنەی کە بووە هۆی ڕووناککردنەوەی هەموو جیهان..

لە مێژوودا ئەدیسۆن دووەمین کەسە کە زۆرترین داهێنانی هەبێت.. ئەو ئەدیسۆنەی بە بیانووی ئەوەی گێلو بیرکۆڵە، گەمژەو تەممەڵەو خوێندنی پێناکرێت.. لە قوتابخانە وەدەرنرا.

ئەدیسۆن لە بارەی دایکەوە دەڵێت: پاکترین بوونەوەری سەر ئەم ڕووی زەمینەیە. بەڵێ.. هەر بەو جۆرەیە.. چونکە ئەدیسۆن پەروەردەی دەستی دایکی بوو.. هەروەك ناپلیۆنیش دەڵێت: لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ئافرەتێکی مەزن هەیە.. لەبەرئەوەی دایکی ئەدیسۆن پاڵپشتی منداڵەکەی خۆی کرد.. هۆکاری سەرەکی ڕووناککردنەوەی دنیاش، بۆ دایکی دەگەڕێتەوە.

ئێستە دەپرسین: ئەگەر دایکی ئەدیسۆن وتەی مامۆستاکانی منداڵەکەی بشتڕاست بکردایەتەوە.. چی ڕووی دەدا؟!

دایك و باوکی خۆشەویست:

تەنها.. بڕواو متمانەتان بەو هێزو وزەیەی منداڵەکەتان هەیەتی.. هەروەها بەرنامەڕێژەو بڕیاردانتان بۆ دەرهێنانی تواناو بەهرە شاراوەکانی.. یەکەم هەنگاوە بۆئەوەی منداڵەکەتان ڕێزەوی مرۆڤایەتی بگۆڕێت.. ئەومش لای خوا زۆر ئاسانە.

Scanned with CamScanner

کورتە نامە ناردن



گەنجێك.. دایكە پیرو نەخۆشەكەی بە ئۆتۆمبیل گەیاندە نەخۆشخانە، لەبەردەم نەخۆشخانەكەدا دایبەزاندو لەگەڵیدا نەچووە ژوورەوە؛ چونكە لەگەڵ چەند كەس لە هاوڕێكانیدا.. بڕیاریان دابوو؛ بۆ گەشتوگوزار بچنە هاوینەهەوارێك. كورە گەنجەكە بە دایكی گوت؛ دایەگیان، من زۆر سەرم قاڵە، ئیشو كارم زۆر زۆرە، لەبەرئەوە خۆت بەو پلیكانانەدا.. سەر بكەوەو بچۆرە ناو بەشی پێشوازی نەخۆشەكانەوە، لەوێدا پەرستارەكان بە پیرتەوە دێنو یارمەتیت دەدەن، خزمەتێكی باشت پێشكەش دەكەنو هەرچی پێویست بكات، بۆت ئەنجام دەدەن.

Scanned with CamScanner

پیرێژنەکە تەماشایەکی پلیکانەکانی کردو زەردەخەنەیەکی کرد..

کـوڕە گەنجەکـە بە دلگرانییەوە گوتی: دایە، مەگـەر چیم گوتووە، وا تۆ بڵێ پێدەکەنیت؟!

پیرێژنەکە سەرێکی ڕاوەشـاندو گوتی: ڕۆڵەگیان.. جەرگی جەرگم.. دەزانم لە گیانم بکەوێت، بە تۆ پێنەکەنیوم.. بەڵکو کەوتمەوە یادی جاران.. بیستو پێنج سـاڵ لەمەوبەر، نەو دەمەی تۆ یەکسـاڵان بوویتو باوکیشت بەشەو کاری دەکرد، درەنگانی شـەوێکیان نەخۆش کەوتیت، تاو گەرمیی لەشت زۆر بەرز بووبوویەوە، نەو کات ئۆتۆمبێلمان نەبوو.. لەو کاتەی شەویشـدا ئۆتۆمبیل دەسـت نەدەکەوت، ناگری جەرگ هەڵی گرتم، ناچار بەپێ، هەموو ڕێگەکەم بڕیو هەر بەسەر دەستی خۆمەوە، تۆم گەیاندە نەم نەخۆشخانەیەی ئێستە تۆ منت گەیاند، بەڵام ئێستە

پیرێژنەکە نەمەی گوتو بە سەرپۆشـەکەی فرمێسـکەکانی سـڕیو دەستی دایـە هەڵگەڕان بەسـەر پلیکانەکاندا، لە پڕ کوڕە گەنجەکە دەسـتی دایکی گرت، پیرێژنەکەش هەسـتی بە دەستی گەرمی کوڕەکەی کردو زەردەخەنە بوویەوە بە یاوەری لێوی..

لـەم کاتەدا کوڕە گەنجەکە مۆبایلەکەی، لـە گیرفان دەرهێناو کورتەنامەیەکی بۆ هاوڕێکانی نارد:

(ببورن، ئێوە بڕۆن، من ناتوانم لەگەڵتاندا بێم.. چونکە گەشتوگوزارێکی دیکەم هەیە.. لەودی ئێوە، زۆر پێویستترو لەپێشترە..)

کاتێـک نامەکـە گەیشـتە شـوێنی خـۆی، دایکەکـەو کوڕەکـەی چووبوونە نەخۆشخانەکەوە.



Scanned with CamScanner



داوای لیّبوردن،

جادوو ده‌کات!

Scanned with CamScanner

دکتۆر جاسم موتەوەع، کە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، پەروەردەکارێکی شارەزایە بەناوبانگە، دەڵێت: جارێکیان، لە کاتی پێشکەشکردنی خولێکی تایبەت بە بەیاوانی، سەرنجی بیاوێکم دا، زەنگوڕووی گۆڕدرا، فرمێسک لە چاوییەوە جۆگەلەی بەستو کەوتە سەر ڕوومەتەکانی، منیش لەو دەمەدا، باسی نەوەم دەکرد، لەگەل منداڵەکانماندا، چۆن هەڵسوکەوت بکەینو چۆن لە هەڵەکانیان، سەرودەر بکەینو چۆن گرفتەکان، گیرۆدەتر نەکەین.

لەکاتی پشوودانی خولەکەدا، ئەو پیاوە هات بۆ لامو بەتەنیا قسەی لەگەڵ کردەو گوتی: ئایا دەزانیت، بۆچی بابەتی خولەکە، کاری تێ کردەو بەکۆڵ گریامو فرمێسکم هەڵڕشت؟

گوتم: نازانم!

گوتی: من کوڕێکی حەفدە ساڵانم هەیە، پێنج ساڵە، قسەم لێ دابڕیوە؛ چونکە لەگەڵ هاوڕێی خراپدا دەگەڕا، جگەرەی دەکێشا، بەدرەفتار بوو، سەری بە فەرزی خودادا نەدەدا، بێفەرمانی دەکردەو ڕێزی دایکی نەدەگرت.. ئێدی بۆئەوەی بێتەوە سەر ڕێ، پەیوەندیم لەگەڵیدا پساندو خەرجیم لێ گرتەوەو ژوورێکم لە سەربان بۆ کردەوە.. بەڵام دەستی لە خووە خراپەکانی، هەر هەڵنەگرتووەو نەگرتوود بگرە سوورتریش بووە لەسەریان. ناشزانم چ بکەم، بەڵام قسەکردنت لەسەر ئەوەی کە گفتوگۆ، زۆر گرنگەو بۆ چارەسەری گرفتەکانو چارەسەرێکی ئەفسووناوییە، زۆر کاری تێ کردم، جا ئێستە ڕێنماییی تۆ، بۆ من چییەو دەفەرموویت من چی بکەم؟ ئایا لە قسەدابڕین لەگەڵیدا بەردەوام بم، یان پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنمەوە؟ ئەگەر پێیشم بڵێیت، بگەڕێرەوە بۆ لای، ڕێچارە چییەو چۆنە؟

منیش پێم گوت: هەر ئەمڕۆ، پێش ئەوەی سبەی دابێت، دەبێت پەیوەندی لەگەڵیدا ببەستیتەوە. ڕاستە، ئەوەی منداڵەکەت کردوویەتی، هەڵەیە.. بەڵام دابڕینی پەیوەندیشت لەگەڵیدا، هەر هەڵەیە، پێی بڵێ: قسەلێدابڕینو پەیوەندیی ناست دایکو باوکتدا، کوڕێکی چاک بیتو لە گوفتارو ڕەفتارتدا، ڕێکوپێک بیت

Scanned with CamScanner

نەك خواروخێچ.

پیاوەکە بەسەرسوڕمانەوە گوتی: من باوکی نەوم، چۆن داوای لێبوردنی لێ بکەم؟! خۆ ئێمە، وەها پەروەردە نەکراوین، کە گەورە، لە بچووک، یاخود باوک، لە ڕۆڵەکەی خۆی، داوای لێبوردن بکات؟!

گوتم: کاکەگیان، هەڵەو تاوان، گەورەو بچووک، باوکو کوڕ ناناسێت، لەبەرئەوە پێویستە تاوانبار (هەر کەسێک بێت)، داوای لێبوردن بکات.

دیار بوو، قسەکانمی بەدڵ نەبوو، درێژەمان بە خولەکەمان داو ڕۆژی یەکەمی تەواو بوو.

ڕۆژی دووەمی خولەکە، باوکەکە بە دڵو ڕووی خۆشەوە، هاتەوەو منیش بە خۆشحاڵییەکەی، خۆشحاڵتر بووەو گوتم: ج باسە؟

گوتی: لە کاتژمێر دەی شەودا، لە دەرگای ژووری کوڕەکەمم داو کاتێک دەرگاکەی کردەوە، پێم گوت: ڕۆڵەگیان، قسەدابڕینو پەیوەندیی پساندنی من لەگەڵ تۆدا، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، هەتا بڵێیت هەڵە بووە، من داوای لێبوردنت لێدەکەم کوڕی شیرینم. تۆخودا بمبەخشە جەرگی بابە.

کوڕەکەم، ئەم کارەمی، زۆر پێ سەیر بوو، سەری هاویشتە سەر سینگەو دەستی کرد بە گریان.. منیش، ئاگری جەرگ هەڵی گرتم، کوڵی گریان گرتمی، لەگەڵیدا دەستم کرد بە گریان.

پاشان کوڕەکەم گوتی: بابەگیان، هەرچییەکت لێم دەوێت، ئەمن ئافەرمانیی تۆ ناکەمو لە ئاست فەرمانی چاکەی تۆدا، دەڵێم: بیستمو گوێ لە مستم.

ئەمەش بوو بە مایەی خۆشحاڵیی بەشداربووانی خولەکە.

بەڵێ، هەڵەو تاوان، گەورەو بچووک ناناسێت؛ ئەگەر باوک، یان دایک، لە هەقی منداڵەکانیدا، هەڵەی کرد، پاشان داوای لێبوردنی لێکردن؛ ئەوا بەم ڕەفتارەی، فێری داوای لێبوردنیان دەکات، کاتێک دەکەونە ناو هەڵەوە.. خۆ ئەگەر داوای لێبوردن نەکات؛ ئەوا بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، فیزو خۆبەزلزانینیان تێدا دەڕوێنێت!

Scanned with CamScanner

ئاشتیی مالّ!



Scanned with CamScanner

پیره پیاوێك، خۆشەویستییەكی بێئەندازەو لەڕادەبەدری بۆ هاوژینەكەی هەبوو، زۆر بەجاكە باسی دەكرد. دەمگوت دەبێت خاتوونەكەی، چی كردبێت، وا نەم پیاوە هێندە خۆشی دەوێتو پێیدا هەڵدەڵێت. كاتێك جاوم بە خاتوونەكەی كەوت، زۆر خۆشحاڵ دیاربوو، بەختەوەریی لێ دەباری. لێم پرسی: وا دەردەكەوێت، هەمیشە بەختەوەریو ئاشتی لە ماڵتدا هەبێت، دەكرێت نهێنیی بەختەوەریو ئاشتیی ماڵت لەگەڵ هاوسەرەكەتدا، بە من بڵێیت؟ ئاخۆ لەبەر پارەوپوولە؟ یان لەبەر دەستیاوی خۆشی چێشتو نانتە؟! یاخود لەبەر ناسكیو جوانیتە؟! یاخود لەبەر خستنەوەی نەوەی زۆرە؟! یاوەكو لەبەر شتێكی دیكەیە؟!

خاتوونی پیر، گوتی: بەدیهاتنی ئاشتیو بەختەوەری لە ماڵدا، لەپاش خودا، بە دەستی ئافرەتە؛ ئافرەت دەتوانێت لە ماڵەكەیدا، بەهەشتێك سازبكات، یاخود دۆزەخێك دابخات.. پاشان گوتی: نەكەیت بڵێیت، نهێنیی بەختەوەریو ئاشتیی ماڵ، هەر پارەو كاسەی پرە! چونكە زۆرێك لە ئافرەتە دەوڵەمەندەكان، دڵتەنگیو هاوسەرەكانیان لێیان هەڵدێن. هەمدیس زۆریی منداڵ نییە، چون ئافرەتی وا هەیە، ١٠ منداڵی خستووەتەوەو هاوسەرەكەی خۆشی ناوێت، ڕەنگە تەڵاقیشی بدات. زۆرێكیش لە ئافرەتان، لە نانو چێشت درووستكردندا، شارەزانو دەستیاویشیان زۆر خۆشە، كەچی گلەیی لەدەست خراپیی هەڵسوكەوتی هاوسەرەكانیان دەكەن.

منیش سەرم لەم وەڵامانەی سوڕماو گوتم: دەی ئەگەر نهێنیی بەختەوەریو ئاشتیی ماڵ، هەموو ئەو شتانە نین، ئەی نهێنیی ئەم بەختەوەریو ئاشتییە، چییە؟!

خاتوونی بەتەمەن گوتی: هەر كاتێك هاوژینەكەم، تووڕە دەبێتو هەڵدەچێت، بێدەنگی دەكەم بە پێشەم، سەری ڕازیبوونیشی بۆ دەلەقێنم، بەڵام نەك بێدەنگیو بە چاوی گاڵتەوە تەماشاكردن؛ چونكە پیاو زیرەكەو زوو تێ دەگات.

پاشان پرسیم: دەی بۆ لە ژوور، ناچیتە دەر؟ گوتی: دەستم دامێنت، نەكەیت وا بكەیت؛ چونكە وا دەزانێت، تۆ لێی بێزاریتو لەدەستی هەڵدێیتو ناشتەوێت گوێ لە قسەكانی ڕابگرێت، پێویستە؛ هەتا هێور دەبێتەوە، تۆ بێدەنگ بیتو جی دەڵێت، لەگەڵیدا هاوڕا بیت، با قسەشت پێ بڵێت.. پاشان پێی دەڵێم: تەواو بووێت،

Scanned with CamScanner

دواتـر دەچمە دەرەوە؛ چونکە نەو ماندووبووەو پاش نەو تووڕەبوونو هەڵچوونو هاتوهاوارە، پێویستی بە پشوو. نیدی کە هاتمە دەر، کارەکانی مانەکەم تەواو دەکەم. نەمجـا پرسـیم: نەدی دوای نەوە، چ دەکەیت؟ ئایا بـۆ ماوەی هەفتەیەك، یان زیاتر، قسەی لێ دادەبڕیت؟ گوتی: نا، نەوە ڕەفتارێکی خراپە، تیغێکی دوو دەمە. نەمـە نەوە دەگەیەنێت کە تۆ، لە کاتێکدا قسـە لە مێردەکەت دادەبڕیت، کە نەو پێویستی بە ناشتەوایە، گەر وات کرد، نیدی بەو بارە ڕادێتو ڕەنگە بەو ڕەفتارەت، داواکارییەکانی، لێت زۆرتر بکاتو لەوانەشە، پەنا بۆ سەرسەختیی زۆرتر ببات.

پرسیم: کەوابێت، چی دەکەیت؟ گوتی: دوای دوو سەعات، یان زیاتر، پەرداخێك ئاو، یان شـەربەت، یاخود پیالەیەك چا، یاخود کووپێك قاوە، دەخەمە بەردەمیو بەدڵخۆشـییەوە، پێـی دەڵێم: فەرموو، نازیزم، نۆشـی گیانتی بکـە؛ چونکە نەو، بەڕاسـتی پێویستی بەوەیەو هەر بەناسایی‌و سرووشتیش، لەگەڵیدا دەدوێمو خۆم تێك نادەم. نەوجا لێم دەپرسێت: تۆ لێم تووڕەیت، یا لێم زیزیت؟ منیش بەناسایی دەڵێـم: نا. نیدی نەویش داوای لێبوردن دەکاتو قسـە جـوانو نەرمونیانەکانی، بەگوێمدا دەدات.


منیش گوتم: جا تۆ، باوەڕ بەو قسـە جوانو خۆشـانەی دەکەیت؟ خاتوونی ژیر گوتی: بەدڵنیاییەوە بەڵێ؛ چونکە من، متمانەم بەخۆم هەیەو گێڵو گەوج نیم، نەتۆ لە منت دەوێت، باوەڕ بەو قسانەی بکەم، کە لە کاتی تووڕەیی‌و هەڵچوونیدا دەیانکات. بەڵام باوەڕ بەو قسانەی نەکەم، لە کاتی ئارامی‌و لەسەرخۆییەکەیدا دەیانکات!

گوتم: هاوژینەکەت، لە کاتی تووڕەبوونو هەڵچوونیدا، قسەی زبرو خراپی پێ گوتوویت؟

خاتوونـی ژیـر، گوتی: ڕێزو نابڕووی مـن، بەندە بە ڕێزو نابـڕووی هاوژینەکەمو بەیوەندیی خۆشی نێوانمانەوە. نەوە چ ڕێزو نابڕوویەکە تۆ باسی دەکەیت، مەگەر ڕێزی لەوە شکاوترو نابڕووی لەوە تکاوتر هەیە، کە نەو، منی لە باری بێبەرگیدا ببینیوە؟!

لە ئاسـت نەو وەڵامە بەجێیەدا، دەمم بوو بە تەڵەی تەقیوو لە دڵەوە، هەزار ئافەرینو دەستخۆشیم لێ کرد.

Scanned with CamScanner



ملوانکه ی مرواری!



Scanned with CamScanner

دەگێڕنەوە، لە وڵاتی فەرەنسـاو لە شارۆچکەیەکدا، کێژۆڵەیەکی جوان، بەناوی (سۆفیا)و کوڕێکیش بەناوی (پاتریك) هەبوون. (پاتریك) بەهرەیەکی گەورەوگرانی لە وێنەکێشاندا هەبوو، بە جەشنێك هەموان بڕوایان وابوو، داهاتوویەکی پڕشنگدار چاوەڕێیەتیو نامۆزگارییان دەکرد، بچێت بۆ پاریسی پایتەخت.

نەو دەمەی تەمەنی (پاتریك) گەیشـت بە بیسـت ساڵان، ژیانی هاوسەرێتیی لەگەڵ (سـۆفیا)دا پێك هێناو بڕیاریان دا، پێکەوە بچن بۆ پایتەختی پڕڕوونـاکی، تا (پاتریك) ببێت بە وێنەکێشێکی مەزنو (سۆفیا)ش بە نووسەرێکی ناودار.

نەم دوو هاوسـەرە لە پاریس، لە خانوویەکی جوانو خۆشدا نیشتەجێ بوونو وردە وردە دەستیان کرد بە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

لەو کۆڵانەی تێیدا نیشـتەجێ بووبوون، (سۆفیا) ئاشنایەتی لەگەڵ خاتوونێکی دەوڵەمەندی نەرمونیانی ڕەفتارجواندا پەیدا دەکات.

ڕۆژێك (سـۆفیا) بەمەبەسـتی چوون بۆ زەماوەندێك لە شارۆچکە کۆنەکەی خـۆی، داوای ملوانکەیەکـی گرانبەهـا لـەو خاتوونـە دەکات، تا ئـەو کاتەی دەگەڕێتەوە، پێی بدات

خاتوونـی خودابێداویـش ڕازی دەبێـت، ملوانکەیەکـی مرواری پـێ دەداتو ئامۆژگاریـی دەکات کـە جوان ئـاگای لێ بێـتو بیپارێزێت؛ بەڵام (سـۆفیا) کە دەگەڕێتـەوە بۆ پاریس، سـەیر دەکات، ملوانکە گرانبەهاکـەی لێکەوتووە، قوڵپی گریان دەیگرێتو (پاتریك)یش لە تاو نەم بەڵا دڵگوتە، ئاگای لە خۆی نامێنێت.

پاش هاتنەوە سـەرخۆو پاش لێکدانەوەی ئەو ڕێچارانەی لە بەردەسـتیاندایە، بڕیاریان دا، ملوانکەیەکی نوێ بە هەمان تەرزو شێوە، بۆ ئەو خاتوونە دەوڵەمەندە بکڕنەوە، تا ڕووزەردی لای ئەو نەبن.

بۆنسـەوەی نـەم کارە ئەنجام بـدەن، هەرچییان هەبوو فرۆشـتیانو قەرزێکی زۆریان کرد بە سوو (ڕیبا). بەخێرایی ملوانکەیەکی هاوشێوەیان کڕیو گێڕایانەوە بـۆ خاتوونەکە، بێئەوەی هەسـت بکات کە ئەمە ملوانکەکـەی خۆی نییە. بەڵام ئەو قەرزەی لەسـەر شـانیان بوو، هێجـگار زۆر بوو، کەلەکەبوونی سوومکەشـی



Scanned with CamScanner

لەولاوە بومستێت. لەبەرئەوە خانووە خۆشەکەیان بەجێ هێشتو بنەوبارگەیان بۆ زوورێکی ناڵەبار لە گەڕەکێکی پیسرو پۆخڵ گواستەوە.

بۆ نەوەی قەرزەکەیان بدەنەوە، (سۆفیا) دەستی لە خەونە کۆنەکەی هەڵگرتو بوو بە خزمەتکاری ماڵان. هەرچی (پاتریك)یش بوو، وازی لە وێنەکێشان هێناو لە بەندەری کەشتییان، دەستی بە کاری کۆڵکێشی کرد.

نەم دوو هاوسەرە، بیستوپێنج ساڵیان بەم شێوەیە بەرێ کرد، تێیدا ناواتەکانیان لەگۆڕ ناو تافی لاوییان بەبادا دا. رۆژێکیان (سۆفیا) هەروەك رۆژانی دیکە، چوو بۆ بازاڕ، تا بڕێك سەوزەو میوە بۆ خانمی نەو ماڵە بکڕێت، کە کاری تێدا دەکرد. لە بڕ چاوی بە هاوسێ کۆنەکەی کەوتو نەم وتووێژە لەنێوانیاندا کرایەوە:

- ببورە، نایە تۆ (سۆفیا)یت؟

- بەڵێ، زۆرم پێ سەیرە، چۆن پاش نەو هەموو ساڵە، منت ناسییەوە؟!!

- نەی خودایەگیان، لە حاڵێکدایت، کەس ناواتت پێناخوازێت، کسپە لەدڵمەوە دێت، چیت بەسەردا هاتووە؟ بۆچی لە پرێکدا لە کۆڵانەکەماندا دیار نەمان؟

- خاتوونە خۆشەویستەکەم، نەو ملوانکە مرواریيە گرانبەهایەت لەبیرە، کە بەسووڕ لێم وەرگرتیت؟ ڕاستییەکەی لێم بزربوو. نیدی ملوانکەیەکی مرواریی نوێمان بە قەرزی سوو، بۆت کڕییەوە، تائێستەش لە ژێر باری نەو قەرزەداینو لە کۆڵمان نابێتەوە. لەبەر باری قورسی قەرزیش، نەو کۆڵانەمان بەجێ هێشت.

- نەی خودایەگیان، نازیزەکەم بۆچی پێت نەگوتم، شتێکی وا ڕووی داوە؟ خۆ نەو ملوانکەیە، مرواریی ساختە بوو!

خوێنەری خۆشەویست، لە کۆتاییدا دەڵێم: پێش نەوەی دەست بە چارەسەر بکەیت، دڵنیابە لەوەی کە کێشەیەك هەیە. کوردیش دەڵێت: سەرێك نەنێشێت، پەرۆی تێوە مەپێچە!



Scanned with CamScanner



هاوڕێی هەمیشەیی!

پاش ئەوەی «سەرمەد» لە کۆلێژی ئەندازیاری دەرچوو، بە مەبەستی دۆزینەوەی کارێکی گونجاو ڕێی هەندەرانی گرتە بەر، کاتێک گەیشتە جێ، هەستی بەتەنیایی و غەریبایەتی کرد؛ چونکە هاتووەتە ناو ولاتێک، ولاتی خۆی نییە.

قەدەر وا بوو، چاوی بە گەنجێک کەوت، بە ناوی «محەممەد»، هەروەها هاوزمانی خۆی بوو، ئیدی دڵی تەنگی کرایەوەو یەکدییان لەنامێز گرت، تا دەهات هاوڕێیەتییان خۆشترو بەهێزتر دەبوو، ئەم دوو هاوڕێیە، کۆمپانیایەکی بچووکیان دامەزراند، ئەم کۆمپانیایە گەورەبوو، تا بوو بە گرووپێک کۆمپانیا. ڕۆژێکیان سەرمەد، لە نووسینگەی محەممەد، چاوی بە کیژێکی جوانو ڕێکوپێک کەوت، سەرمەد نەیتوانی سەرسامی خۆی، لە ئاست جوانیی ئەو کیژە بشارێتەوە محەممەد پێی گوت: هاوڕێی شیرینم، حەز دەکەیت ئەم کیژە بخوازیت؟

سەرمەد گوتی: هەر زۆریش! بەڵام ئەم ئافرەتە کێیە؟ ج کارەیە؟ محەممەد وەڵامی دایەوە: ئەوە دەستگیرانمە، بەڵام لەم ساتەوە لە من حەرام بێت، من نامەوێت، با بۆ تۆ بێت. سەرمەدی هاوڕێی زۆر هەوڵی دا، تا پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام محەممەد

Scanned with CamScanner

پێداگرییی زۆری کردو دواتر ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەو کێژەدا پێك هێنا. پاش ماوەیەك، سەرمەد بریاری دا، بۆ وڵاتەکەی خۆی بگەڕێتەوەو لەناو خزمو کەسی خۆیدا ژیان ببەاتە سەر. لەبەرئەوە بۆ دابەشکردنی پشکی کۆمپانیاکان، قسەی لەگەڵ محەممەددا کرد.. پاشان پشکی خۆی وەرگرتو بەرەو نیشتمان گەڕایەوەو لەوێ دەستی بەنیشوکار کردو قازانجێکی زۆرزەوەندی کردو بوو بە خاوەنی سامانێکی بێشومار.

پاش نەم ڕۆیشتنەی سەرمەد، وردە وردە لە وڵاتی غەریبایەتی، بازرگانییەکەی محەممەد، بەرەو داڕمان دەچوو، تا نەو ساتەی مایەپووچ بوو، هەموو شتێکی لە دەست دا. محەممەد بە خەمبارییەوە بەرەو وڵات گەڕایەوەو سەرمەدیش باش دەیزانی چی بەسەر محەممەددا هاتووە، قەدەر وابوو لە ڕێگەدا بەیەك بگەن، بەڵام سەرمەد ڕێگەی خۆی گۆڕیو پێچێکی لێداو هەر لای لێ نەکردەوە، محەممەدیش بەم هەڵسوکەوتەی هاوڕێ کۆنو گیانی بەگیانییەکەی زۆر دڵتەنگ بوو.

پاش دوو ساڵ ڕۆژێك، محەممەد چاوی بە پیرەمێردێکی بازرگان کەوتو خۆی پێ ناساند، پیرەمێردەکەش داوای لێ کرد، کاری لەگەڵدا بکاتو سەروکاری کارە بازرگانییەکانی بگرێتە دەست، نیدی دیسانەوە هەلی لەبار بۆ محەممەد ڕەخسا.

پاش دوو ساڵ پیرەمێردەکە، مالئاوایی لە دنیای ڕۆشن کرد، بەڵام پێش نەوەی بمرێت، بەشێکی زۆری موڵکە گرانبەهاکانی خۆی کرد بە ناوی محەممەدەوە، دواتر هاوسەری پیرەمێردەکە هات بۆ لای محەممەدو داوای لێکرد کێژەکەی بخوازێت. ئەویش ڕازیبوو کێژەکەی بخوازێت. پاش نەوەی کێژی پیرەمێردەکەی مارەکرد.. هاوسەری پیرەمێردەکە پێی گوت: پێم خۆشە سەرمەدی هاوڕێشت، لە ناهەنگی گواستنەوەی کێژەکەمدا نامادە بێت، محەممەدیش بەنابەدڵییەکەوە، ڕازیبوونی خۆی دەربڕی.

ئەو ڕۆژەی زەماوەندەکە ساز کرا، سەرمەدو هاوسەرەکەی، پاش سەعاتێك لە دەستپێکردنی زەماوەندەکە گەیشتن، لە کاتی هاتنە ژووریاندا. محەممەد تیبینی مۆزیکەکەی ڕاگرتو مایکەکەی بەدەستەوە گرتو بە نامادەبووانی گوت:

Scanned with CamScanner

نـا نەمە، نەو هاوڕێیەمە کە لە تەنیایـــو غەریبایەتیدا، نامێزم بۆ کردەوەو دڵدەم دا.. بەنرختربن شـتی خۆم پێبەخشـی، خۆشـــو ناخۆشیم لەگەڵدا بەش کردبوو، تا بێکەوە دەوڵەمەند بووین، بەڵام کاتێك من مایەپووچ بووم و گەرامەوە بۆ زێدی خۆم، لە ڕێگەدا چاوی پێم کەوت، ڕێگەی خۆی گۆڕیو لای لێ نەکردمەوە! نێســتەش سەرم سوڕماوە، نازانم بە چ ڕوویەکەوە دێتە ناو زەماوەندی منەوە، نازانم چۆن شەرمەزار نابێت؟!

پاشـان بە گەرووی پڕ لە گریانو قرچەی گەرمی دەروونو لێشـاوی فرمێسکی چاوییەوە، ناماژەیەکی بە تیپی مۆزیکەکە دا، تا دەست پێ بکەنەوە.

لە کاتێکـدا نامادەبووان بەرامبـەر ڕەفتارەکانی ســەرمەد، زۆر داخلەدڵ بوون.. کەچی سەرمەد بەرەو تەختەی شانۆ هاتە پێشو مایکەکەی بەدەستەوە گرتو گوتی:

خۆشحاڵم بە دیمانەی نەو هاوڕێیەی کە لە ڕێگەدا چاوی پێم کەوتو ڕێگەی خۆمم گۆڕیو سلاوم لێ نەکرد؛ چونکە پێم خۆشبوو، لەو کاتەی من بە دەوڵەمەندو خۆی بە هەژار دێتە بەرچاو، هەستی بەرزی ڕابگرمو دڵی لە خۆی دانەمێنێت!


زۆر شـادم بە دیداری نەو هاوڕێیەی کە باوکم ناردە لای، تا لەسەر ڕێ، چاوی پێی بکەوێت، پاشـان لای خۆی جێی بۆ بکاتەوە؛ بۆئەوەی کارەکانی ڕابپەڕێنێت.. چونکە پێم خۆش نەبوو، هەست بکات کە من بەزەییم پێیدا دێتەوە!

چاوو دڵم ڕوون بە ڕووی نەو هاوڕێیەی کە داوام لە باوکم کرد، بەشێکی زۆری موڵـکو ماڵی خۆی بکات بـە ناوییەوە؛ چونکە لەوە زۆرتری شایســتەیەو حەزم نەکرد وا بزانێت، ڕەحمێك بە حاڵی دەکەم!

زۆر دڵخۆشـم بە دیتنی ڕوخسـاری نەو هاوڕێیەی کە دایکی خۆمم ناردە لای، تا خوشکە جوانو ڕەوشتبەرزەکەی خۆمی پێ ببەخشم؛ چونکە شایستەیە، پێشم خۆش نەبوو ئەم کارەم، بە دەسەواەو چاکەو پیاوەتی دانەوەی دابنێت!

کاتێك محەممەد ئەمانەی لەســەرمەد بیسـت، زۆر سەری سوڕما! بە هەنسکی گریانەوە خۆی هاوێشتە ناو باوەشی سەرمەدو دەستی لە مل کردو زۆر زۆر داوای لێبوردنی لێ کرد!!!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

پیاوێك سەرنجی دا، گوێی هاوسەرەکەی قورس بووەو بیستنی کەم بووەتەوە. پێی وابوو، دەبێت هاوسەرەکەی بیستۆك بەکار بهێنێت، بەڵام نەیدەزانی ئەم بابەتە جۆن بخاتە ڕوو.. بەم هۆیەوە بردی بۆ لای پزیشك و لەگەڵیدا گرفتەکەی باس کرد.

پزیشکەکە گوتی: (بۆئەوەی بتوانیت وردتر ئەندازەی نەبیستنی هاوسەرەکەت بە من بڵێیت.. تاقیکردنەوەیەکی سادە هەیە، لە ماڵەوە ئەنجامی بدە.. سەرەتا لە دووری چوار مەترەوە، بە دەنگێکی ناسایی بانگی بکە.. ئەگەر نەیبیست لە دووری سێ مەترەوە.. دواتر لە دووری دوو مەترەوە.. لێدی بەم جۆرە تا وەڵام دەداتەوە، ئەم کارە ئەنجام بدەو ئەنجامەکەشی بە من ڕابگەیەنە).

ئەو ئێوارەیە، خێزانەکەی لە جێشتخانە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەبوو، خۆشی لە ژووری میوان دانیشتبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: ئێستە دووری ئێوانمان چوار مەترە، با تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەم.. پاشان بە دەنگێکی ناسایی، لە خێزانەکەی پرسی: (نازیزەکەم بۆ شێو چیمان هەیە؟)

وەڵامێکی نەبیست... پاشان لە جێی خۆی هەستاو مەترێك بەرەو جێشتخانەکە چووە پێشەوەو دووبارە پرسی: نازیزەکەم بۆ شێو چیمان هەیە؟

دیسانەوە وەڵامێك نەبوو... ئەمجارەش زیاتر بەرەو پێشەوە چوو.. لە ناوەڕاستی هەیوانەکە کە نزیکەی دوو مەتر دووری لەگەڵ جێشتخانەو خێزانەکەیەوە هەبوو.. گوتی: نازیزەکەم بۆ شێو چیمان هەیە؟

دیسانەوە وەڵامێکی نەبیست... دواتر چووە پێشەوەو گەیشتە دەرگای جێشتخانەکە.. پرسیارەکەی کردەوەو وەڵامێکیش دەنگی نەبوو.

ئەم جارە چووە پێشترو ڕێك لە پشت سەری خێزانەکەیەوە گوتی: نازیزەکەم بۆ شێو چیمان هەیە؟

خێزانەکەشی گوتی: مەگەر نابیستی؟! ئەوە پێنجەم جارە دەڵێم: مریشکی برژاومان هەیە!!! ئێستە دەزانین خێزانەکەی گوێی قورسە، یان هاوسەرەکەی؟!

لەم بەسەرهاتەوە فێر دەبین.. ڕەنگە گرفتەکە بەو جۆرەی کە هەمیشە بیر لە کەسانی دی دەکەینەوە.. دەرنەچێت.. دوور نییە گرفت لە خۆماندا بێت.

Scanned with CamScanner

بۆچی لە کاتی تووڕەبووندا، دەنگ هەلدەبڕین؟!

لە کاتێکدا پیرێکی دانا، لەگەڵ قوتابییەکانیدا بە لای ڕووبارێکدا ڕەت دەبوون، لە هەردوو بەری ڕووبارەکە، کۆمەڵە کەسێکی بینی، لە تووڕەییدا ناگریان لێدەبوویەوەو دەنگیان بەسەریەکدا بەرز دەکردەوەو دەنگەدەنگو هەرایان بوو.

پیری دانا، بەزەردەخەنەیەکەوە ئاوڕی بەلای قوتابییەکانیدا دایەوەو لێی پرسین:

بۆچی لە کاتی تووڕەییدا، مرۆڤ دەنگی بەرز دەکاتەوە؟

قوتابییەکانی، ماوەیەك بیریان کردەوە، پاشان یەکێکیان وەڵامی دایەوەو گوتی:

لەبەرئەوەی لە کاتی تووڕەبووندا، ئارامیمان لەدەست دەدەین.

پیری دانا، بەم پرسیارە وەڵامی قوتابییەکەی دایەوە:

بەڵام گە کەسی بەرامبەر، ڕێك لە بەرامبەرت، یا لە تەنیشتتدایە، چ پێویست دەکات، بە سەریدا هاوار بکەیت؟ خۆ دەتوانیت ئەوەی دەتەوێت، بە شێوازێکی باشتر، پێی بڵێیت.





Scanned with CamScanner

پـاش ئەوەی هەندێك لە قوتابییەکان، جەند وەڵامێکی جیاوازیان دایەوە، بەڵام هیچ کام لە وەڵامی قوتابییەکان، دڵی پیرەی دانای دانەمرکاندەوە.. هەر لەبەرئەوە پیری دانا، هۆکارەکەی بۆ ڕوون کردنەوەو گوتی:

ئـەو کاتـەی دوو کەس، لەیەکـدی تووڕە دەبـن، دڵیـان زۆر لەیەکدی دوور دەکەوێتەوە؛ بۆئەوەی ئەو کەلێنەی کە لە نێوانیاندا دروستـ بووە، دابپۆشـنو ئەبەێڵن، پێویستە لەسەریان، بڕێك دەنگیان هەڵببڕن. تووڕەبوونیشیان هەرچەندە زۆرترو زۆرتر بێت، هێندە پێویسـتیان بە دەنگی بەرزترو بەرزتر دەبێت، تا ئەو ماوەو کەلێنە گەورەیە، بە دەنگەدەنگ پڕ بکەنەوە.

سەرنـج بدەن، کاتێك دوو کەس دەکەونە نێو خۆشەویستییەوە، چی ڕوو دەدات؟

ئەو دوو کەسـە بەسـەریەکدا هاوار ناکەن، بەڵکـو زۆر بەئەرمونیانی لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن، ئەوەش لەبەرئەوەی دڵیان، زۆر لە یەکدییەوە نزیکەو ئەو ماوەو مەودایەی لە نێوان دڵیاندا هەیە، زۆر کەمە، یان هەر نییە.

پاشـان دانای پیرو ژیر، درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: کاتێك ئەو دوو کەسە زۆرتر یەکدییان خۆش دەوێت، دەبێت چی لە نێوانیاندا ڕوو بدات؟

ئەو دووانە لەو دەمەدا، بە چپە یەکدی دەدوێنن، کورد گوتەنی: لە گوڵ کاڵترو لە چرپە بەرزتر بە یەکدی ناڵێن.. چونکە زۆرترو زۆرتر لە یەکدی نزیك کەوتوونەتەوە.

لە ئاکامیشـدا، پێویسـتیان بە یەکـدی دواندن نییە، هەر سـەیرێکی یەکدی دەکـەنو بەس، ئەمەش ئەندازەی ئـەو لێکنزیکییەیە، کە دوو کەس پێی دەگەن، لەو کاتەدا کە یەکدییان خۆش دەوێت.

پاش ئەم لێکدانەوەیە، دانای پیر، سەرنجی سەرجەم قوتابییەکانی داو گوتی:

سـا لەبەرئەوە، کاتێك لەسـەر شـتێك کۆك نیین، یان وتووێژو مشـتومڕتانە، نەهێڵـن دڵتان لێك دوور بکەوێتەوە، وتەیەك لە دەمتان نەیەتە دەر، کە زۆرتر لە یەکدیتـان دوور بخاتـەوە.. ئەگەرنا، دڵنیابن بەزوویی ئـەو ڕۆژە دەگات، کە تێیدا ماوەی نێوانتان، هێندە دوورو درێژو هەزاربەهەزار دەبێت، کە ئەسـتەمە ڕێگەیەك بۆ گەڕانەوە لای یەکدی، شك ببەن!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك فێرخوازێك داوای له دانایەكی دنیادیده كرد، وانەو پەندێكی فێر بكات.

دانا دنیادیدەكه داوای له فێرخوازەكه كرد، كیسەیەك خوێی بۆ بهێنێت.

پاش ئەوەی كیسـه خوێكەی هێنایه بەردەمی، دانا دنیادیدەكه مشـتێك خوڵی خسته نێو پەرداخێك ئاوی نیوەپڕو تێكی وەردا، پاشان داوای له فێرخوازەكه كرد، ناوەكه بخواتەوه.

فێرخوازەكەش، به هەزارحاڵ نیو قوم ئاوی پێخورایەوه.

دانا دنیادیدەكه لێی پرسی: تامەكەی چۆن بوو؟

فێرخوازەكه گوتی: خراپ.. هێنده تامی تاڵو سوێره، هەر به كەڵكی خواردنەوه نایەت.

دانـا دنیادیدەكـه داوای له فێرخوازەكه كـرد، تا هاوڕێیەتی بكاتو مشـتێك خوێش هەڵبگرێت.

ڕۆیشتن.. ڕۆیشتن، تا به دەریاچەیەك گەیشتن.

دانا دنیادیدەكه، پێی گوت: خوێكه فڕێ بدەره نێو دەریاچەكەوه.

دواتـر پەرداخێك ئاوی له دەریاچەكه هەڵگرتو دایه دەسـتیو داوای لێ كرد بینۆشێت.

فێرخوازەكه، بەئاسانی ئاوەكەی خواردەوه..

دیسان دانا دنیادیدەكه لێی پرسی: تامەكەی چۆن بوو؟

فێرخوازەكه گوتی: هەر زۆر خۆشبوو.

لەم ساتەدا، پیرەدانای دنیادیده گوتی:


ئەو سەختیو ناخۆشییانەی به درێژایی ژین، بۆ مرۆڤ دێنەش پێش، هەروەك مشـته خوێیەكه وەهایه.. بەڵام ئەوه گیانو توانای نارامی مرۆڤه، كه هەرچەنده گەورەتر بێت، هێنده زۆرتر بەرگەی باری دژواریو ناخۆشی دەگرێت.

كەواته: تێبكۆشه؛ تا دەریاچەیەك بیت.. نەك نەختێك ئاوی پەرداخێك..

Scanned with CamScanner

هـــر تو

باسیره‌ت نیه!



Scanned with CamScanner

رۆژێك كلاوفرۆشێك بە دارستانێكی چڕوپڕدا تێدەپەڕی، بەهاریدا لە بن دارێكدا، بۆ ماوەیەك بحەوێتەوە. بۆ نەم مەبەستە كلاوەكانی لە تەنیشت خۆیدا داناو سەرخەوێكی شكاند. وەختێك بەخەبەرهات، سەیری كرد، كلاوەكانی نەمابوون. كاتێك تەماشای ژوور سەری خۆی كرد، بەسەر درەختێكەوە بزنێك مەیموونی كەوتە بەر چاو، كە كلاوەكانیان ڕفاندبوو.

كلاوفرۆش بیری كردەوە، چۆن كلاوەكانی بگێڕێتەوە، لە كاتی بیركردنەوەدا بە پەنجەكانی سەری خۆی دەخوراند، بینی مەیموونەكانیش هەمان شت دووبارە دەكەنەوە. كلاوفرۆش كلاوەكەی خۆی -كە لە بن سەریدا داینابوو- بە دەستەوە گرت.. بینی مەیموونەكانیش لاسای دەكەنەوە، سەرەنجام بەو بیرە گەیشت كە كلاوەكەی خۆی فڕێ بداتە سەر زەوی.. هەر لەبەرئەوە، ئەو كارەی كرد و مەیموونەكانیش كلاوەكانیان هاویشتە سەر زەوی. ئیدی كلاوفرۆش، كلاوەكانی كۆ كردەوەو بەرەو شارەكەی ملی ڕێی گرتەوە بەر.

سالّ هاتو سالّ چوو، كلاوفرۆش بوو بە باپیرە. نەوەیەك لە نەوەكانی هەر وەك باپیرەی، كاری كلاوفرۆشی دەكرد. باپیرەش بەسەرهاتەكەی بۆ نەوەكەی گێڕایەوە، جەختیشی لەسەر ئەوە كردەوە، ئەگەر بارودۆخێكی وەهای بۆ هاتە پێش، هەمان ئەو ڕەفتارانە بنوێنێت، كە ئەو نواندوویەتی؛ بۆنەوەی بەسەربەرزی دەربازی ببێت.

ڕۆژێك كوڕەزا كلاوفرۆشەكەی باپیرە، بە هەمان دارستاندا تێپەڕی و لە بن دارێكدا پشووی دا. هەمان ڕووداو بۆ ئەمیش ڕووی دایەوە.

كوڕەزا كلاوفرۆشەكە دەستی بە خواندنی سەری كرد، مەیموونەكانیش هەمان كاریان كردەوە. كلاوەكەی بە دەستەوە گرت، مەیموونەكانیش وەهایان كرد. دواجار كلاوەكەی هەڵدایە سەر زەوی، بەڵام مەیموونەكان ئەم كارەیان نەكرد!

یەكێك لە مەیموونەكان لە دارەكە هاتەخوارەوەو كلاوەكەی بەدەستەوە گرتو لە پەنا گوێیدا هاواری كردو گوتی:

وا دەزانیت.. هەر تۆ باپیرەت هەیە!

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

کابرایەک، بۆ گەشتێک ڕووی لە گوندێکی دوورەدەست کرد، لەو گوندەدا خانوویەکی جوانو ڕازاوەی لێبوو، -خەڵکی ناوڕەیان لە بەردەمیدا بەستبوو- سەرنجی کابرای ڕاکێشا. نیدی بە سەرسامییەوە پرسی: ئەم خانووە زۆر خۆشە، هی کێیە؟

ئەو شۆفێرەی لەگەڵیدا بوو، خەڵکی ئەو گوندە بوو، بە بۆڵەبۆڵێکەوە گوتی: بەناوهێنانی ناگری ڕق، لە دڵمدا هەڵدەستێت، ئەمە هی ئەو (سیسە، پیسە، نەگریسەیە)، کە حکوومەت بۆ سەربەرشتیکردنی کاروباری گوندەکە، ڕەوانەی کردووە.

کابرا، بەم وەڵامە حەپەسا. هەر کەسێکی لە خەڵکی ئاوایی دەبینی، هەمان پرسیاری لێ دەکردەوە، ئەویش هەر هەمان وەڵامی «سیسی پیسی نەگریس»ی لێ دەبیستنو کەسێك نەبوو دانی خێری پێدابنێت.

یارۆی گەشتیار، بڕیاری دا، سەردانی ماڵی ئەم ڕەزاتاڵە بکات، تا لە نزیکەوە بزانێت چی دەکات، کاتێك چووە ناو ماڵ، جووتیارێکی زامداری بینی، لە بەردەم خاوەنماڵدا ڕاوەستاوەو تیماری دەکاتو زامەکانی دەپێچێتەوە. بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ئاخۆ تۆ پزیشکیت؟! لە وەڵامدا گوتی: نەخێر.

پاشتر جووتیارێکی دیکە هات، سەبارەت بە چاندنی زەوییەکەی، پرسڕو ڕاوێژی پێ کرد. ئەویش بە تێروتەسەلی بۆی ڕوون کردەوە، پاشان چووە لای یەکێکی دیکەو بڕێك پارەی پێ دا، کابرای گەشتیارو میوان، لەو گوندە هیچ کەسێکی نەدیبوو، بە ئەندازەی ئەو بیاوە، دڵنەرەو تێگەیشتووتر بێت، دواتر ماڵئاوایی لێکردو پاش ئەوەی لە ماڵ هاتە دەر، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئای چەندە کەسێکی چاکو پاکە!

کاتێك پیادەیەك، ئەمەی لەم گەشتیارە نائاشنایە بیست، مۆڕەی لێکردو چاوی لێ زەق کردەوە، هەردەنگوت لە بەرامبەر ئەو قسەیەی گوتوویەتی، دەیەوێت مستەکۆڵەیەکی لێ بدات.

لێرەدا شێتی لەسەری کابرادا هاتەکوڵو بەرەو لای هاوڕێیەکی ملی ڕێی گرتەبەر، کە دانیشتووی گوندەکە بوو، کاری دادگاو پارێزەری بۆ خەڵکەکەی دەکرد.. لێی پرسی: ئایا ئەو کارمەندەی لەم گوندە بەرپرسە، دزی دەکات؟! هاوڕێیە پارێزەرەکەی گوتی: هەرگیز ڕێی تێ ناچێت؛ چونکە لە خێزانە هەرەدەوڵەمەندەکانە.

دیسان لێی پرسی: ئاخۆ بەرژەوەندییەکانتان، بە هۆی ئەوەوە، پەکیان کەوتووە؟!

Scanned with CamScanner

گوتی: پێشتر پەکیان کەوتبوو، بەڵام لەو کاتەوە کە ئەو پێی ناوەتە ناو ئەم گوندەوە، هەر هەمووی چاك بووەو هاتوونەتە سەر ڕاستەڕێ.

جامی تووڕەیی کابرا، سەرڕێژی کردو گوتی: من هیچ سەر لە ئێوە دەرناکەم؛ چونکە ئەو وەهـا دەردەکەوێـت، پیاوێکـی چاکـو پـاك بێتـو تـۆش دەڵێیت، کاروبارەکانتـان چاك ڕادەپەڕێنێـتـو درێغی ناکات.. کەچی ئێـوە ڕقتان لێیەتی، گرفتەکە چییە؟ دەی ئەگەر ئێوە خۆشتان ناوێت، بۆچی بەردەم دادگای لێناگرنو گازندەی لێناکەنو لە کونجی بەندیخانەدا تووندی ناکەن؟

پارێزەرەکە دۆسـییەیەکی گەورەی لە جانتاکەیدا دەرهێناو گوتی: تەماشا بکە، ئەمە ئەو هەزاران گازندە بێسـوودەیە، کە بۆ حکوومەتمان ناردووە. وا دیارە ئەم سیسە پیسە نەگریسە، تا پشوومان لەبەر نەبڕێت، لە کۆڵمان نابێتەوە.

لەم کاتەدا ئەوەندەی تر سەرسام بوو، لەبەرئەوە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، تا بە تەواوەتی هۆشوگۆشـی لە دەسـت نەداوە، ئەم گوندە چەپەکە بەجێ بهێڵێت. لێرەدا پارێزەرەکە، بەئەسـپایی بـە گوێی هاوڕێیەکەیدا چپاند: لـە نهێنییەکەی ناگادارت دەکەمەوە، لەڕاستیدا لە ڕێگەی ئەو ئەزموونانەی لەگەڵ حکوومەتدا هەمانن، بۆمان دەرکەوتووە: کاتێك ئەوان کارمەندێکی چاکمان بۆ دەنێرنو پێی دڵخۆشین، یەکسەر دەست بە گۆڕینی دەکەن، ئەگەر کارمەندێکی خراپیش بنێرن، گلەیـیو گازندەو ڕقو قینـی خەڵکی ناواییش لـە دژی زۆر دەبێتو ئەوانیش دەیهێڵنەوە. سـا لەبەرئەوە هەموومان هەروەکو برا، کۆڵو تەبا، لەسـەر ئەوە ڕێك کەوتووین کە ناشـیرینترین تەوس و تەشەری لێ بدەین، تا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لەگەڵماندا بمێنێتەوە.

دەسا ئەگەر چاکە لە دەرگای دایت، کەمتەرخەمی مەنوێنە، هەل بە دەرفەت بزانەو بـەکاری بهێنە. هەروەك خەڵکی ئەو ناواییـە، بەزرنگیو زیرەکی لە پێناویدا بجەنگە. نەهێڵێت ڕووکەشی شتەکان، لە خشتەت ببەن. هەوڵ بدە بۆ خۆت قوواڵبیی ڕاستەقینە بپێویت.. چونکە چەندان ناشیرین هەن، لە ژێر بەرگەکەیاندا ڕەزاشیرینیو ناکارجوانییان حەشاردراوە، کوردیش دەڵێت: ڕاستە کە مێوژ ڕەشە، بەڵام خۆ تامی خۆشە.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

له نەفسانەیەکدا هاتووە، شوانێك له ناوچەیەکی شاخاوی دوورەدەست کە
سەرقاڵ بوو بە شوانیی ڕانەمەڕێکەوە، لەسەر کەڵەکە بەردێك دادەنیشتو لەگەڵ
شەنەی بادا، دەستی بە شمشاڵ ژەنین دەکرد، ڕووی نالەی دڵە بڕکوڵەکەی بە
شمشاڵەکەیدا دەکرد، تا وای لێهات بەهەرمو توانای شمشاڵژەنینی تێدا تۆکمە بوو،
مەڕەکانیشی بە ناوازە دڵێزوێنەکەی دەڵەوەڕین. هەر لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی
شمشاڵەکەیداو دەنگدانەوەی بە شیوو دۆڵەکاندا، لەبەر مارێکی هێجگار گەورە،
کە پارچەزێڕێکی لە دەمدا بوو، سەری لەناو بەردەکانەوە دەرهێنا، ئەو پارچە
زێڕە وەها دەدرەوشایەوە، ناوی چاوی دەبرد. مارەکە زێڕە زەردە درەوشاوەکەی
لەبەردەم کاکە شواندا دانا و بەخشکەیی گەڕایەوە ناو کونەکەی.

ڕۆژی دواتر شوانەکە هاتەوە دەستی کردەوە بە شمشاڵ ژەنین، بەڵام چۆن
شمشاڵژەنینێك، شوانە لە خۆشیی نەوای شمشاڵەکەدا مەست بووبوو، مارەکە
هاتەدەرو پارچە زێڕێکی دێکەی دانا. ئیدی لەسەر نەم ڕەوتە، شوانە شمشاڵی
دەژەنیو مارەش لەبەرامبەر هەر نەوایەکدا، پارچە زێڕێکی دەکرد بە شاباشی.
نەم دۆخە بەردەوام بوو، تا ئەو ڕۆژەی کاکە شوان نەخۆش کەوتو شوانێتیی
مەڕەکانی بە کوڕەکەی سپاردو پێی گوت: دەڕۆیت تا دەگەیتە سەر کێوەکەو لەوێ
لەسەر وشکە کەڵەکە گەورەکە دادەنیشیتو شمشاڵ دەژەنیت، تا داروبەرد دێتە
سەر سەما، ئەوسا دەزانی لە کوێوە ئەو پارچە زێڕانەم بۆ هێناون.

کوڕە ڕۆیشتو فووی بە شمشاڵدا کرد، مار بە سەماوە لە بەردەکانەوە هاتە دەرو
هەرومکو جاران دیارییەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. کوڕەی بوغراو لەخۆبایی،
شمشاڵەکەی خستە کەنارەوەو بەتفەنگەکەی فیشەکێکی نا بەو مارەی مەست بووبوو
بە هەواو نەوای شمشاڵەکەو کردی بە دوو لەتەوە. پاشان بەردەکانی هەڵدەکەندو گلی
دەکردنەوە بۆ ناو دۆڵەکەو درەختی دەشکاندو سرووشتی سەلامەتی وێران دەکرد. پێش
نەوەی بەردی دەهەم بهاوێژێت، مارە بریندارەکە پێوەی داو تامی مەرگی پێ چەشت.

باوکی جەرگسووتاو پاش نەوەی هەستایەوە، بۆ شوێنەکەی نەوسا گەڕایەوە،
بەدڵو بەگیانو هەرچی هێزییەتی، دەستی بە شمشاڵ ژەنین کردەوە، مارەکەش

Scanned with CamScanner

سەری دەرهێنا، بەڵام ئەم جارەیان زێڕی پێ نەبوو، لەتاو زامو شەکەتی، بەجارێ
پەکی کەوتبوو، پاشان هاتەگۆو بە شوانەکەی گوت: کوڕەکەت ناهەقی لە هەمبەردا
کردەو ئەو کلکە جوانەی زێڕم پێ دەهێنا، قرتاندی. پاش ئەوەی پەیمانشکێنیی
نواند، بە هۆی هەڵپەو ناپاکییەکەیەوە سەری نایەوە. ئیدی زێڕی کانەکە دوایی
هاتووەو دەنگی شمشاڵەکەش، پاش ئەوەی پڕجۆش بوو، نێستە بووە بە پڕنێش.
سا لەبەرئەوە بڕۆ نەگەڕێیتەوە! چونکە نە تۆ کوڕی پێوەدراوت لەبیر دەکەیت،
نە منیش کلکی قرتاوم لەبیر دەچێتەوە.

ئەمن لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیەکانی سەردەمی منداڵیم، ئەم ئەفسانەیەم
بیستو لێی ڕامام. دوای ئەوەی ٤٠ ساڵ زیاتر لێك دابڕاین، لە دەوری یەکدی
خڕبوونەوەو گەشتێکمان کرد بۆ یەکێك لە چڕترین دارستانەکانی وڵاتەکەمانو
ڕۆژێکی تەواومان بەخۆشی بەسەر برد، بەری درەختەکانمان دەخوارد، بە کۆنە
تفەنگێك، کە بە ناچاری زیاتر لە جارێك چاکمان کردەوە، ڕاوی باڵندەمان دەکرد.

عیسام ئەو چیرۆکبێژە قۆشمەچییە زۆربڵێیەی کە هەرگیز بێدەنگ نەدەبوو، هەر
لە سەردەمی منداڵیمانەوە، بەبێ وەستان چیرۆکی بۆ دەگێڕاینەوەو دەتگوت وتەبێژی
ڕەسمی پێڕی خۆمانە، ئەم چیرۆکە خەیاڵییەی بە شێوازە سەرنجڕاکێشەکەی
بۆ گێڕاینەوە. پاش گێڕانەوەکەی پێمگوتن: ئەرێ سەرنج نادەن لەوەی کە ئێمە
هیچ نەگۆڕاوین؟! هێشتا چیرۆکبێژ هەر قۆشمەچییە، جرپن شپرزەیە، جووتیار
ڕەنجکێشە، ڕاوچی لەسەرپێیە، دانا بێدەنگە، بازرگان فرۆشیارە، شوان ئارامگرە،
تەنانەت ئەوانەشمان کە دکتۆرای بەدەست هێناوەو ئەوەشی بووە بە ملیۆنێر،
سرووشتی هەر نەگۆڕاوەو دەستبەرداری سەلیقەی خۆی نەبووە.

ئەو دەمەی عیسام چیرۆکەکەی گێڕایەوە، جەمیل بزەیەك کەوتە سەر لێوی،
شەهرام بێدەنگ بوو، مەحموود سەری ڕاوەشاند، پێم گوتن: دەمێکە ئەم چیرۆکەم
لە باوکەو مامی باوکمەوە بیستووە، ئەو مانایەی لێی هەڵدەهێنجرێت، هێشتا هەر
یەك شتە.

هەرچەندە مرۆڤ بگۆڕدرێتو ڕۆژگار بیهێنێتو بیباتو دەمامکەکان بپۆشێت؛

Scanned with CamScanner

نەوا سروشتی ناگۆڕێت، چون هەمیشە وەچەی هەمان کرۆکە، دوژمن هەر بە دوژمن دەمێنێتەوە، با زۆرپێشمان پێ بدات. هاوڕێ هەر بە هاوڕێ دەمێنێتەوە، گەرچی چل ساڵ لێك دوور بکەوینەوە.

دڵ هەرچەندە ڕەقو سروشت درندانە بێت؛ نەوا ڕۆی تێدەچێت خۆشەویستی دڵ ببڕێتو جەنگ ڕابگرێت. دیارە نەوای شمشاڵەکە، متمانەی مارەکەی بە شوانەکە زێتر کرد؛ نەم شمشاڵی دەژمنیو نەویش سەمای دەکردو زۆڕی دەبەخشی، بەڵام دیارە گەمژەیی دەردی بێدەرمانە، بۆیە کوڕی شوانەکە بەهۆی کەمنەزموونیو گەوجیی خۆیەوە، بڕیاری دا مارەکە بکوژێت، کەچی کوڕە، سەری نایەوەو بوو بە پەندی زەمانە.

نەمڕۆش ئەوە نێمەین کە لەنێوان میانساڵیو پیریداینو هێشتا هەروەکو دەمی منداڵیمان، ڕاوی باڵندە دەکەین؛ چونکە باڵندە لەو دابو دەستورو یاسا ناناسایانەی ڕایدەگەیەنین، دەفڕێتو دەچریکێنێتو بە گوللە هەرزانەکانمان دەکوژرێت، پاشان دەبرژێنرێتو دەخورێت.

سەرکردە، سەرکردانە پێ دەگات، شوان، بەشوانێتی ژیان بەسەر دەبات، سەرباز بە سەربازی دەمێنێتەوەو کەس دەستبەرداری سروشتی خۆی نابێت. لە هەڵبژاردنەکانیشدا بەڵێنمان پێ دەدرێتو تامەزرۆی نازادیمان دەکەن، ئیدی سروودی سەربەستی دەچڕینو بۆی هەڵدەپەڕینو لەگەڵیدا دەخرۆشێین، بەڵام دواجار مارو باڵندە بە نێمەشەوە، دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە. هەمیشە دەنگی فیشەك، بەسەر دەنگی شمشاڵدا زاڵەو کۆتو کەلەپچەی حوکمە سەربازییەکانیش، هەمیشە هەموو دەستوورەکانی پووچەڵ کردوونەوە! ئایا تێگەیشتن؟

چیرۆکبێژەکە گوتی: ڕاستت دەوێت نازانم، وەهام دەزانی تێی گەیشتووین، پاشان بۆنی برژاندنی بەسەردا هاتو لەبیرمان چوو.

نەوەش باڵندە برژاوەکەیەو لەبەردەمتاندایە! ئایا تێگەیشتن؟



Scanned with CamScanner

نانبرا ویک!

«مەزنەکان دوو جۆرن: جۆریکیان موعجیزەی گەورە دروست دەکەن و میرۆو دەگۆرن. جۆردکەی دیکەشیان، بە هەزار هەزار، لەو شتە بچووکانە دروست دەکەن کە جۆری یەکەم دروستی دەکەن»

کاتێک لە نووسینگەی سەرۆک کۆمپانیاو لەسەر نەو کورسییەی بەرامبەر میزەکەی بوو، دادەنیشتەو سەرۆکیش لە پەیوەندییەکی درێژی تەلەفۆنیدا هاتو هاواری بوو. تەماشای نەم گوتەم دەکرد، کە لە تابلۆیەکی دیواردکەی پشت سەریەوە هەنگونرا بوو جگە لەو گوتەیە، هیچی دیم بەدی نەدەکرد، تا وەرزیی خۆمی پێ بردوینەوە، هەر چەند سەدان جار خوێندبوومەوە، وەلی لێی حالی نەدەبووم، وەلی بەم دواییانە تێگەیشتم، هەڵبەت لە کاتی دانیشتنم لە نووسینگەی سەرۆکدا، لێی تێنەگەیشتم، بەڵکو تێگەیشتنی نەو گوتەیە، لە شەقامدا بوم هاتە پێش:



Scanned with CamScanner

نەوێ ڕۆژێ، پاش ڕۆژێکی پڕ لە ماندووبوو شەکەتی و هاواری سەرۆک بە ڕوومدا، لە ناو ئۆتۆمبێلەکەمدا بووم، چاوەڕێی ئامازەی سووری هاتوچۆم دەکرد، تا بە تیشکی سەوزی، سڵاوم لێ بکاتو بەرەو ماڵ، بگەڕێمەوە! لەو دەمەدا، شۆفێرێك كە ئۆتۆمبێلێکی داشقەی پێ بوو، هێندە کۆن بووبوو، وڕەوڕێ بزوێنەرەکەی، هەمووانی بێزار کردبوو، جامی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوەو قوتووە ساردییە بەتاڵەکەی، هەڵدایە سەر شەقامەکە! ئۆتۆمبێلێك لەو ئۆتۆمبێلە گەورەو گرانو دوابین تەرزانەی هەر لە خەونو بانگەشە بازرگانییەکاندا دەیبینین، لە پشتییەوە ڕاوەستا، لەو ئۆتۆمبێلە، پیاوێکی کەڵەگەتی شیکپۆشو لەشجوان دابەزی، ئەو پیاوە بە ڕەنگیدا دیاربوو، دەوڵەمەندو خوداپێداوە. ئەو دەوڵەمەندە بەرەو ئەو قوتووە ساردییەی فڕێدرا بووە ناوەڕاستی شەقامەکە، ڕۆیشت.. تا هەڵی بگرێتەوەو لە نزیکترین زبڵدانەدا دایبنێت، خۆ ئەو هەر شەقامەکە خاوێن ناکاتەوە! بەڵکو خزمەتێکیش بەو هەژارە دەکات، کە ئۆتۆمبێلێکی داشقەی هەیە!

ئەوە یەکەمجار بوو، لە ژیانمدا دەوڵەمەندێکی بێفیز ببینم، خزمەت بە هەژارێکی بەفیز بکات! کابرا هەژارەکەش لە ئۆتۆمبێلەکەی هاتە دەر، دەیویست بە کاکی دەوڵەمەند بگاتەوە، تا داوای لێبوردنی لێ بکات، بەڵام ڕووناکی سەوزی هاتوچۆ، هەڵبوو، هۆڕینی ئۆتۆمبیلەکانی دیکە، کردیان بە هەڵاڵ. ئیدی گەڕایەوە بۆ ناو ئۆتۆمبیلەکەی!

منیش ناگری ژانین لە دڵم بەربوو، وای لێکردم، بە ئۆتۆمێبلەکەم، بە شوێن دەوڵەمەندەکەمدا بڕۆم.. لەبەرچی؟ نازانم، ئایا لە ناوی دەپرسم؟! یان لێی دەپرسم: بۆ ئەوەت کرد؟ لەو دەمەدا کە بە شوێن دەوڵەمەندەکەمدا دەڕۆیشتم: ئاخۆ.. بۆچی.. کێ.. کەی؟؟؟ دەیان پرسیار بە مێشکمدا دەهاتو دەچوو، ئەمە ڕەنگدانەوەی چ بەهاو ڕەوشتێکە، لە ڕەفتاریدا؟! ئۆتۆمبێلەکە لە یەکێك لە گەڕەکە ناوازەکان نزیك کەوتەوە، لەبەردەم خانەباخێکدا ڕاوەستا، دەرگا ئەلیکترۆنییەکەی کرایەوەو ئۆتۆمبیلەکە چووە ژوورەوە، لەم دەمەدا زەق زەق، لەم دیمەنەم دەڕوانی.

چەند خولەکێك بە ڕاماوی مامەوە، لە خۆم نەدەپرسی.. چیم پێدەکرێت؟ بەڵکو لە خۆم دەپرسی: ئەو ڕازە چییە، هانی ئەو دەوڵەمەندەی داوە، تا پاشماوەی



Scanned with CamScanner

هەزارەکە، خاوێن بکاتەوە؟ نەخوازە منیش، کە ناوونابانگی دەوڵەمەندان، لەلام زۆر بەخراپ دەهاتە بەرچاو؛ چونکە زۆربەی ئەوانەی لەگەڵیاندا خوێندوومەو لەگەڵیاندا ژیاوم، لە چینی دەوڵەمەندەکان بوونو جیاوازو بەنازبەروەردەو بێزارکەرو هەستی پەستی دایدەگرتن! پێش ئەوەی بکەومە سەر ڕێ، سەرنجی ناوی خاوەن خانەباخەکەمدا، لە لای دەرگای دەرەوەی خانەباخەکە. بیووڕە.. ئەو ناوەی نووسرابوو.. یەکێك بوو لە هەرە دەوڵەمەندەکانی وڵاتەکەم، کە وابێت لەبەرچی نەم کارە دەکات؟! ئەم دەوڵەمەندە خودابێداوە، لەو دەوڵەمەندانەی پێشتر ناسیومن، زۆر ناوازەو جیاوازە.. بەو بەهاو ڕەوشتە تایبەتییانەی باوەڕی پێیان هەیە، جیا دەکرێتەوە.

ڕۆژی دواتر لە کۆمپانیاو لە نووسینگەی سەرۆك دانیشتم، چاوەڕێم دەکرد، تا جەنابی سەرۆك لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە ببڕێتەوە، کە لەگەڵ بانکێکی هەندەراندا ئەنجامی دەدا، هەڵبەت ئەمە سروشتی هەمیشەیی بوو، بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك بانگی دەکردم.. پەیوەندیی تەلەفۆنی بۆ دەهات، لەبیری دەچوومەوەو تا ئەو کاتەشی پەیوەندییەکەی تەواو دەکرد، دەبووم بە بەردێکی بێهەستو بێجوولە.

پێشتر نەهاتبووە پێش.. لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا، سەبارەت بە بابەتی بەدەر لە کار، بدوێم؛ چونکە تا بڵێی کەسێکی بەکارو بێکات بوو، لەبەر ئەمە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، پەیوەندیی پێمەوە، سنووری ئیشو کاری نەترازاندبوو. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی دوایی هاتو لەبارەی کاروبارەوە دەستمان بە وتووێژکرد.. پاشان داوای لێکردم بڕۆم، منیش لە جێی خۆم هەستام، کە دەستم خستە سەر دەسکی دەرگاکە، ئاوڕێکم بە لایدا دایەوە، ئەویش بە گومانو سەرسوڕمانەوە سەیری کردم، بێشەوەی زمانی خۆمم پێ زەوت بکرێت، ئەم پرسیارەم، هاتە سەر زار:

- ئاخۆ فلان کەسی فیسار کەس دەناسی (ناوی بازرگانەکەم هێنا)؟

هەردوو چاوانی، لەتاو تووڕەیی ئەبڵەق بوون، بەڕووگرژییەوە لێی ڕوانیم، بۆ ماوەیەکی زۆر لێی ڕوانیم، کۆتا گوتە، کە چاوەڕێم دەکرد، لە ژیانمدا بێتە پێش. هاتە سەر زاری، گوتی:

Scanned with CamScanner

- تۆ دەرگرایت، لەمڕۆ بەدواوە، نامەوێت جاوم بە ناوچاوت بکەوێتەوە.

نوورە بووم، بگرە ناگرم گرت، هەڵبەت لەبەرئەوە نا، کە لە کار وەدەرنرام! بەڵکو لەبەرئەوەی بەبێ هیچ هۆو گوناهێك، نانبڕاو کرام، بەبێ مۆڵەتی یەك ڕۆژیش! ناخۆ دەبێت چی لە قیستە مانگانەکانم بکەم؟ چۆن کارێکی نوێ بدۆزمەوە؟ چی لە گەڵمو پرۆژەی هاوسەرێتیی داهاتوو بکەم؟ هەر لەبەرئەوەی ناوی کابرایەکی نانانشنا بۆ من، بە زارمدا هاتووە، چۆن دەبێت وەدەربنرێم؟! پاشتر لە کۆمپانیا بە دڵێکی شکاوەوە لە کۆمپانیا هاتمەدەرو ئۆتۆمبێلەکەم هەڵکرد، وێڵو سەرگەردان بە ناو شەقامەکاندا ڕێم دەکرد، کەفوکوڵی تووڕەیی و پەستیشم، سەر ڕێژی دەکرد، لە پڕدا بینەوەی هەست بەخۆم بکەم، بینیم خۆمو ئۆتۆمبێلەکەم، بە ڕێگەیەکدا دەڕۆین، بەرەو ماڵی ئەو دەوڵەمەندە خوداپێداوە دەچێت، ئەو کەسەی بوو بە مایەی دەردەسەریم، ئەو کەسەی سەرچاوەی ئەو کارەساتە جەرگبڕە بوو، ئۆتۆمبێلەکەم لەبەردەم دەرگای گەراجەکەدا ڕاگرت، بەدڵی پڕ لە قینەوە، پەنجەم خستەسەر سویچی زەنگەکەو زیاتر لە خولەکێك بەردەوام بووم، دەستم لەسەری هەڵنەگرت، تا کوڵی دڵم دامرکا، دەنگی زەنگی ئەو ماڵە، بەو کۆڵانە هێمنو زەنگینەدا پەخش بووەوە، وردە وردە ڕوخساری خزمەتکارەکان لە پەنجەرەکانەوە دەردەکەوتن، تا بزانن ئەوە کێیە، سنگی خۆی دەردەپەڕێنێتو هێوری ئەم گەرەکە ناوازەو زەنگینە دەزڕێنێت؟! ئیدی لەو دیوەوە، گوێم لە تەقەی پێی یەکێك بوو، بەرەو دەرگاکە دەهات! پاشان گەرامەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەمو چاوەڕێم کرد، پاش کەمێك، خزمەتکارێك لە ماڵ هاتەدەرو بەتووڕەییەوە، دوو سێ جار، دەستی بە جامی ئۆتۆمبیلەکەدا کێشا، جامەکەم کردەوەو بەتووڕەییەوە گوتم: خاوەنی ئەم ماڵە لە کوێیە؟ ئەویش بەقێزوبێزێکەوە، لێی ڕوانیمو گوتی: کاکە بڕۆ، دەنگە دەنگ مەکە، تۆزێکی دیکە دێتەوە بۆ ماڵ.. دیسان پێت دەڵێم: بڕۆ.. گرفت بۆ منو بۆ خۆشت مەسازێنە..

هێشتا بەتەواوەتی قسەکانی تەواو نەکردبوو، ئۆتۆمبێلی خاوەنماڵم دی، لە پشتمەوە ڕاوەستا.. خێرا خزمەتکارەکە، بەرەو پیری چوو، ڕاپۆرتێکی خێرای پێدا، کابراش بە هەمان ئەو شانوشەوکەتەی، بۆ قوتووە ساردییەکە دابەزی، دابەزی..

Scanned with CamScanner

چەند هەنگاوێکی نەڕۆ لەسەرخۆی ناو هاتە لای جامسی ئۆتۆمبێلەکەو زۆر بەڕێزانە سڵاوی لێکردو گوتی: بڕاگیان.. چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

لەم ساتەدا، لە گیژاوی بێناگایی و بەڵای دڵگوتم بەناگا هاتمەوە، لە خۆم پرسی، لێرەدا چی دەکەم؟! چیم لەم پیاوە دەوێت؟! لەوەی ڕووی داوە، چ تاوانێکی هەیە؟ ئایا تاوانەکەی ئەوەیە کە ناویم لەپێش جەنابی سەرۆکدا هێناوە؟! خۆ ئەو داوای لێنەکردم ناوی بهێنم، دیارە هەر ناشمناسێت، کەچی منیش، بەوپەڕی ناشیرینییەوە، لەبەر دەروازەی مالیدا، بێزاری دەکەم، یان ڕێ لە چوونە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلەکەی دەگرم!

- کاکەگیان بفەرموو با بچینە ژوورەوە، چایەکت بۆ دەم بکەم ماندوێتی بەموێنێتەوە؟

ئای لە نەرمونیانی ئەوو تونديوتووڕەیی من! لە خەوی غەفڵەت بێداربوومەوە، داوای لێبوردنم لێ کرد، داوام لێ کرد جێی بهێڵم.. بەڵام پێداگری کردو گوتی: هەر دەبێت بفەرموێت بۆ ژوورەوە، بە پێشنیازەکەی ڕازیبووم.. هەرکە چوومە ژوورەوە.. چیم دی؟! کەلوپەلی نوێی ناوێزانو گونجاو لەگەڵ چەندان تابلۆی دانسقە، پاشان ڕێنوێنی کردم بۆ گۆشەی چانۆشین.. خانمە خزمەتکارێك پونگەی تەرۆتازەی هێنا، خۆی قۆریەکەی هێنا.. لە سەروبەندی چارەکە سەعاتی یەکەمدا.. خۆمم بینی وا لەبەردەم نەرمونیانیو خۆشەمەڵییەکەیدا، تێکدەشکێم، ئیدی دەستم بە گێڕانەوەی باسوخواسی خۆم کردو پێم گوت چۆن ناوی تۆ، نانبڕاوی کردم، خەندەیەك هاتە سەر لێوەو هەر بەخەندەوە لێی پرسیم: ناشێت لە کۆمپانیای..... کار بکەیت؟

- بەڵێ لەوێ کاردەکەم.. بەڵام چۆنت زانی؟

- تۆ سبەی بەیانی وەرە بۆ نووسینگەکەم، وا دانێ گرفتەکەت بە تەواوەتی چارەسەرباوە..

سبەی بەیانییەکەی.. چارەکێك پێش وادەکە، بە نووسینگەکەی گەیشتم، پاش چەند خولەکێکی کەم، بەژنوبالای ڕێکوپێکی دەرکەوتو بەڕێوەبەری دارایی کۆمپانیاکەی خۆیشی لەگەڵدا بوو، داوای لێکردم، هاوڕێیەتی بکەم.. چوویە ناو

Scanned with CamScanner

نۆتۆمبێلەکەیەوە دەرچووین، هەتا گەیشتین بە.. کۆمپانیا کۆنەکەم!

- دوێنێ بوو، لێرە وەدەرنرام.. ئەمڕۆکەش دەمگێڕیتەوە بۆی؟!

- من ناتگێڕمەوە.. پێم گوتی: مەپرسە! پەلەت نەبێت، زوو هۆکارەکەی دەزانی.

- تکات لێدەکەم.. مەبە بە مایەی گێڕانەوەم بۆ ئەم کارە..

- پێی گوتم: پەلەت نەبێت..

لە پاش چەند خولەکێک، چووینە ناو کۆمپانیاکەوە، کارمەندەکان تێکڕا، چاویان تێ برِیبووم، دیاربوو هەموان ئەم بارزگانەیان دەناسی، هەموو لایەکیش دەیانزانی، من کارمەندێکی ناساییم، چۆن دەگونجێت لەگەڵیدا بمو شانبەشانی بڕۆم، کاتێک جەنابی سەرۆک (ئەو کەسەی دوێنێ دەری کردبووم)، بە بزەی لێوو بەخێرهێنانی گەرمەوە، بۆ پێشوازیمان هات.. سەرسامیی هەموان بە لوتکە گەیشت. سەیرە.. تا دوێکە بوو، هەر لەبەرنەوەی ناوی ئەم دەوڵەمەندەی هاتە بەرگوێ، وەدەری نام.. ئێستەش بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە، سڵاوی لێ دەکات!!!

چووین بۆ ژووری کۆبوونەوە -کە پێشتر ڕێگەی نەدەدام بچمە ناوی- دیمانەکە بە باسوخواسی لاوەکی دەستی پێکرد، تا بەربەستی بێمتمانەیی پێ بشکێت.. هەر زوو زانیم، هەردوو لا لەسەر ژمارەیەک کەمکردنەوەی گەورە، شانەخڕێی یەکێبیان کردووەو لە هەمووشیاندا، پیاوە دەوڵەمەندەکە براوەبووە.. دوایین جاریش دوێ بەیانی بووە.. پاشان جەنابی سەرۆک گوتی: لە ناکامی کەمکردنەوەکان، زۆر سەرم سوڕماوە.. تاکە لێکدانەوەی گونجاویش - بە بۆچوونی ئەو - ئەوەیە: کەسێک زانیاریەکانی بۆ بەردی بەرامبەر دزە پێکردووە -بە لاچاوێکەوە سەیرێکی کردم- تا نرخو مەرجی کەمتر دابنێت.

دەوڵەمەندەکە بزەیەکی کردو داوای لە بەڕێوەبەرە دارایەکەی خۆی کرد، بابەتەکەیان زۆر بەڕوونی تێبگەیەنێت.. تا ڕاستگۆیو سەرڕاستی خۆی، بیسەلمێنێتو ئەوەش ڕوون بکاتەوە: بەرچاوتەنگیو فرتوفێڵ، لەم نێوەندەدا بوونی نییە. یەکسەر بەڕێوەبەری دارایی هەستاو بڕێک نووسراوی کۆمپانیاکەیانی دەرهێنا.. نهێنیی ئەو پەیوەندییە نایابەی خستە ڕوو، کە لەگەڵ بڕێک لە کارگەکانی ناسیادا هەیانە.. بەوەش توانیویانە ماددە سەرەکییەکانیان، بە هەرزانترین نرخ،

Scanned with CamScanner

دەست بکەوێت.. پاش ڕوونکردنەوەکە، شتێك ڕووی دا، کە زۆر پێم سەیر بوو.. بازرگانەکە پێشنیازێکی بۆ جەنابی سەرۆك کردو گوتی:

ڕاستییەکەی، نەم پرۆژانە زۆر گەورەن.. پێمان خۆشە، لە بازاڕدا کۆمەڵێك برابەشی باشمان هەبێت، تا پرۆژەکان لە کاتی خۆیاندا، ڕابپەڕێنین، لەبەرئەمە هیوادارم بواری هاوکاری هەبێت لە نێوانماندا، تا نەم کەمکردنەوەیەی کۆتایی جێبەجێ بکەین و قازانجەکان لە نێوانماندا دابەش بکەین..

جەنابی سەرۆك زەردەخەنەیەکی کردو دەستبەجێ بێدوودڵی ڕازیبوو.. پاشان بازرگانەکە گوتی:

- بەڵام بۆ تەواوبوونی برابەشییەکەمان، کۆتا مەرجم هەیە..

- سەرۆك گوتی: بەسەر سەرو بەسەر چاو.. فەرموو..

- دەمەوێت نەم کۆرە -نامازەیەکی بۆ من کرد- ببێت بە بەڕێوەبەری پرۆژەکە.. چی دەڵێن؟

سەرۆك بە خەندەیەکەوە گوتی: بە بڕوای من دەبێت ڕازی بم.. تا ئەو هەڵەیەم ڕەش بکەمەوەو قەرەبووی ئەو ناهەقییە بکەمەوە، کە لە هەقی ئەم لاومدا کردوومەو لە کارەکەی وەدەرم ناوە.

ئای خودایەگیان، تا دوێنی بوو لە کارێکی ئاسایی دەرکرام، ئەمڕۆش من بەڕێوەبەری پرۆژەیەکی گەورەم!

بیرم لە ئاکارجوانیی ئەم بازرگانە خوداپێداوە دەکردەوە.. ئەو پیاوێك بوو، ڕێزی خۆی دەگرتو ڕەوشتو بەهاکانی خۆی پێ بەنرخ بوو.. هەر لەبەرئەوە جیاوازی نەدەخستە نێوان داراو نەدار.. چونکە بیروباوەڕ هەر بیروباوەڕە، ڕێزگرتنیش هەر ڕێزگرتنە. ئەو دەمەشی لە پرۆژەکەدا کارم کرد، لەو پیاوە دەوڵەمەندە، چەندان هەڵوێستی مرۆڤانەم دی، کە لە باس نایەت.. سا لەبەرئەوە سوور بزانە.. دەروازەکانی چاکە، هەمیشە لەسەر پشتنو ڕێزیش درەختێکە، نەمامەکەی لە دڵو دەروونماندا دەڕوێنینو بەرهەمەکانیشی بۆ دەوروبەرمانە..

Scanned with CamScanner

سەرچاوەکان:

١- أراك على القمة

٢- قوة التفكير: إبراهيم الفقي

٣- هل فات الأوان؟

٤- باسل شيخو

٥- خلاصات: ژمارە/ ٣١٨

٦- فنون النجاح: الهادى المدرسى

٧- علاقات: ٢٨ - علاقات: ٥٣

٨- العادة الثامنة: ستيفن كوفى

٩- المختار الإدارى: ١٢١

١٠- روزهای زندگی: ٣٥٦

١١- فن إدارة المواقف

١٠- http://www.rahebienteha.blogfa.com

١١- www.persianrex.com

١٢- www.article.oxinads.com

١٣- www.rekaaz.com

Scanned with CamScanner

پێشەکی ٤
هەوێنی هیوا ٥
مۆمی هیوا ٧
تاقیگەکەی نەدیسۆن ٩
پەرداخێك شیر ١١
نیگایەکی میهرەبان ١٣
کامیان بەنرختره ١٥
میری میهرەبان ١٧
جۆن نامانجەکەت دیاری دەکەیت؟! ١٩
پێش بەڕێکەوتن.. نامانجەکەت دیاری بکە! ٢١
سێ خەڵاتی نایاب!!! ٢٣
بەردە گەورەکانی ژیانت کامانەن؟! ٢٦
بەربەستەکان بکە بە پەیژە! ٢٨
خەڵکی جۆن تۆ دەناسن؟! ٣٠
نەوەی لەناختدایە ٣٢
دەمەوێت موعجیزە بکەم!!! ٣٤
هێزی متمانەبەخۆبوون!! ٣٧
زەوییەك بە ئەندازەی پێستەی گایەك! ٤٠
تامی تاڵی ستەم! ٤٥
بەرگی بەردین! ٤٨
فڕینی شەهین ٥١
شیرو خەت!! ٥٤
هونەری هەڵگردن لەگەڵ گرفتەکاندا ٥٥
چون جیهان بە سەوزی دەبینیت؟ ٥٧
پیاوو کەڵەشێر ٥٩
نیسکێك مەکە بە گیسکێك!! ٦١
گاندۆ ٦٣
ئەمساڵ زستان زۆر سەخت دەبێت! ٦٥
مۆزی قەدەغە! ٦٧
لیرەی زێڕین! ٧٠
م د = مەردەز ٧٣
خەونو ڕاستی!!! ٧٥
زەویکێلان ٧٧
بەڵێنی کیسەڵەکان ٧٩
هێلکەی مریشك دەخۆیت، یان مراوی؟! ٨١
دوورگەی پێپەتیپەکان! ٨٣
پلانێك بۆ نەهێشتنتی پێبازاڕی ٨٥
کوتاڵفرۆش ٨٨
کرێارەکەت بناسە ٩٠
بایەخی کرێار ٩٢
چ کارەمەندێك زیادەیە؟! ٩٤
گەلی هۆشیار! ٩٦
د.محەممەد یونس دامەزرێنەری بانکی ٩٩
ڕاتان تاتا ١٠٤
چاکە ون نابێت! ١٠٧
دیاریی ناناشتا ١٠٩
ئەو دایکەی دنیای ڕووناك کردەوە ١١٢
کورتەنامەنارەدن ١١٥
داوای لێبوردن، جادوو دەکات! ١١٧
ناشتیی مال! ١٢٠
ملوانکەی مرواری! ١٢٣
هاوڕیی هەمیشەیی! ١٢٦
خێزانەکەی گوێی فۆرسە، یان .....؟ ١٢٩
بۆچی لە کاتی تووڕەبووندا، دەنگ ١٣١
بەرداخێك ئاوێت، یاخود دەریایەك ئاو؟! ١٣٣
هەر تۆ باپیرەت نییە! ١٣٥
کی زیرەکترە: ئێمە، یان حکوومەت؟ ١٣٧
مارو شمشاڵ! ١٤٠
نانبڕاوێك ١٤٤
سەرچاوەکان ١٥١

Scanned with CamScanner